# بابەتی یاساو کریمینۆلۆژی Law and Criminology




١. گەنج لە نێوان ماف و ئەرک و کێشەدا
٢. گومانلێکراوە بێدەسەلاتەکان
٣. گەندەڵی و ئێمەی کورد...
٤. کریمینۆلۆژی چییە؟
٥. ڕەیپ دەستدرێژییە بۆ سەر شەرەفی پیاوو بنەماڵە یان گەورەترین تاوانە بەرانبەر قوربانییەکە؟
٦. ئایا کرۆمۆسۆمی تاوانبارەکان جیاوازە لە هی خەڵکی تر؟
٧. ئایا زیندان باشترین چارەسەرە بۆ بەرگرتن لە تاوان؟
٨. ڕەگەزو تاوان: ئایا ژنان کەمتر لە پیاوان  تاوان ئەنجامدەدەن؟
٩. بەریتانیا تا ئەمڕۆ دەستوری نییە!
١٠. تاوانە یەخە سپییەکان: تاوانی دەسەلاتداران و دەوڵەمەندان


## گەنج لە نێوان ماف و ئەرک و کێشەدا... عەتا مەلا کەریم- بەریتانیا

هەر کاتێک ناوی گەنج دێت سەربزێوی و سەرکەشی و کێشەو گرفتیشی لەگەڵدا باس دەکرێت وەک بەشێکی لێکجیانەکراوەو سەرەکی ئەو قۆناغە. هەندێک کەس لەو باوەڕەدان کە بزێوی و کێشەی گەنج شتێکی نوێیەو هەندێکی دیکەش لەو باوەڕەدان کە هەمیشە هەر هەبووە. میدیاکان وا باسی گەنجان دەکەن وەک کەسانێک بن کە بیانەوێت ئاژاوە بنێنەوەو ژیانی خەڵک تێکبدەن و هەرچییەکیان بەر هەوێڵ بکەوێت تێکوپێکی بدەن و تێکی بشکێنن. ئایا ئەو گەنجانە بەڕاستی تێکدەرو ئاژاوەگێڕن یان ئەو بزێوی و سەرکەشییەیان هەر بەشێکە لە چالاکی ڕۆژانەی قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانیان و پێویستە ڕێکوپێک بکرێت و ڕێکبخرێت و بەرەو ئامانجی بەسوود ئاراستە بکرێت؛ بەجۆرێک کە هەم خزمەتی گەنجان بکات و هەم خزمەتی کۆمەڵگا. ئایا ئەو سەرپێچی و تاوانانەی کە گەورەکان ئەنجامی دەدەن زۆر گەورەترو ترسناکترنین لە کارەکانی گەنجان؟ ئایا گەنجان زیاتر قوربانیی تاوانن یان تاوانبار؟

گەنجان لە کوردستان ئێستا لە قۆناغێکدان کە زۆر جیاوازە لە سەردەمانی ڕابوردوو. هیچ قۆناغێک لە قۆناغی پێش خۆی ناچێت و هیچ نەوەیەکیش دەقاودەق وەک نەوەی پێش خۆی نییە. ئەمە ڕاستییەکی نەک هەر حاشا هەڵنەگرە بەڵکو وەک مانگی هەڵهاتوو دیارەو پێویست بە پەنجە ڕاکێشان ناکات. بەڵام ئەوەی کە تایبەتە بە کوردستان و بەم قۆناغەی ئەمڕۆی گەنجان، ئەوە زیاتر پێویستی بە لێتۆژینەوەو قسەوباس هەیە.

گەنجانی کوردستان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بەعسدا لە بارێکی ئێجگار سەختدا گوزەرانیان دەکرد. زیاتر لە هەر چین و توێژێکی دیکە باری سەختی نیرەکە لەسەر شانی ئەوان بوو. دەکران بە سەرباز، هەڵدەهاتن و دەگیران ، دەبوونە پێشمەرگە و شاخەو شاخ و گەرماو سەرماو شەڕی لابەلاو لنگەوقوچ. لە خۆپیشانداندا بەشداریان دەکردو تووشی ڕاوەدونان و گرتن و ئەشکەنجە و هەڵواسین دەبوون. لەو قۆناغەدا ئازاترین و قارەمانترین گەنج ئەو کەسە بوو کە لە سەردیوار شتی دەنووسی دژی ڕژێم، کە بەشداری خۆپیشاندانی دەکرد، کە دەچوو دەبوو بە پێشمەرگە یان کارئاسانی بۆ پێشمەرگە دەکرد، کە دەبوو بە ڕێخستنی ناوشار و هتد...

دوای ڕاپەڕین دەبوایە هەلومەرجەکە بە تەواوی بگۆڕایە. ڕاستە بە شەوو ڕۆژێک نا بەڵام وورده وورده بەرەو باشتر بچوایەو هەوڵبدرایە تواناکانی گەنجان بەرەو ئامانجی بەرزو بەرهەمدار ئاراستە بکرایە. هەوڵبدرایە ئەو ووزەو سەربزێوی و سەرکەشییە گەنجانەو مێردمنالانەیەی کە لە هەناوی گەنجاندایە بەرەو چالاکی بەرهەمدار ئاراستە بکرایە وەک وەرزش، یارمەتیدانی یەکتر، کاری فریاگوزاری، کاری خۆبەخشی، چالاکی دەرەوەی ماڵی وەک خێوەتگاو چالاکییە سەرچڵییەکانی دەشتودەرو هتد...

بەداخەوە باری ناهەمواری شەڕی ناوخۆو، هەموو ئەو هەلومەرجانەی کە بەسەر ئەو هەرێمە هاتن و لەشوێنی دیکەدا زۆر باسیان کراوەو پێویست ناکات من لێرەدا هێندەیان لەسەر بڕۆم، کارێکی ئەوتۆیان کرد کە گەنج هەر بەرەو چەکداری و کوشتن و شاخەوشاخ یان ڕاستر بڵێین کۆڵانەوکۆڵان هانبدرێت و درێژە بەو ئاراستەیە بدرێت کە پێشتر وەک پێویستی قۆناغێکی مێژوویی گیرابوەبەر. لەبەرانبەر ئەو هەلومەرجەدا ژمارەیەک لە گەنجان تەسلیمی ئەو بارە بوون، جا ئیتر لەبەر هۆکاری ئابوری بێت یان هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەیی وەک بەشێکی جیانەکراوە لە هەلومەرجی گۆڕانی جەستەیی گەنجان لە قۆناغی مێردمناڵیداو ئارەزوی سەرکەشی و سەرسەختی و بەشداریکردن لە چالاکییە توندوتیژو توندڕەوانەکاندا. هەندێکی دیکەش بەشێوازی جیاجیا لەو هەلومەرجە یاخی بوون؛ ئیتر بە گەشتکردن بێت بەرەو تاراوگە یان بە شداریکردن بێت لە چالاکی و بزاڤی جیاوازدا.
بۆ ئەوەی لەو هەلومەرجەی ئێستای گەنجان تێبگەین پێویستە لە هەلومەرجی گەنج تێبگەین لەسەر ئاستی جیهانی و سەرنج بدەینە تێگەیشتنی خەڵکانی دیکە بۆ گەنج لە قۆناغە مێژوویە جیاوازەکاندا.

منالّی و مێردمناڵی و گەنجی وەک قۆناغی دیاریکراوو چەسپاو لەسەر ئاستی جیهانی نەناسراون، بەڵکو ئەو دەستەواژانە دەستەواژەی هەڵهێنجراوی کۆمەڵایەتین و کۆمەڵگا لە قۆناغە جیاجیاکاندا دروستیکردون. [Muncie,2004:55, Springhall, 1986] لە هەمانکاتدا (Newburn,2002:531) لەو باوەڕەدایە کە 'گەنج بیرۆکەیەکی لاستیکییە' ماناکەی لە کات، شوێن و مەبەستە جیاجیاکاندا جیاوازە. لە زمانی ئینگلیزیدا ووشەکانی مناڵ و گەورە بەتەواوی لەیەک جیاوازن بەڵام ووشەی گەنج (Youth) خاوەنی پێناسێکی وەها دیاریکراوو کۆنکرێت نییە کە ئەو قۆناغە بە ڕوونی سنوردار بکات و جیایبکاتەوە. [Springhall, 1983-4:20] (Aries,1962:28) جەخت لەسەر قسەکانی ئەوان دەکاتەوەو دەڵێت کە لە چاخەکانی ناوەندا گەلێک زمان تەنانەت ووشەی تایبەتیان نەبووە کە جیاوازی بکات لەنێوان کۆرپەلە و گەنج و گەورەدا. لەو سەردەمانەدا مناڵ بەشێوەیەکی گشتی فەرامۆش کرابوون و وەک شتی کەمبایەخ و بچوک چاویانلێدەکرا. بەڵام نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کاتێک هەڵەیەک یان تاوانێکیان دەکرد نەک هەر وەک گەورە بەڵکو زۆر لە گەورە توندتر مامەڵەیان لەگەڵدەکرا. لە بەریتانیا تەنها لە یەک ڕۆژدا لە ساڵی ١٨١٤دا پێنج مناڵ لە نێوان تەمەنی ٨-١٢ ساڵدا لەسەر دزی بچوک و کەمبایەخ لەسێدارە دراون. [Pinchbeck & Hewitt, 1973:352 cited in Muncie, 2004:55] Pollock (1983) دەڵێت کە هەمیشە بیرۆکەیەک دەربارەی قۆناغی مناڵی هەبووە، بەڵام مناڵی وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە خودی خۆیدا هەرگیز نەبووە. [Muncie, 2004:53]

پەیوەندی نێوان گەنج و تاوان هێندە باوە کە کارێکی ئەوتۆی کردووە زۆر کەس گەنج و تاوان بە دوو شتی لێکجیانەکراوە بزانن. [Muncie, 2004:2] کۆمەڵگا بیرۆکەیەکی خراپی هەیە لەسەر گەنجان و ئەم بیرۆکەیەش لەلایەن میدیاکان و سیاسەتمەداران و نوسەرانەوە زیاتر پشتگیری دەکرێت و جەختی دەکرێتەوە سەر. Muncie (1997) دەڵێت کە گەنجان دەبێت بەشێوەیەک تەماشا بکرێن کە ئەوانە هەڵگری هەر ئەگەرێکی باش و پۆزەتیف و داهێنەرانەن بۆ داهاتومان، بەڵام بەداخەوە تەنها وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ناویان دەبرێت. ئەم تێڕوانینە نێگەتیفە بۆ گەنجان کارێکی ئەوتۆی کردووە کە ئەو ژمارە کەمەی گەنجان کە کاری سەرکەشی و بزێوی یان تاوان ئەنجام دەدەن و دەکەونە دەست پۆلیس و دەزگا دادوەرییەکان وەک ئامانجێکی یاسایی و شەرعی جێبەجێکردنی سەخترین و توندترین سزا تەماشابکرێن. [Haines et al. Drakeford, 1998: 1] (1996) جەخت لەسەر ئەو بیروڕایە دەکەنەوەو دەڵێن کە بیرۆکەی باو لە ئەمریکاو بەریتانیا ئەوەیە کە گەنجان ڕۆژ بە ڕۆژ خویان شەڕ دەبێت. دیارە ئەم بیرۆکەیە دەتوانین بڵێین ئێستا لەسەرتاسەری جیهاندا وایە و خەڵکی لە هەموو شوێنێک تێڕوانینێکی نێگەتیفانەیان هەیە بۆ گەنجان.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرپێچی توندوتیژانەی گەنجان هەمیشە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گەورە بووە لەوەندەدا کە پەیوەندی بە هەڵسوکەوتی گەنجانەوە هەیە. [Pearson, 1983, Davies & Pearson 1999, cited in Estrada, 2001: 639] لەڕاستیدا وەک Pearson (1983, 1985, and 1993-4) دەڵێت گلەیی و گازەندە لە سەرپێچی گەنجان هەر لەسەدەی حەڤدەهەمەوە هەبوە. گەنجان وەک سەرچاوەی ترس و تۆقین سەیریان دەکرێت. قسەکردن لەسەر ئەو گەنجانەی کە کۆنترۆڵ ناکرێن، کە نازانن چۆن هەڵسوکەوت دەکەن، کە ڕێزی گەورە ناگرن دەکرێت لە ئەدەبیاتی نوسراوی هەموو سەردەمە مێژوییەکاندا ببینرێتەوە. زۆر کەس لەوباوەڕەدان کە سەرپێچی وسەرکەشی گەنجان کێشەیەکی ئاشکراو ڕوونەو بەڵگەشیان پێیە کە پشتگیری قسەکانیان دەکات:

" لەسەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ کانەوە وتوندوتیژی گەنجان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو دە وڵاتی ئەوروپیدا بەشێوەیکی بەرچاو زیادیکردووە... لە زۆر لەو وڵاتانەدا ڕێژەی توندوتیژی گەنجان سەرکەوتوە لە کاتێکدا کە ڕێژەی تاوانی گەنجان یان لە ئاستێکدا سەقامگیر بووە یان کەمێک دابەزیوە." [Pfeiffer, 1998: 255]

بەڵام نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە ئەو خەملاندنانە پشتیان بەستووە بە ئامارە دەوڵەتیە ڕەسمییەکان و لەبەر ئەوە دەبێت بە گومانەوە بڕوانینە ڕاستی و جێگای متمانە بوونیان. Estrada (2001:644-5) دەڵێت کە پشت بەستن بەو ئامارانەی کە تایبەتن بە تاوانی کوشندە زیاتر جێگای متمانەیە، چونکە ئەو جۆرە تاوانانە زیاتر دەسەڵاتدارانی لێئاگادار دەکرێتەوەو شاردنەوەیان سەختە. بەگوێرەی ئەو ئامارانە لە ساڵانی حەفتاکانەوە (دیارە لەو وڵاتانەی کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا) توندوتیژی سەخت و توندوتیژییەک کە ببێتە هۆی مردن زیادی نەکردووە، لەو شوێنەدا کە پەیوەندی بە گەنجانەوە هەیە؛ چ وەک ئەنجامدەری تاوان یان وەک قوربانی تاوان. لێرەدا دەتوانین بڵێین کە ئامارە ڕەسمییە دەوڵەتییەکان جێگای متمانەو باوەڕ نین چونکە زۆر هەستیارن و بەگوێرەی گۆڕانکاری لە یاسادانان و چالاکبوونی پۆلیس و زیادبوونی ئاگادارکردنەوەی پۆلیس لە ڕودانی تاوان لەلایەن هاوڵاتیانەوە دەگۆڕێن. لەوەندەدا کە پەیوەندی بە گەنجانەوە هەیە Muncie (2004:40) دەڵێت کە "میدیاکان و ئامارە ڕەسمییە دەوڵەتییەکان کە سەرچاوەی سەرەکی زانیاری دەربارەی تاوان و سەرپێچی گەنجانن پێکهاتەی کۆمەڵایەتین و ئەوان خەڵکانێکی دیاریکراو وەک تاوانباران دەستنیشان دەکەن و دەستەو تاقمی دیاریکراو وەک گروپی تاوانباران ناوزەد دەکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەمترین شتمان پێدەڵێن دەربارەی تاوان لە خودی خۆیدا." واتە ئەوان پەلەیانە کە دەستەو گروپی وەک گەنجان، هەژاران،

لادێیەکان، ئاوارەکان، قەرەچەکان...هتد وەک گروپی ئەنجامدەری تاوان دەستنیشان بکەن، بەڵام بۆمان ڕوون ناکەنەوە کە مەبەستیان لە تاوان چییە و زۆر بە کەمی باسی تاوانە شاراوەکان دەکەن. (دواتر زیاتر دێینە سەر تاوانە شاراوەکان)

لە سەدەکانی ناوەندیدا خەڵکی هەر خەمی گوناهیان بوو. ئەوە گوناهەو فلانەکەس گوناهی ئەنجامداوە. بەڵام لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ئەو مەسەلەیە گۆڕا بۆ ترس و دڵەڕاوکە لە چینی کرێکاران و هەژاران، بەتایبەتی گەنجەکانیان. گەنجان وەک کەسانێک دەرکەوتن کە پێویستیان بە ' ڕێنومایی ئەدگاری' و ' ڕێوشوێنی شارستانیانە' هەبێت. [Muncie, 2004: 58] دەتوانین بڵێین کە شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر دەرکەوتنی گەنجان لەو وڵاتەدا چ وەک کێشە و سەرپێچی یان وەک ماف و ئەرک.

لە سەدەی حەڤدەهەمدا سیستمی شاگردێتی برەوی هەبوو. واتە گەنجان لە تەمەنی مێردمناڵییەوە دەنێردرانە لای وەستا تا فێری پیشە ببن و ببنە پیاو! ئەم سیستمە ئێستاش لە زۆر شوێن هەر برەوی هەیە بە کوردستانی لای خۆیشمانەوە؛ بەڵام لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا بەشێوەیەکی سیستماتیک و ڕێکوپێک و ئەکادیمیانە ڕێکخراوەو خوێندکاران دەتوانن وەک بەشێکی تایبەتی خوێندن کەڵکی لێوەربگرن. شاگردێتی خۆی لە خۆیدا، وەک Smith (1973) دەڵێت خاوەنی شێوە سەربەخۆیی و کولتورو پاڵەوان و هەستی برایانەو ئارەزوی پشتگیری یەکتری تایبەتی خۆی بوو. کاتێک کە پێویستی کاری بەردەوام و ڕێکوپێک و بە کۆمەڵ وەک پێویستی گەشەکردنی سەرمایەداری هاتە پێشەوە کاری بچوک و دوکانی بچوک وورده وورده کەمی کردو بەرەو لەناوچوون چوو. کاتێک شاگردەکانی دوێنێ لە دەست کۆنترۆڵ و چەپۆکی وەستا ڕزگاریان بوو، بوون بە کرێکاری ئازاد؛ ئیتر وەک تەمەڵ و بێگوێ و توندوتیژ و تا ڕادەیەکیش بەرەڵڵا چاویانلێدەکرا. [Muncie, 2004: 65] ئا لێرەوە وورده وورده گەنج و مناڵ وەک بوونی سەربەخۆو جیاواز لە گەورە دانیانپێدانرا. [Newburn, 2002:532] کۆمەڵگا دەرکی بەو ڕاستییە کرد کە ئەوانیش بوونیان هەیە و مناڵ یان گەنج کەسێکی نەفام نییە کە پێویستی بەوە هەبێت بخرێتە ژێر ڕکێف و بەتوندوتیژی دیسپلین بدرێت. دەتوانین بڵێین لێرەوە گەنجان بواری سەرپێچی زیاتریشیان بۆ لواو کۆمەڵگاش زۆر بێبەزەییانە هەڵسوکەوتەکانی ئەوانی خستە ژێر چاودێرییەوە. لە ئینگلتەرە هەر لەساڵی ١٨١٠ەوە بانگەشەی ئەوە بەرز بوەوە کە سەرپێچی گەنجان دەبێت بە توندی سزا بدرێت نەک وەک شتێکی ئاسایی و سوک فەرامۆش بکرێت. لە هەمان کاتدا خێزانە کرێکارەکان چیتر نەیاندەتوانی کۆنترڵ بکەن بەسەر مناڵەکانیاندا چونکە ئەو مناڵانە ئیتر بووبوونە خاوەنی پارەی گیرفانی خۆیان و بەو پارەیە سەربەستیان لە دایکوباوکیان کڕی بوو. [Springhall, 1986] هەر بۆیە گەنجانی خێزانە کرێکارەکانی ناو شار دەستیان دایە ڕاکردن بەدوای هۆکارەکانی کاتبەسەربردن وەک قومارو یاری تۆپی پێ لەسەر شەقام و ناو کۆڵانەکاندا. ئەم چالاکیانە لە ئەنجامدا بوونە هۆی دروستبوونی توندوتیژی و پەرەسەندنی تاوان. [Muncie, 2004:67] دیارە ئەم مەسەلەیە لێرەدا زیاتر تایبەتە بە گەنجانی ئینگلتەرەوە لەو سەردەمەدا و ئێستاشی لەگەڵ بێت یاری تۆپی پێ لە ئینگلتەرە بەشێکە لە توندوتیژی. بەڵام ئەگەر سەرنجی باری ئێستای کوردستانیش بدەین دەبینین چۆن گەنجان کۆمەڵ کۆمەڵ لەو شوێنانە کۆدەبنەوە کە یارییە کۆمپیوتەرییەکانی تێدا دەکرێت وەک پلەیستەیشن. هەروەها ئەو برەوەی کە دوکانی ڤیدۆو ئەتاریش هەیانبوو لە قۆناغێکی دیاریکراودا ناکرێت لەبیربکرێت.

تا ئێرا هەر چاومان لەسەر گەنجانی کوڕی چینە هەژارەکانەو مەسەلەی کچان کەمتر باسدەکرێت. لەڕاستیدا لە قۆناغێکی وەهادا چ وەک ئینگلتەرەی ئەوسا یان کوردستانی دوای ڕاپەڕین مەسەلەی گەنجانی کچیش سەرهەڵدەدات و لێرەدا ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە گەنجانی کچ ئەگەر سەرپێچییەکیان لێ دەربکەوێت کە نەشاز بێت بە ڕوسم و دابونەریتی کۆمەڵگا ئەوا دووجار تاوانبار دەکرێن: یەکەم لەبەر ئەوەی یاسایان پێشێل

کردووەو دووەمیش لەبەر ئەوەی سەرپێچییان کردووە لە دابونەریتی کۆمەڵگای تایبەت بە ڕۆڵی مێینە. [Worrall, 1999] ئا لێرەوە دەردەکەوێت کە ڕوداوە مێژووی و کۆمەڵایەتییەکان سەرپێچییەکی دووفاقەیان بۆ کچانی گەنج دروستکردووە.

ئەو سەرسەختی و سەرپێچیانەی کە گەنجان ئەنجامی دەدەن زۆر کەم دێنە خانەی تاوانەوە. هیچ کارێک بە تاوان ناژمێردرێت هەر چەندە خراپ و ناچیزە دیاربێت ئەگەر لە یاسای ئەو وڵاتەدا کە تێیدا ڕوودەدات بە تاوان تۆمار نەکرابێت. [Michael & Adler, 1993, cited in Mucnie, 2004:39] لێرەدا پێویستە بڵێین ئەو شتانەی کە کۆمەڵگا قبوڵی نییەو یاساش قەدەغەی نەکردووە بە عەیبە دادەنرێن. (deviance) دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو کارانەی کە گەنجان ئەنجامی دەدەن و لەلایەن کۆمەڵگاوە ڕەتدەکرێنەوە لە ئەنجامی ئەوەوە ڕوودەدەن کە گەنجان بواری تەواویان نییە بۆ بەسەربردنی کات و سەرفکردنی ئەو ووزە لە بن نەهاتووەی کە لەناو دەرونیاندایە. یان ڕونتر بڵێین کاتێک هەموو دەرگا یاساییەکان داخران، دەرگا نایاساییەکان خۆیان دەکرێنەوە. بە دیوێکی دیکەدا، ئەو چالاکی و بزوتنانەی کە جاران لە گوند یان گەڕەکەکاندا تەنها بە سەرزەنشتێکی بچوک یان ئاگادارکردنەوەیەک یان هەڕەشەی ئاگادارکردنەوەی دایکوباوک چارەسەر دەکرا، ئێستا هەموو کەس سورە لەسەر ئەوەی کە پۆلیسی لێئاگادار بکرێتەوەو ئەو کەسە بەتوندی سزابدرێت. حکومەتیش بۆ ئەوەی کە بیسەلمێنێت هەیەو وەک کورد دەڵێت پۆلیس نەخەوتووە زۆر بەپەلەیە ئەو کارە ئەنجامبدات.

لەڕاستیدا گەنجان زیاتر ئەگەری ئەوەیان هەیە کە ببنە قوربانیی تاوان چ لەماڵەوەو چ لەدەرەوەی ماڵ، لەوەی خۆیان تاوانبار بن. منداڵان و گەنجان زۆر بەدەگمەن پۆلیس لە تاوانێک ئاگادار دەکەنەوە کە لە دژیان ئەنجامدرابێت و کاتێکیش کە ئەو کارە دەکەن کەمجارێک پۆلیس باوەڕیان پێدەکات. [Haines & Drakeford, 1998:21] هەمیشە میدیاکان، سیاسییەکان و نوسەرە ئەکادیمیەکان باسی تاوان و سەرپێچی گەنجان دەکەن بەڵام چاوپۆشی دەکەن لەو تاوانانەی کە بەرانبەر منداڵان و گەنجان ئەنجامدەدرێن ئەو تاوانانەش کە بە تاوانی دەسەڵاتداران و کاربەدەستان و دەوڵەمەندان ناسراون و دەیانخەنە ڕیزی تاوانە شاراوەکانەوە. [Furlong & Cartmel, 1997:93] ئەو تاوانانە زیاتر دەبنە هۆی زیانی کوشندەو گران وەک تاوانە دزێوە سیاسیەکان، شەڕ، قاچاخچێتی چەک، گەندەڵی، تەزویر، وتوندوتیژی و ئاژاوەی ناوماڵ و ئازاردانی منداڵ و تاوانە سێکسییەکان بەرانبەر ژنان و منداڵان. ئەم تاوانانە کەمتر لە ڕیزی تاواندا باسدەکرێن و کاتێکیش کە باسدەکرێن کەمتر سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشن. [Box, 1983; Cohen, 1993; Muncie & McLaughlin, 2001, cited in Muncie, 2004:41] ڕاپۆرتی جیهانی گەنجانی ساڵی ٢٠٠٣ دەڵێت گەنجان وەک سەرپێچیکەرو تاوانبار باسیان دەکرێت بەڵام لەڕاستیدا مێردمناڵان خۆیشیان قوربانیی تاوان و سەرپێچین. ئەو ڕاپۆرتە دواتر باسی ئەو تاوانانە دەکات کە منداڵان و گەنجان دەکەنە قوربانی وەک جەنگ، قاتوقڕی، دەرمان و مادەسڕکەرەکان، خواردنەوەی بێپەروای ئەلکهول، لێکدابڕانی خێزانەکان و جیابوونەوە، تەشەنەکردنی نەخۆشی HIV و ئایدز، کە زۆربەیان گەر نەڵێین هەموویان، لەلایەن گەورەکانەوە ئەنجامدەدرێن و تایبەتن بە گەورە. کەواتە ئێمەی گەورە، بە کار و کردارەکانمان یان بە کەمتەرخەمی و خەمساردیمان لە کارەکانماندا دەبینە بەرپرسی سەرەکی سەرپێچی گەنجان. (2004) .Haas, et al دەڵێن کە لێکدابڕان و هەڵوەشانەوەی خێزانەکان هۆکاری سەرەکی سەرپێچی و تاوانی گەنجانە. زانایانی سایکۆلۆژی و کریمینۆلۆژی سورن لەسەر ئەوەی کە بۆ منداڵ و مێردمناڵ کۆشی گەرم و پڕ ئەمەکی خێزانێکی بەختەوەرو سەقامگیر دەکەوێتە پێش هەر پێویستیەکی دیکەوە بۆ ئەوەی کە ببێتە کەسێکی تەندروست و خاوەن کەسایەتی خۆی؛ ئیتر گرنگ نییە ئەو خێزانە چەندە هەژارو کەمدەرامەتە یان دەوڵەمەندو خاوەن سەرمایەیە، چەندە خوێندەوارو ڕۆشنبیرە یان نەخوێندەوارو دەشتەکییە.

له کۆتایدا دەتوانین بڵێین کە گەنجان پێویستیان بە هاوکاری، یارمەتیدان و ئاراستەکردن هەیە نەک لۆمەو سەرزەنشت. ئێمەی گەورە لێپرسراوین بەرانبەر چاکەو خراپەی گەنجان و دەبێت لە سەردەمە جیاجیاکاندا شێوازی جیاواز پەیڕەو بکرێت بۆ بەرگرتن لە سەرپێچی و تاوانی گەنجان و کەڵک وەرگرتن لە ووزەو توانا نەبڕاوەکانیان. ئەگەر کۆمەڵگای کوردستان بیەوێت ببێتە کۆمەڵگایەکی تەندروست و هاوچەرخ و ژیاری، دەبێت بەر لە هەر کارێکی دیکە بیر لە ئەرک و مافەکانی گەنجان بکاتەوەو بیانکاتە دروستکەرانی پاشەڕۆژ و مافەکانیان دابین بکات بۆ ئەوەی بەرهەمی ئەرکەکانیان بچنێتەوە.

سەرچاوەکان:


Aries, P. (trans. Robert Baldick) (1962) *Centuries of childhood: A social history of family*. New York: Vintage Books.

Estrada, F. (2001) 'Juvenile Violence as a Social Problem: Trends, Media attention and Social Response', *British Journal of Criminology*, Vol.41 No. 4 PP. 639-655.

Furlong, A., & Cartmel, F. (1997) Young People and Socail Change. Buckingham: Open University Press.

Haines, K., & Drakeford, M. (1998) *Young People and Youth Justice*. Basingstoke: Palgrave.

Hass, et al. (2004) 'The impact of different family configurations on delinquency', British Journal of Criminology, Vol.44 No. PP. 520-532

Jenks, C. (1996) *Childhood*. London: Routledge.

King, P., & Noel, J. (1993) 'The origins of the problem of juvenile delinquency: The growth of juvenile prosecutions in London in the late 18th and late 19th Centuries', In *criminal Justice History*, Vol. 14, Westport: CT, Greenwood.

Muncie, J. (2004) *Youth & Crime*. 2nd edition. London: Sage.

Muncie, J. (1997) 'Investing in our Future', *Criminal Justice Matters*. No. 28 pp. 4-5.

Newburn, T. (2002) 'Young People, Crime, and Youth Justice', in Maguire et al. (Eds.) *The Oxford Handbook of Criminology*. 3rd Edition. Oxford: Oxford University Press.

Newburn, T., & Stanko, E. (eds.)(1994) *Just boys Doing Business*? London: Routledge.

Pfeiffer, C. (1998) 'Juvenile Crime and Violence in Europe', *Crime and Justice, A review of Research*, 23 PP. 255-328.

Scraton, P. (1997) 'Whose "Childhood"? What "Crisis"?', in Scraton, P. (ed.) *'Childhood' in 'Crisis'?* London: UCL Press.

Smith, S. (1973) 'The London apprentices as seventeenth century adolescents', *Past and Present*, No. 61, PP. 149-61.

Springhall, J. (1986) *Coming of Age: Adolescence in Britain*. London: Gill& MacMillan.

Springhall, J. (1983-4) 'The origins of adolescence', *Youth and Policy*. Vol. 2, No. 3, pp. 20-4.

Stenson, K., & Factor, F. (1995) 'Youth work, risk and crime prevention', *Youth and Policy*, PP. 1-15.

Wilkins, L. (1964) *Social Deviance*. London: Tavistock.

World Youth Report (2003) Chapter 7, *Juvenile Delinquency*. Available from: http://www.un.org/esa/socdev/unyin/wyr03.htm Accessed: 01 March, 07



لە ڕۆژنامەی خەبات و کڵاوڕۆژنەو کوردستان نێتدا بڵاوکراوەتەوە.

# گومانلێکراوه بێدهسهڵاتهکان ...      عهتا مهلا کهریم

"ئهگهر ١٠٠ تاوانبار به ئازادی بسوڕێنهوه لهوه باشتره که یهک بێتاوان له پشت شیشی پۆلاینی زیندانهوه یهخسیر بکرێت"
[ئادوهرێکی ئینگلیز]

که دێینه سهر باسی تاوان و سزاو ڕژێمی دادوهری ههموان چاومان لهسهر قوربانی تاوانه و کهس بیری ئهو گومانلێکراوانهی نییه که به تۆمهتی ئهنجامدانی تاوان ڕۆژانه له سهرتاسهری جیهاندا بهرهو بنکهکانی پۆلیس ڕاپێچ دهکرێن و لێپرسینهوهیان لهگهڵدا ئهنجامدهدرێت و ههندێک جار تاوانبار و ههندێک جاری دیکهش بێتاوان دهردهچن و ئازاد دهکرێن. ئهگهرچی ئهم مهسهلهیه له وڵات و سیستمه دادوهری و پۆلیسییه جیوازهکاندا جیاوازهو له زۆر شوێن به ئهشکهنجهو ئازاردان وا له کهسێک دهکهن دان به تاوانهکهیدا بنێت، یان تاوانێک بهسهر خۆیدا ساخبکاتهوه که ههر فریشی بهسهرییهوه نییه. له ههندێک شوێن کهسانی گومانلێکراو دهکرێت بۆ ماوهیهکی دیاریکراو ڕابگیرێن و ئهگهر لهو ماوهیهدا هیچ تاوانێکیان بهسهردا ساخنهبوهوه دهبێت ئازاد بکرێن، بهڵام له زۆر شوێن هێشتا خهڵک سهرنگون دهکرێن یان بۆ ماوهی زۆر له زینداندا دههێڵرێنهوه بهبێ ئهوهی که تاوانێکیان بهسهردا سهلمابێت.

مهسهلهیهکی کوردی ههیه دهڵێت: با قسهیهکیش بۆ دزهکه بکهین! ئهمه لهکاتێکدایه که ههموو کهس نهفرهت له دزهکه دهکات و هێرشی دهکاته سهر بێئهوهی کهس بیری بۆ ئهوه بچێت ئهو کهسه تا لهبهردهم دادگادا تاوانهکهی لهسهر نهسهلمێت هێشتا ههر بێتاوانه. ئێمه ڕۆژانه سهیری پهراوێزی ههواڵهکان دهکهین و دهبینین نوسراوه: ئهمڕۆ له بهغاو باقوبهو کهرکوک سهدان تیرۆریست دهستگیر کران، یهکسهر زۆر کهس دهڵێن دهستیان خۆش بێت و واچاکه ههموویان له جێدا گوللهباران بکرێن، بهبێ ئهوهی بیریان بۆ ئهوه بچێت که بپرسن چۆن زانیتان تیرۆریستن؟ ئهوانه گومانلێکراون و پێدهچێت زۆریان بێتاوان بن.

ئهوهی که پهیوهندی بهم باسه کورتهوه ههیه کێشهی ئهو گومانلێکراوانهیه که ناتوانن بهرگری لهخۆیان بکهن، یان بهخۆڕایی دان به ئهنجامدانی تاوانێکدا دهنێن که ئاگایان لێی نییه. ئهو گومانلێکراوانه کێن و چۆن دهتوانرێت بهرگرییان لێبکرێت یان به گوێرهی یاسا یارمهتیان بدرێت؟ بۆ ناتوانن بهرگری لهخۆیان بکهن؟ چۆن کهسێک دان به تاوانێکدا دهنێت که ئاگای لێی نهبێت؟

بۆ وهڵامی ئهم پرسیارانهو گهلێک پرسیاری دیکهش پێویسته به ووردی له کێشهی ئهو گومانلێکراوانه بکۆڵینهوه و هۆکارو زهمینهی بێدهسهڵاتبوونهکهیان بخهنه ڕوو.

ههموو کهس بێتاوانه ههتا تاوانێکی لهسهر دهسهلمێت. ئهم گوتاره زۆر سادهو ساکار دیاره و زۆربهی سیستمه دادوهرییهکانی جیهان به ڕاست بێت یان به درۆ دانی پێدا دهنێن. بهڵام که دێینه سهر بواری جێبهجێکردن و چهسپاندنی زۆر به کهمی کاری پێدهکرێت. له وڵاته پیشهسازییهکانی خۆرئاوادا زۆر جار باسی لهبارچونی داد (miscarriages of justice) دهکرێت که بریتییه له بێتاوان دهرچونی کهسێک که ساڵانێکی زۆره له زینداندا یهخسیر کراوه بههۆی دۆزینهوهی پشکنینێکی زانستییهوه که بێتاوانی ئهو کهسهی سهلماندووه له سهر ئهو تاوانه یان بههۆی دانپێدانانی کهسێکی دیکه لهسهر ئهو تاوانه و گهلێک هۆکاری دیکه که لێرهدا بواری باسکردنیان نییه... لهو وڵاتانهدا که به جیهانی سێ ناسراون کهمتر گوێ به پشکنینی تاقیگهیی دهدرێت و له زۆربهی وڵاتان ئهشکهنجهدان کارێکی ڕۆتینی و ساکاری ڕۆژانهیه له دهزگاکانی پۆلیس و ئاسایشدا و مافی مرۆڤ و بنهما دیموکراسییهکان بهتهوای خنکاون ( ئهگهرچی من لهو باوهڕهدام که مافی مرۆڤ و دیموکراسی چهمکی ڕهها نین و له هیچ شوێنێک به ڕههایی نهچهسپاون؛ بهڵام جیاوازییهکان ئاشکراو ڕوونن) لهکاتی

ڕژێمی سەدامدا لە ئێراق کابرایەکی ئینگلیز لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت باسی خراپی باری ژیانی کردبوو لە زیندانەکانی سەدامدا، بەڵام بە ویژدانەوە ووتبووی: زیندانەکانی ئێراق یەک شتیان زۆر باشە و ئەویش ئەوەیە خەڵک زۆر کەم لە زینداندا دەمێنێتەوە؛ یان هەڵدەواسرێت یان لە لێبوردنێکدا ئازاد دەبێت!

بێینە سەر باسی گومانلێکراوە بێدەسەڵاتەکان: ئەوانە ئەو کەسانەن کە یان بەهۆی کەمی تەمەنیانەوە یان بەهۆی ناکامڵی باری ئەقڵی و دەروونییانەوە بێدەسەلاتن و ناتوانن بە شێوەیەکی گونجاو وەڵامی پرسیار و لێکۆڵینەوەی پۆلیس بدەنەوەو زۆرجار دان بە تاوانێکدا دەنێن کە ئاگایان لێی نییە یان شتی سەیرو سەمەرە دەڵێن و پۆلیس دەخەنە گومانی ئەوەوە کە تاوانبارن. ئەو کەسانە پێدەچێت لەو پرسیارانە تێنەگەن کە پۆلیس ئاراستەیان دەکات و لە گرنگی و ماناو قورسایی تاوانەکە تێنگەن کە دراوەتە پاڵیان و نەزانن وەڵامەکانیان چەندە گرنگن لەسەر چارەنوسیان.

منداڵ بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی هەر کەسێکە کە لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵەوە بێت. ئەم تەمەنە پێدەچێت بۆ مەبەستی یاسایی لە دەوڵەتە جیاوازەکاندا جیاوازی هەبێت بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەردەبێت نزیک بێت لەو تەمەنەوە. جیا کردنەوەی منداڵ لە گەورە کارێکی ئەوەندە سەخت نییە و کارمەندانی پۆلیس دەتوانن ئەو کارە بکەن. بەڵام ئەوانەی کە باری دەرونی یان ئەقڵیان کامڵ نییە یان ڕادەی فێربونیان لاوازە (learning disability) زۆر نارەحەتە بۆ کارمەندێکی پۆلیس هەروا بە ئاسانی دەستنیشانیان بکات و هەڵیانبهاوێردێت.

لێرەدا پێویستە ئەوە بوترێت کە لێرەدا مەبەست لەو کەسانە نییە کە بەتەواوی کۆنترۆڵی خۆیان لەدەستداوە، چونکە لەو کاتەدا ئەو کەسە بەهیچ جۆرێک لێپرسراو نییە بەرانبەر هەڵسوکەوت و کردارەکانی و ئەرکی دەوڵەتە کە لە نەخۆشخانەی تایبەتدا سەرپەرشتی بکات. ئەگەرچی لە کۆندا ئەم جۆرە کەسانە لە زیندان یان شێتخانەدا یەخسیر دەکران. ئەو گومانلێکراوانەی کە لەبارەی ئەقڵی و فێربونەوە بە کەمئەندام دادەنرێن یان منداڵن پێدەچێت کارمەندی پۆلیس بخەنە گومانی ئەوەوە کە لە خۆیانەوە درۆ دەکەن و چیرۆکی درۆ دەهۆننەوە یان پێدەچێت وەڵامی نادروست بدەنەوە بەهۆی کەمی تەمەنیانەوە یان بەهۆی باری ئەقڵیانەوە. یاخود باری کەسێتیان بەو جۆرەیە کە هەر بۆ ئەوەی بەرەنگاری کەسێکی گەورە و پایە بەرز نەبنەوە و بەدرۆی نەخەنەوە وەڵامی پرسیارەکانی بە ئەرێ دەدەنەوە. [Fennell, 1994:57]

زۆربەی ئەو ئەو ئەدەبیاتانەی کە باسی لەبارچونی داد دەکەن باسی دادگاو بڕیاری دادگا دەکەن، کەمتر بیریان بۆ ئەوە دەچێت کە زۆربەی بڕیاری بنچینەیی لە بنکەی پۆلیسدا دەدرێت و ئەو ڕاستیە پشتگوێ دەخەن کە دانان بە تاواندا یان هاندانی کەسێک بۆ دانان بە تاواندا چەندە یەکلاکەرەوەیە لە هەر کێشەیەکی دادوەری تاواندا. [Dixon: 1999: 81] هەروەها زۆری کێشەی تاوان و گومانلێکراوان لە بنکەکانی پۆلیسداو ئەو شێوازی مامەڵەیەش کە پۆلیس لەگەڵ گومانلێکراواندا دەیگرێتە بەر وا دەکات کە ماف و گوزەرانی گومانلێکراوان بخرێنە دوای دواوەی لیستی کارەکانی پۆلیسەوە. [Maguire & Norris 1994:10] لەمکاتەدا پێویستی کەسێکی گەورەی گونجاو بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسە گومانلێکراوە وەک پێویستییەکی دادوەری دێتە ئاراوە.

ئەو کەسە 'گەورە گونجاوە' دەکرێت بۆ منداڵ دایک یان باوک، برا یان خوشکی گەورە، خزمێکی نزیک یان کارمەندێکی دەوڵەت بێت کە لەگەڵ منداڵان کاربکات و هیچ پەیوەندییەکی بە پۆلیسەوە نەبێت. بۆ ئەو کاسانەش کە لە بارەی دەرونی و ئەقڵییەوە کەمئەندامن ئەوا کەسێکی نزیکیان یان کارمەندێکی دەوڵەتی شارەزا لە بواری دەرونی و ئەقڵی و لاوازی فێربوندا دەکرێت یارمەتیان بدات. ئەرکی ئەو کەسە ئەوەیە کە کارێک بکات گومانلێکراوەکەو پۆلیس لەیەکتر تێبگەن و ئەو وەڵامەی کە ئەو کەسە دەیداتەوە پڕاوپڕ ئەو وەڵامە بێت کە خۆی دەیەوێت بیڵێت. لە ئینگلتەرە ئەرکی لێپرسراوی گرتوخانەی پۆلیسە کە هەر کات کەسێکی منداڵ وەک گومانلێکراو گەیشتە لایان یان گومانیان هەبوو کە گیراوێک لە بارەی دەرونی و ئەقڵییەوە کەمئەندامە یان لاوازی فێربوونی هەیە کەسێکی گەورەی گونجاو ئاگادار بکەنەوە کە لە کاتی لێپێچانەوەو چاوپێکەوتندا ئامادەبێت. ئەم مەسەلەیە لە یاسای Police and Criminal Evidence Act 1984 (PACE) Code of

practice C دا ڕوونکراوەتەوە. ئەگەرچی ئەو مەسەلەیە ئێستا لە ناو سیستمی دادوەری ئینگلیزیدا زۆر جێگای مشتومڕەو بەردەوام ڕەخنەی لێدەگیرێت و داوای چاکسازی دەکرێت، بەڵام مەبەستی ئەم باسە پێویستی بوونی سیستمێکی لەو شێوەیەیە و دوای ئەوە دەتوانین بێینە سەر کەموکوڕی و گیروگرفتەکانی. واتە ئێمە لێرەدا باس لە نەبوونی شتێک دەکەین نەک کەموکوڕی شتێکی بەرقەرار. ئەگەر بێینە سەر ووردەکارییەکانی ئەو بڕیارە و بڕیارە لاوەکییەکانی وەک ئەو کاتەی کە دەکرێت گومانلێکراوێکی بێدەسەلات بەبێ ئامادەبونی کەسێکی گەورەی گونجاو چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ساز بکرێت وەک لەکاتی بەپەلەو لەو کاتانەدا کە دواخستنی کێشەکە پێدەچێت زیانی گەورەی لێبکەوێتەوە یان تاوانبارانی دیکە کەڵک لەو کاتە وەربگرن یان زیان بە گومانلێکراوەکە خۆی یان قوربانیانی تاوانەکە بگات بەهۆی ئەو دواکەوتنەوە، لێرەدا پێویستی بە لێکدانەوەی زیاتر دەبێت و دەبێت وەک پرۆژە یاسایەک لقوپۆپی جیاجیای لێبێتەوەو هەموو لایەنەکانی بەرژەوەندی گشتی، بەرژەوەندی قوربانیانی تاوان و بەرژەوەندی گومانلێکراوانیشی تێدا ڕەچاو بکرێت.

زۆرجار کەسانی گەورە کە منداڵەکەیان لەلایەن پۆلیسەوە بە گومانی ئەنجامدانی تاوانێک گیراوە ئەوەندە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت ڕاستی بە پۆلیس بڵێت ئەو بۆ ڕازیکردنی دڵی دایکوباوکی و پۆلیسیش لە خۆیەوە درۆیەک لە دژی خۆی هەڵدەبەستێت. لێرەدا ئەرکی ئەو کەسە گەورە گونجاوە ئەوەیە کە ئامۆگاری ئەو منداڵە بکات و تێیبگەیەنێت کە پێویستە تەنها لەسەر ئەو شتانە ڕەزامەندی بنوێنێت کە لەسەدا سەد دڵنیایە ڕاست و دروستن و پێویستە بزانێت کە ئەو ئەرک و مافی هەیە. هەر گومانلێکراوێک ئەرکی ئەوەی لەسەرشانە کە بە ڕاستی وەڵامی پۆلیس بداتەوە بەڵام مافی ئەوەشی هەیە لەو شوێنەدا کە وا نییە بڵێت نەخێر و پۆلیس بە درۆ بخاتەوە.

لێرەدا کۆمەڵێک کێشە دێنە پێشەوە؛ ئەو کەسە کە بە کەسێکی گەورەی گونجاو دانراوە لەو کێشەیەدا تا چ ڕادەیەک بەرژەوەندی ئەو منداڵەی دەوێت؛ کێ دەڵێت کێشەکەی لەگەڵ ئەودا نییەو بەڵام منداڵەکە ناوێرێت یان ڕوی نایەت دەنگ بکات؛ کێ دەڵێت ئەو کەسە شارەزای ماف و ئەرکی خۆی و منداڵەکەیەو نابێت بە فشارێکی زیاتر لەسەر منداڵەکەو وای لێناکات کە خێرا کێشەکە بەسەر خۆیدا بسەلمێنێت و ئەمیش لەو عەیبەیە قوتاری ببێت کە گوایە منداڵەکەی هێناویەتیە سەر شانی! کێ ناڵێت ئەو کەسە گەورەیە خۆی کێشەی کەمئەندامی ئەقڵی و دەرونی نییە؟ ئەمانە و چەندەها کێشەی دیکە ئەگەری ئەوەیان هەیە سەرهەڵبدەن؛ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت نەبوونی ئەو سیستەمە باشترە بەڵکو هەر سیستمێکی زیندوو دەبێت بەردەوام پێیدابچێتەوە و کەڵک لە لایەنە لاوازو کەموکوڕییەکانی وەربگریت و بەردەوام بەرەو پێشی بەریت چونکە گەڕانەوە بەرەو دواوە مەحاڵە.

هەر گومانلێکراوێک کە دەگاتە بنکەی پۆلیس مافی ئەوەی هەیە کە داوای ڕێنومایی یاسایی بکات. ئەم مافە لە زۆر وڵاتدا چەسپاوەو لە زۆر شوێن بە خۆڕایی و لەسەر ئەرکی دەوڵەت پارێزەر بۆ ئەو کەسە دابین دەکرێت. بەڵام کەسێکی گومانلێکراوی بێدەسەلات چ منداڵ بێت یان کەمئەندامی ئەقڵی چۆن دەزانێت ئەو مافەی هەیە و چۆن لەو مەسەلەیە تێدەگات و چۆن متمانە بەو کەسە دەکات تا داوای ئامۆژگاری لێبکات. ئا لێرەدا بوونی کەسێکی گەورەی گونجاو پێویستیەکی ژیانییە.

پێویستە ئەو ڕاستیەش بوترێت کە کەسانی بیانی و نامۆ بەو وڵاتەی کە تێیدا دەستگیر دەکرێن هەمدیس پێویستیان بەوە هەیە کە بە زمانێک کە تێیدەگەن ئەرک و مافەکانیان بۆ ڕونبکێتەوە، واتە هیچ چاوپێکەوتن یان وەرەقە ئیمزاکردنێک بەبێ ئامادەبوونی وەرگێڕ ئەنجام نەدرێت. شایانی باسە زۆر لە پارێزەران لە ئینگلتەرە چونکە زۆر متمانە بە وەرگێڕی تایبەتی پۆلیس ناکەن کە بێلایەنانە کاری وەرگێڕان ئەنجام بدەن، وەرگێڕی تایبەتی خۆیان وەک چاودێر دەبەنە ژووری چاوپێکەوتنی پۆلیس؛ کە هەر نەبێت دەبێتە فشارێک لەسەر وەرگێڕی پۆلیس کە ئەو کارە بە بێلایەنانەو پاکی ئەنجام بدات. ئەم کارە ڕۆتینێکی یاساییە ئەگینا ئەگەری ناپاکی یان کەمتەرخەمی لەوکارەدا زۆر کەمە.

دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت کە هەموو گەورەیەک کەسێکی گەورەی گونجاو نییەو نایەوێت، یان ناتوانێت بەرژەوەندی ئەو کەسە بێدەسەڵاتە بپارێزێت. هەر بۆیە زۆر کەس لە شارەزایان پێیان باشە کە کەسانێکی

تایبەت بەو کارە لەلایەن دەوڵەتەوە دابمەزرێن و ڕاهێنانی پێویستیان پێبکرێت و لەکاتی پێویستدا لەگەڵ دایکوباوک یان کەسوکاری کەسی گومانلێکراودا ئامادەی چاوپێکەوتنی پۆلیس بن و لەوە دڵنیا بنەوە کە ئەو چاوپێکەوتنە بەبێ هیچ فشارێکی جەستەیی ودەرونی ئەنجامدراوەو ئەو کەسەش بەتەواوی لەو کێشەیە تێگەیشتووە کە لەسەری گیراوەو پرسیارەکان تێیگەیشتووە و وەڵامەکانی ئەوەن کە خۆی دەیەوێت و باوەڕی پێی هەیە.

Pierpoint (2006:219) دەڵێت کە باشترە ئەو کەسانە کە بۆ ئەو کارە دادەنرێن کەسانێکی خۆبەخش بن و کارمەندی دەوڵەت نەبن و بەتەواوی بەرگری لە بەرژەوەندی گشتی بکەن. لێرەدا ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئەگەر کارمەندی دەوڵەت بن ئەوا دەبنە بەشێک لە پۆلیس یان هەر نەبێت لە سیستمی دادوەری و بێلایەن نابن. ئامادەکردنی ئەو کەسە خۆبەخشانە لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاند کارێکی سەخت نییە و زۆر کەس ئامادەن بەو کارە هەستن؛ ئیتر وەک کارێکی خێرخوایی بێت لە کاتێکدا کە پیرو پەککەوتەن و توانای کاری دیکەیان نەماوە، یان بەهۆی هەر کەمئەندامییەکی جەستەییەوە توانای کاری دیکەیان نەبێت، یان وەک خۆ ڕاهێنانێک بۆ کارێکی دیکە کە پەیوەندی بەو مەسەلانەوە هەبێت، کە ئەمە وەک مەرجێکی خوێندن وایە بۆ زۆر لە خوێندکاران کە لەماوەی خوێندنیاندا لەو بوارانەدا کە دواتر دەیانەوێت کاری تێدا بکەن کاری خۆبەخشی ئەنجامبدەن و تەنها مەسرەفی هاتوچۆیان بۆ سەرف دەکرێت.

بێگومانم کە هەبوونی سیستمێکی لەو بابەتە لە کوردستاندا دەکرێت بەر لە زۆر کێشەی لەبارچونی داد بگرێت و زامنی داد بکات بۆ هەموان بە منداڵ و کەمئەندامانیشەوە. ئەگەرچی ئەم کارە پێچەوانەی ئەو پەندە کوردییە کە دەڵێت: قسە یان لە شێت وەربگرە یان لە منداڵ!

لێرەدا من دوو بەسەرهاتی کورت  لەسەر ئەزمونی کوردستان دەگێڕمەوە:

یەکەم: سوپای ئێراقی بە چەندەها فڕۆکەی هێلیکۆپتەر و سەربازێکی زۆرەوە لە پارەزان دابەزی بوون. خەڵکیان لەبەردەم ئاوایدا کۆمەڵ کردبوو ژن و منداڵ بە جیاو پیاو بە جیا. ئەفسەرێک پرسیاری لە قالە شێتی ڕەحمەتی دەکرد، کەسێکی خەڵکی گوندەکەش ووتی قوربان ئەوە شێتە. کابرای ئەفسەر ووتی دەزانم، ئێمە کەڵک لە قسەی شێت و منداڵ وەردەگرین. قالەش وەک کەسێک بڵێت من زۆر لە تۆ ئاقڵ ترم بە ئەفسەرەکەی ووت: موخەبەڵ، موخەبەڵ!

دووەم: کۆمەڵێک پێشمەرگە کەسێکیان گرتبوو بە گومانی سیخوڕی ڕژێم. دیارە ئەو کەسە یان لاوازی فێربوونی هەبوو یان کەمئەندامی ئەقڵی بوو. کە دەیانووت تۆ سیخوڕیت، دەیووت ئەرێ وەڵڵا. کە لەگەڵیدا هێواش دەبونەوە دەی ووت نەوەڵڵا، کاتێک کە خەریک بوون جارێکی دیکە بێنەوە وێزەی دەیووت بەرێ وەڵڵا.

لەناو پێشمەرگەکاندا کەسێکی ژیرو بەویژدانیان ووتبووی کاکە ئێوە ئەو کابراتانە کوشت، ئەمە چییە ئەرێ وەڵڵا، نەوەڵڵا بەرێوەڵڵا، وازی لێبێنن با بڕوات بەخوا تەڕەماشیش نییە.

سەرچاوەکان:


Dixon, D., (1999) ‘Police Investigative Procedures: Changing Legal and Political Contexts of Policing Practices.’ In Walker, C., & Starmer K. (eds.) *Miscarriages of Justice: A review of Justice in Error.* London: Blackstone Press Ltd.

Fennell, P. W. H., (1994) ‘Mentally Disordered Suspects in the Criminal Justice System’, *Journal of Law and Society*, Vol. 21, No. 1, the Royal Commission on Criminal Justice (March), pp. 57-71.

Maguire, M., & Norris, C. (1994) ‘Police investigations: Practice and malpractice,’ *Journal of Law & Society* (21) 72.
NACRO (1991) *Revolving Doors*. NACRO Publications.
Pierpoint, H. (2006) ‘Reconstructing the Role of the Appropriate Adult in England and Wales’, *Criminology and Criminal Justice,* vol. 6(2) 219-237 sage Publications.
*Police and Criminal Evidence Act 1984* (s.66 (PACE) *Code of practice C*. Home Office. Crown.
Available from:
http://police.homeoffice.gov.uk/news-and-publications/publication/operational-policing/PACECodeCH.pdf?view=Binary
Accessed: 28 Dec. 06
Zander, M. (1995) *The Police and Criminal Evidence Act 1984*. 3rd ed. London: Sweet& Maxwell.

له كوردستان نیّت و كلاّورِۆژنەدا بلاّوكراوەتەوە

# گەندەڵی و ئێمەی كورد...

ئەوانەی كە لە دژی درِندەكان دەجەنگن دەبێت زۆر وریا بن كە خۆیشیان نەبن بە درِندە.
Lou) Marinoff, The Big Questions)

گەندەڵی Corruption گەلێک شێوەو جۆری جیاوازی هەیە وەک گەندەڵی سیاسی، گەندەڵی ئابوری، گەندەڵی پۆلیس و دەزگا دەوڵەتییەكان و گەندەڵی كۆمپانیاو دامەزراوە گەورەكان كە بە تاوانی كۆمپانیاكان ناسراوە. لەم نێوەندەدا مەبەست لە گەندەڵی خراپبەكارهێنان یان قۆزتنەوەی هەلومەرج و خزمەتێكە كە لە بنەرِەتدا بۆ بەرژەوەندی گشتییە، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی تاكێک یان گروپێک كە وادەكات ئەو سەرمایەو داهاتەی كە موڵكی گشتییە ببێت بە دەستكەوتی تاكەكەس یان گروپێكی دیاریكراو یان پارتێكی سیاسی. یاخود ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی كە پێویستە لە خزمەتی بەرژەوەندی زۆربەی هەرە زۆری خەڵكدا بێت تەنها بۆ خزمەتی كەسێک یان كەسانێكی كەم هەڵدەسورِێت. لەپێناوی بەرژەوەندی تەسكی تاكەكەس، گروپ (كوتلە) یان پارتێكی سیاسیدا بەرژەوەندی گشتی ژێرپێ دەخرێت و لەوەش زیاتر خەڵكەكە دەكرێت بە سوتەمەنی بەرژەوەندی تەسكی ئەوان. یاخود ئەو پۆلیس و كارمەندانەی كە وەهایان لێچاوەرِوان دەكرێت كە پارێزەری بەرژەوەندی گشتی بن یاساو دەسەڵاتی خۆیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەقۆزنەوەو بەرتیل و واسیتەو خزمە خزمە دەچێتە جێگای یاساو سیستەم و دادو، بێدادی و پاشاگەردانی دروست دەبێت.

گەندەڵی تا رِادەیەک دەتوانیین بڵێین لە هەموو شوێنێک هەیە، واتە لەهەر شوێنێک مرۆڤ هەبێت بەرژەوەندی تایبەت و خۆپەرستی بەدی دەكرێت یان هەرنەبێت ناو بەناو سەرهەڵدەدات؛ بەگوێرەی ئەو هەلومەرجەی كە بۆیان رِەخساوە. لە وڵاتە خۆرئاواییە پێشكەوتووەكاندا میدیاكان وەک هەڵۆ بەدوای گەندەڵی دامودەزگا دەوڵەتیەكان، پارتە سیاسیەكان و كومپانیا گەورەكاندا دەگەرِێن و وەک دەڵێن كێچێک دەكرێتە گایەک. ئەمەش دیارە بەڵگەو سەلماندنی دەوێت و هەروا بە سادەیی ناتوانیت تاوان و لەكەی گەندەڵی بدەیتە پاڵ كەسێک یان پارتێک یان گروپێک. لێرەدا هەموو شتێک بەرەو رِوی دادگا دەبێتەوەو دادگاش دەبێت سەربەخۆو بێلایەن بێت. واتە كەسێكی سیاسی ناتوانێت بە دادگا بڵێت: ئاگات لێم بێت! یان بڵێت فلاّنە كەس سەر بە خۆمانە خاتری بگرە. پێویستە ئەوەش بوترێت كە خەڵكی ئەو وڵاتانەش ( یان رِونتر بڵێین بەریتانیا كە خۆم زیاتر ئاگادارم) وڵاتەكەی خۆیان بە شامی شەریف نازانن و بەردەوام گلەیی و رِەخنەیان هەیە لە سیستمی سیاسی و ئابوری دەوڵەتەكەیان و هەڵسوكەوتی كەسایەتییە سیاسییەكان. ئەمەش نیشانەی زیندویی ئەو كۆمەڵگایەیەو

نیشانەی هوشیاری خەڵکەکەیەتی کە نایانەوێت کەس بە گەندەڵی ببێت بە فیرعەون بەسەریانەوە. لەهەمانکاتیشدا نیشانەی سەروەری یاسایە کە بەڕاستی و بەبێ ئەملاو ئەولا دەبێت وا بێت ئەگینا ئەویش دەچێتە خانی گەندەڵییەوە، کە ئەمەیان پێدەچێت زۆر ترسناک بێت و وەک کورد دەڵێت: هەر شتێک نەمانەوێت بۆگەن بکات خوێی پێدەکەین، ئەی کە خوێ بۆگەنی کرد چی بکەین!؟ لەو ماوەیەدا کە من لە بەریتانیا دەژیم چەندەها جار گەندەڵی سیاسی و ئابوری ئاشکرا کراوەو لە میدیاکاندا بە دورودرێژی باسیانکراوە. کەسانی پایەبەرز دراونە دادگا وەک سەرەک وەزیران لەسەر خۆ کوشتنی زانایەکی بەرزی دەوڵەت بە هۆی جەنگی عێراق و مەسەلەی چەکە کۆکوژەکانەوە. خێزانی سەرەک وەزیران لەسەر کڕینی خانوو شوقە لە شاری بریستڵ و قایمقامی ئەو شارەی کە من لێی دەژیم لەسەر بازرگانی کردن کە لە ئەنجامدا لە پۆستەکەی لابرا هەروەها گەندەڵی سیستمی پەنابەری و کۆچ لە بەریتانیا کە هەتا ئێستا هێشتا لە لێکۆڵینەوەدایەو لەسەر ئەوە وەزیرێک و چەندەها کارمەندی پایە بەرزی دەوڵەت لە پۆستەکانیان لابراون...هتد ئەو کێشانە لەدادگادا بڕیاریان لەسەر دەدرێت و بڕیاری دادگاش تەنها بە دادگایەکی بەرزتر هەڵدەوەشێتەوە، ئەگینا یەکلاکەرەوەیە. پێویستیشە ئەوە بڵێین کە پیاوانی گەورەو دەسەڵاتدارو دەوڵەمەندە گەورەکان، لە هەموو شوێنێک، هەموو توانای ماڵی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ بەرگری لەخۆیان و باشترین پارێزەر دەگرن و باشترین بەرگری لەخۆیان دەکەن. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە لێرە خەڵکیی ناهێڵن کەس ببێتە فیرعەون بەسەریانەوەو کەس تا سەر بە خەستی نایخوات؛ بەڵکو لەزۆربەی باردا ئەو پارەو موڵک و سەرمایەیەی کە بەوجۆرە کۆی کردۆتەوە بە مۆڵی دەبێتە موڵکی دەوڵەت.

پێدەچێت گەندەڵی و تاوان بەگشتی لە وڵاتە پیشەسازییە گەورەکاندا خرابێتە ژێر کۆنترۆڵەوە و کاتێکیش ڕودەدات ئەوا میدیاکان وەک مژدەی قلیقۆچ دەیکەنە سەردێڕی هەواڵەکانیان؛ کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە شتێکی چاوەڕوانکراو نییەو خەڵک حەز بە بیستنی ئەو هەواڵە و ئاشکرابوونی ئەو تاوانە دەکەن و دەیدەنەوە بە بەرچاوی ئەو کەسانەدا کە لە هەڵبژاردندا متمانەی خۆیان داوە پێیان کە پێیان بڵێن: ئاها چۆنن! یان کەسانێکی چۆنتان لەنێودایە.

گەندەڵی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازەو ئێمە ناکرێت باسی هەموو گەندەڵییەکانی ئەم جیهانە پان و بەرینە بکەین. بەڵام دەتوانین بڵێین کە لەهەر شوێنێک ئارامی و سەقامگیری سیاسی و ئابوری هەبێت و دیموکراسییەت بەرقەرار بێت بەهەمان پێوودانگ گەندەڵیش کەمدەبێتەوە.

وەک لە ماڵپەڕو ڕۆژنامە ئەلکترۆنی و چاپکراوەکان و بەرنامە تەلەفیزیۆنییەکان و هەواڵ وباسی کوردستاندا دەردەکەوێت، لە کوردستان هەموو ئەو گەندەڵییانە بەدی دەکرێن، بە ڕێژەی جیاجیا. گەندەڵی لە کوردستان شتێکی نامۆ نییە، چونکە کوردستان هەرگیز دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نەبووە و هەمیشە لە پاشاگەردانی سیاسیدا بووە. ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەش کە کراون زۆربەیان تەمەنیان کورت بووەو ئەو کەسانەش کە بوونە کاربەدەست دوای نشوستی هێنانی بزوتنەوەکە ئەگەر وەک خەڵک دەڵێن خۆی پێ نەگرتبێت و گیرفانی خۆی پێ دەوڵەمەند نەکردبێت و کەسوکاری پێ مڕ نەکردبێت ئەوا تا ڕادەیەک بە گێل و بە ساویلکەو بە نەزان دراوەتە قەڵەم. نوسەری تورک عەزیز نەسین ئەڵێت: خەڵک ڕێزی ئەو کەسانە دەگرن کە پارەو سەرمایەیان هەیە، بەڵام هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە کە چۆنیان پەیدا کردووە.

لە کوردستان بە تایبەتی هەتا سەدام لەسەر حوکم مابوو، نە خەڵک و نە لێپرسراوە سیاسییەکان متمانەی تەواویان بەو هەلومەرجە نەبوو. بێجگە لە شەڕی ناوخۆی خوێناوی هەمیشە مۆتەکەی گەڕانەوەی بەعس و لەدەستچونی ئەو ئەزمونە؛ هەر وەک خۆمان ناومان ناوە! بەسەر سەرمانەوە بوو. زۆر کەس کە دەستی بگەیشتایەتە پلەیەکی لێپرسراوی هەر لەیەکەم ڕۆژەوە گەندەڵی دەکردە ئامانجی سەرەکی خۆی و پێدەچێت گەر وای نەکردایە مەترسی ئەوەی هەبوو کە لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە وەک نەزان و ناحاڵی چاوی لێکرایە. ئەو کەسە بە تەنها نەیدەتوانی هەڵبکات و یان وەک لای خۆمان دەڵێن بیخوات، دەبوایە سەر بە گروپێک (کوتلەیەک) بوایە و تا کوتلەکەی بەدەسەڵات ترو گەندەڵتر بوایە شوێنی ئەو چەسپاو ترو جێگیرتر دەبوو.

ئەمە بێجگە لە خەباتی پارتە سیاسییە جیاوازەکان بۆ بەدەستهێنانی هەرچی زیاتری پارە، چەک و خەڵک بۆ پارتەکەیان لە پێناوی پتەوکردنی بەرەی دژایەتی لایەنەکانی دیکە لە هەر شەڕێکی ناوخۆی چاوەڕوانکراودا.
ئەوەی کە زۆر جێگای سەرنجە لە دوای ڕوخانی سەدام و کپ بوونی شەڕی ناوخۆو ئەو هەموو ماوە دوورودرێژە لە گەندەڵی ئەو بەڕێزانە هەر تێریان نەخواردووە. ئەوانەی کە لە ساڵی ١٩٩٢دا دەیانووت: بردی، خواردی، هەمووی لەسەر خۆی و خزمەکانی تاپۆکرد... هتد ئێستاش لە ٢٠٠٦ دا هەر وایان پێدەڵێن. جا نازانم مەسەلەکە ئەوەیە کە تێر ناخۆن، یان کوتلەی بەرانبەر بۆ شاردنەوەی گەندەڵییە گەورەترە سیاسی و کارگێڕی و ئابورییەکانی خۆیان مەسەلەکەیان لەسەر دەوروژێنن و خەڵکەکەش هەر بەوان دەوێرێت یان هۆکاری دیکەی هەیە. ئایا ئەو پارت یان لایەنە سیاسییە ئەگەر تا بینەقاقای لە گەندەڵیدا نوقوم نەبوبێت یان ئەگەر ئەو کەسە گەندەڵە گەندەڵی گەورەتری بۆ حەشار نەدابن چۆن لێی قبوڵ دەکەن و ناووناوبانگی خۆیانی پێدەزرێنن.
گەلی کورد پێدەچێت یەکەم نەتەوە بێت لە جیهاندا کە زۆرترین قوربانی دابێت لەپێناوی ئازادیدا، گەلێکە تاڵاوی ئەنفال و کیمیاوی و هەرچی زوڵم و ستەمە لە دەرونیدایە. ئەو زوڵم و ستەمەی کە ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا کردویەتی بێوێنەیە، بەشی دەیان نامەی ماستەرو دوکتۆرا دەکات. توێژینەوەی تێرو تەسەلی پێویستەو دەکرێت بکرێتە بابەتی هەزاران فیلم و بەرهەمی سینەمایی. ئەو خەڵکە هەقیانە ناز بەسەر لێپرسراوانەوە بکەن، هەقیانە بڵێن ئێمە ڕاپەڕینمان کردووە، ئێمە ئێوەمان لە ئێران و توران و هەندەرانەوە هێنایەوە بۆ بەرقەراربوونی یاساو بۆ دادپەروەری نەک بۆ گەندەڵی. هەقیانە بڵێن ئەم دەستکەوتانە بەرهەمی خوێنی ڕۆڵەکانمانە چ ئەوانەی کە شەهید بوون و چ ئەوانەش کە بە نیوە شەهیدی دەرباز بوون.
پێشمەرگە چەندەها ساڵە خەباتی کردووە، زۆربەی پێشمەرگە دێرینەکان لە ئەنجامی تاڵاوی سەرماو برسێتی و ئەرکی سەختەوە هەر بە گەنجی دوچاری نەخۆشی کوشندەی وەک دڵ بوون و سەریان نایەوە. زیندانیانی سیاسی لەسەر ئەو نەتەوەیەو لەپێناوی ئەو ڕۆژەدا هەموو جۆرە ئەشکەنجەو ئازارێکیان قوبوڵ کردووە. دایک و کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە سوکایەتیان پێکراوە و تووشی دەربەدەری بوون. ئەنفال و هەڵەبجەش پێویست ناکات من هیچیان لەسەر بڵێم چونکە هەموان ئاگادارین.
ئەمانە ڕاستین و ناکرێت هەروا بە ئاسانی چاوپۆشییان لێبکەین. ئەو خەڵکانەی کە باسکران و ئەوانەی دیکەش کە ئەو هەلومەرجانە دەیانگرێتەوە پێویستیان بە پاداشت و قەرەبوو هەبوو کاتێک کورد گەیشت بە دەسەڵات. بەداخەوە ئەو قەرەبوو ستایشە چووە گیرفانی چەند دەستەو تاقمێکەوە و ماستاوچێتی بوو بە باشترین تەزکییە.
کەسێک لە ڕۆژانی سەختدا خەباتی کردووە، ئازاری کێشاوە، دەربەدەر بوە لەسەر کێشەی کورد وسوکایەتی پێکراوە، ئەگەر پاداشت بدرێتەوە بە پارە یان بە زەوی و موڵک ئەوە ئاساییە. ئەگەر لە خەڵکی دیکە ژیانی باشتر بێت یان موچەی زیاتر بێت یان کارەبای کەمتر ببڕێت ئەوە هەر مافی خۆیەتی. بەڵام ئەی ئەگەر تاقمێک لەباتی هەموویان بوون بە فیرعەون و ووتیان ئێوە ئێمە دروستمان کردون، هەرواش دەتوانین لەناوتان بەرین. ئەی ئەگەر دەستکەوتی میللەتێکیان بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لووشداو هەر ووتیان بێنە. ئەی ئەگەر بە هەڕەشەو بە کردار دژایەتی هەموو ئەو کەسانەیان کرد کە ڕەخنەیان لێدەگرن یان نهێنییەکانی گەندەڵییەکەیان ئاشکرا دەکەن؛ ئەوە کێشەی کوردستانە.
کوردستان ئەگەر بیەوێت هەرگیز ببێتە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و لە گەندەڵی ڕزگاری ببێت پێویستە:

- کاروباری دەوڵەت و حیزب لەیەک جودا بکاتەوە و وەک هەمیشە دەوترێت و ناکرێت [کەسانی شیاو بخرێنە شوێنی شیاو]. کەسێک کە دەبێتە پۆلیس، پەرستیار، مامۆستا یان کارمەندی شارەوانی ناچارنەبێت بچێت ئیمزا بکات بۆ حیزب یان ئینتیما بکات، کە ئەمە نەریتی بەعسەو بۆمان ماوەتەوە، بەڵکو بە پێوەری ڕادەی دڵسۆزی بۆ کارەکەی هەڵبسەنگێنرێت. هەموو هاوڵاتییەکی کوردستان دڵسۆزە ئەگەر لەدادگادا پێچەوانەی ئەوەی لەسەر نەسەلمابێت.

- کەسانێک کە بۆ پۆستێک دادەنرێن بەگوێرەی شیاوییان بۆ ئەو پۆستە هەڵبسەنگێنرێن نەک بەگوێرەی ئەوەی کە چەندەی خەبات کردووە یان چەندەی خەڵک لەدواوەیە یان ناسیاوی کێیە یان چەندە دەستی ڕاستە لە نیشان پێکاندا.
- ئەوانەی کە خەباتیان کردوە بۆ کوردستان و بۆ ڕزگاری کوردستان بەبێ جیاوازی و واسیتەو ماستاو قەرەبوو بکرێنەوەو دڵنەوایی بکرێنەوە. بەڵام نەک بە پۆست و بە پلەی سیاسی و ئیداری بەڵکو بە ماڵ و موڵک و پارە و دابینکردنی بژێوی شیاو. دەتوانرێت کار ئاسانی زۆریان بۆ بکرێت وەک هەندێک خزمەت بە خۆڕایی بێت بۆیان یان لە ڕۆژانی یادی ڕاپەڕین و بۆنە نیشتمانییەکاندا نمایشیان بۆ سازبکرێت و بەگوێرەی پلەیان مەدالیاو ئارمی جیاواز بکەن بە بەرۆکیانەوە، هەر وەک جەنگاوەرە دێرینەکانی وڵاتانی ئەوروپی و خۆرئاوا. بەڵام هەرگیز ئەوە پاساوی ئەوەنادات کە چەند کەسێکی کەم بکرێنە دیکتاتۆرو زاڵم بەسەر خەڵکەوەو ڕێگای سەرپێچی یاساییان پێبدرێت و بکرێنە بکوژ و ببڕی ئەو خەڵکە.
- کاتێک کەسێک لە پۆستێکی بەرز دادەبەزێنرێت حسابی ئەوەی بۆبکرێت کە ئەگەر وەک خانەنشینیش بێت دەبێت بەرەڵای ناوبازاڕ نەکرێت و خەڵک بڵێن ترۆ بووە، بەڵکو دەبێت ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی بپارێزرێت. بۆ ئەوەی کاتێک کەسێک دەگاتە پۆستێک پەلەی ئەوەی نەبێت کە گیرفانی خۆی پڕبکات و دڵی خزم و عەشرەت بکاتە خۆی بە گەندەڵی وەک بەرگرییەکی چاوەڕوانکراو بۆ ئەو ڕۆژەی کە لادەبرێت.
- پارتە سیاسییەکان بە خۆیاندا بچنەوەو چاکسازی ڕاستەقینە لەڕیزەکانیاندا بکەن و ببنە پارتی سیاسی ئەم سەردەمە نەک هەر وەک گەریلای شاخی بمێننەوە؛ کە دیارە ئەوەش پێویستی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی بوەو ئێستا پێدەچێت پێویستییەکانی مانەوەی نەمابێت.
- دادگا ببێتە بەرزترین دەسەڵاتی بێلایەن و هەموو ململانێیەک بەرەو ڕوی دادوەر بکرێتەوەو بڕیاری دادگاش تەنها بە تێهەڵچونەوە بۆ دادگایەکی بەرزتر هەڵبوەشێتەوە ئەگینا دوا بڕیار دەبێت لەسەر ئەو کێشانە؛ جا ئیتر لەگەڵ کەسێکی ئاسایی بێت یان کارمەندو کاربەدەستێکی گەورەی دەوڵەت.

ئەم لیستە گشتگیر نییەو دەکرێت گەلێک شتی دیکەی بۆ زیاد بکرێت و پەرچڤەی زیاتری بۆ بکرێت.
گەلێک کەس و لایەن بەبەردەوامی یان ناو بەناو لەسەر گەندەلی دەسەڵاتی کوردی دەنوسن. بەبڕوای من ئەوانە زۆربەیان دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکرێن:

- ئەوانەی کە سەر بە لایەنێکی سیاسین و لەجیاتی شەڕەتفەنگی جاران ئەمڕۆ پەنایان بردۆتە بەر شەڕە دەنوک و نوسین لەسەر کەسانی بەرانبەر بە مەبەستی شکاندنی ئەوان وەک سەنگەر لێگرتنێک بۆ بەرژەوەندی تایبەتی حیزبەکەیان ، یان بە ئومێدی ئەوەی کە دوژمن بۆ دوژمنەکەیان زیاد بکەن، یان بۆ ئەوەی گەندەڵی و عەیبەکانی خۆیان بشارنەوە، یان پاداشت بکرێن، یان هەر دەمیان وا ڕاهاتووە و تازە سەختە بیگۆڕن. ڕەخنەی ئەمانە، ئەگەرچی ڕاستیش بێت هیچ جۆرە چاکسازی و بەرەوپێشچونێکی بەدوادا نایەت و بگرە کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات چونکە بە نیازێکی پاکەوە نییە و بگرە دەبێتە هۆی خۆئامادەکردنی زیاتری پارتە سیاسییەکان بۆ ململانێی ناشەرعی و شوێنی گەندەڵان و پێویستی مانەوەیان پتەوتر و قایمتر دەبێت.
- ئەوانەی کە لە ناو لایەنێکی سیاسیدا سەر بە کوتلەیەکی دیاریکراون و کەسانی نێو ئەو کوتلەیە خۆیان ناتوانن بە ئاشکرا باسی ئەو کەسە یان کەسانە بکەن، بەهۆی ئەوەوە کە خۆیان لەوە گەندەڵ ترن و ئەو کەسە یان کەسانە پێدەچێت نهێنی قورسیان لەلابێت و ئەمان لەوە بترسن ئاشکرایان بکەن، ئەمانە وەک توتی بەکار دەهێنن بۆ دەربڕینی داخی نێو دڵیان و لاوازکردنی پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لایەنی بەرانبەر. ئەم جۆرە ڕەخنەیەش لە گەندەڵی ، ئەگەرچی بەزۆری ڕاستن،

هەمدیس شوێنی گەندەڵان قایمتر دەکات و وەک کورد دەڵێت قەلێک بە قەلێکی ووت ڕووت ڕەش بێت.

- ئەوانەی کە پێشمەرگەی دێرین، زیندانی سیاسی، خێزان و کەسوکاری شەهیدان و بنەماڵەی ئەنفال و کیمابارانکراوانن... هتد ئەمانەش کە دەبینن کەسانی دیکە بەناوی ئەوانەوە بەرزدەبێتەوە یان بازرگانی بە خوێنی ئەوانەوە دەکات یان کەسێکی دیکە دەبێتە لێپرسراوو کاربەدەست و فیرعەون و ئەمانیش کەنارخراون و کەس لێیان ناپرسێت زۆر بە گەندەڵی قارس و بێتاقەت دەبن و زۆرجار ڕەخنەی توند دەگرن. ئەمانە زۆربەی جار نهێنی گەورەیان لەلایەو گەندەڵی گەورە ئاشکرا دەکەن بەڵام زۆر جاریش بە پارچە زەوییەک، بە برە پارەیەک، بە پێداهەڵنان و ستایش کردنێکی درۆ یان هەر بە بۆرە پەیمانێکی درۆ کپ دەبەنەوەو زۆرجاریش بۆ بەدبەختی کورد ئەمانیش دوایی دەچنە ڕیزی هەرە گەندەڵە گەورەکانەوە.
- ئەمانە زۆرچاک ئاگاداری هەموو گەندەڵییەکانن و پێیشیان ناخۆشە بەڵام چونکە خۆیان لەو پارت و لایەنە سیاسیانەدا کاردەکەن، ئاشکراکردنی ئەو گەندەڵییانە پێدەچێت مەترسی جیددی لەسەر ژیانیان دروست بکات و ماڵ و حاڵ و گوزەرانیان لێتێکبدات بەڵام بە خۆشحاڵییەوە بەرەو پیری هەر پرۆسەیەکی چاکسازی ڕاستەقینە دەچن و بە ڕەخنەی کەسانی دیکەش لە دەسەڵات خۆشحاڵ دەبن. ئەمانە دەکرێت ڕۆڵی بەرچاو بگێڕن ئەگەر زەمانەتی تەواو هەبێت بۆ ژیانیان و یاسا سەروەربێت بە کردار نەک هەر بە گوفتار.
- ئەوانەی کە سالآنێکە لە دەرەوەی وڵات دەژین و ڕۆشنبیرییەکی باشیان بەدەست هێناوەو خەڵکیان بینیوەو سیستمی سیاسی و ئابوری وڵاتانی پێشکەوتویان بینیوە، یان لەناوەوەی وڵاتن و بەردەوام بەدوای هەواڵ و گۆڕانکارییەکانی جیهاندا دەچن و پێیان ناخۆشە گەلەکەیان بەو جۆرە ببینن. ئەمانە بەزۆری خاوەن بڕوانامەو پرۆفیشناڵن و پسپۆڕ و کارامەی هەموو بوارەکانی ژیان و دەوڵەت و کۆمەڵگایان تێدایە. ئەم چینە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە کەنارخراون و خۆیشیان لەلایان نەنگییە بینە بەشێک لەو گەندەڵییە، بەڵام دەکرێت ڕۆڵێکی بەرچاوو پۆزەتیفانە بگێڕن لە پرۆسەی ڕێکخستنی دەوڵەت و کاروبارە کارگێڕییەکاندا، ئەگەر بواری گونجاویان بۆ بڕەخسێت. ئەمانە بەزۆری ڕەخنەکانیان بابەتیانەیەو بەرژەوەندی خەڵک و کورد دەخەنە پێش هەر بەرژەوەندییەکی دیکەوە. ئەمانە زۆربەیان هەر گوێیان لێناگیرێت و هەندێکیشیان لەلایەن یەکێک لە پارتە سیاسییەکانەوە دەقۆزرێنەوە و دەکرێنە پینەیەک لە پۆشاکی گەندەڵیدا. ئەمانە ئەگەر گوێیان لێبگیرێت پێدەچێت زۆرجار بەرنامەی پتەوی سیاسی و کارگێڕی و ئابورییان پێبێت و بتوانن ڕۆڵی بەرچاو بگێڕن لە بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵیدا. بەڵام هەمیشە دەبێت ئەوەیان لەبیر بێت کە: ئەوانەی کە لە دژی دڕندەکان دەجەنگن دەبێت زۆر وریا بن کە خۆیشیان نەبن بە دڕندە. (Lou Marinoff, The Big Questions)

پێویستە ئەوەش بوترێت کە ئەم لیستانە تەواوو کۆتایی و ڕەها (موتڵەق) نین و دەکرێت زیاتر وورد بکرێنەوەو پەرچڤەو شیکار بکرێن و ئەو کەسانەش کە بەو جۆرە پۆلێن کراون هەمدیس هەر ڕەها نین و دەکرێت کەسێک لەیەک کاتدا چەند گروپێک بیگرێتەوە یان لەم گروپەوە بازبدات بۆ گروپەکەی دیکەو بە پێچەوانەشەوە.

لەڕاستیدا گەندەڵی نیشانەی هەڵوەشاندن و نەمانی متمانەی خەڵکە بە دەسەڵات و دەوڵەت، یان هەر خۆی لەخۆیدا لەبەریەک هەڵوەشانی دەسەڵات و دەوڵەت و داوودەزگاکانی دەگرێتەوە. کاتێک دەوڵەتێک، پارتێک یان لایەنێکی سیاسی گەندەڵی لەنێویدا گەیشتە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە نەتوانێت بەری لێبگرێت، ئیتر ئەوە نیشانەی دارزان و گەندەڵ بوونی ئەو دەسەڵاتەیەو دەبێت بە زووترین کات بکەونە خۆ چونکە لەسەر دووڕێیانێکی گەورە بەلەقی ڕاوەستاون:

- چاكسازییەكی بنەڕەتی و ڕیشەیی بەرپابكات كە بە تەواوی گەندەڵییەكان لە ڕیشەوە هەڵبكەنێت نەك یەك بەیەك گەندەڵكارەكان خۆیان بێنە سەر تەلەفیزیۆن و پەیمان بدەن كە سەرووپۆتەلاكی ئەوانەی خوار خۆیان بەبیانوی گەندەڵییەوە بكوتنەوە.
- بەتەواوی لەبەر یەك هەڵبوەشێنەوەو جێگا چۆڵ بكەن بۆ لایەنی دیكە كە سەرهەڵبدەن و جێگایان بگرنەوە.  ئەوش بانگەشە نییە بۆ ڕاپەڕین و ئاژاوە (تكایە منالمان وورده!) بەڵكو حوكمی مێژووە.

لە كۆتاییدا دەتوانین بڵێین كە تاوانی گەندەڵی لە گۆشەنیگای كریمینۆلۆژییەوە جیاوازییەكی سەرەكی هەیە لەگەڵ تاوانە نەریتییەكانی دیكەدا ئەویش ئەوەیە كە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە ئەوەندەی تاوانە نەریتییەكان هەست بە تاوانباری و ئازاری ویژدان ناكەن، لەبەر ئەو هۆیانەی لای خوارەوە:

- ئەو كەسە بە ئاسایی و نۆرماڵی دەزانێت بۆ ئەو پیشە یان پۆستەو ئەڵێت: هەموو كەس دەیكات بۆ من نەیكەم! یان منیش نەیكەم یەكێكی دیكە دەیكات، یان كە سەرو خۆم بیكات بۆ من لە خوارەوە نەیكەم.
- وا هەست دەكات كە ئەو تاوانبار نییەو تەنها فەرمانی كەسانی سەرو خۆی جێبەجێ دەكات: ئەمە لەكاتێكدا كە بەشێوەیەكی سەرەكی ئەو كارە بۆ بەرژەوەندی حیزب یان كوتلەیەكی دیاریكراوی ناو حیزب ئەنجام بدات. ئەم جۆرە هەستە بنەمایەكی سایكۆ-كریمینۆلۆژی هەیەو هێتلەرو سەدام و گەورە دیكتاتۆرەكان كەڵكیان لێوەرگرتووە بۆ كپ كردنی هەست بە ئازاری ویژدان كردن Guilty conscience لەنێو دەست و پێوەندو سەركردەكانیاندا.
- وا هەست دەكات كە تاوان تەنها ئەوەیە كە ماڵ و موڵكی تایبەتی كەسانی دیكە بدزیت و پێدەچێت ماڵ و موڵكی گشتی بە بەلاش بزانێت یان بەشەرعی بزانێت خۆی بۆ خۆی زەوت بكات: ئەم جۆرە هەستە بەداخەوە لە كولتووره خۆرهەلاتییەكاندا زیاتر برەوی هەیە.
- پێدەچێت بڵێت من گەندەڵی پیادە بكەم یان نەیكەم خەڵكی هەر بەوەم دەزانن، جا كەواتە بۆ نەیكەم، ئەمەش لە كریمینۆلۆژیدا بە پێوەنانی مۆركی تاوانباری بۆ تاكەكەسەكان ناسراوە Labeling Theory .
- وا هەست دەكات كە بەو كارە زیاتر دەبێتە جێگای ڕێزو پایە لەنێو گروپ، كوتلە یان حیزبەكەیدا و بەبێ ئەوە نامۆو گۆشەگیر دەبێت یان ناچالاك و سست دیار دەبێت لەنێو كۆمەڵێكدا كە هەموو خەریكی ئەو كارەن.

زاڵ بوون بەسەر ئەو لەمپەرانەدا هەروا كارێكی ئاسان نییەو كات و هەوڵ و خەباتی دەوێت بە نیشاندانی نمونەی بەرز و پاك لە پۆستە هەرە بەرزەكانەوە بیگرە تا خوارەوە و بە ئاشكراكردن و حەیابردن و ناوهێنانی زیاتری گەندەڵكاران و سزادانیان لە دادگای ئاشكراو بێلایەندا؛ تا هەم خۆیان و هەم خەڵك بە چاوی خۆیان ببینن كە ئەوەی دەیكەن تاوانە نەك خەبات.

www.kurdistanan.com  03-07-2006  www.klawrojna.com
05-07-2006  www.kurdistan4news.com
08-07-2006  www.kurdistannet.org

# كریمینۆلۆژی چییە؟

کریمینۆلۆژی Criminology یان تاواناسی لە فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیا جیاوازەکاندا بەشێوەی جۆراو جۆر پێناسە کراوە. لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین کریمینۆلۆژی زانستێکی کۆن و نوێیە. بەڵام بەر لەوەی بچینە نێو وردەکارییەکانی ئەو زانستەوە با پێناسەیەکی کریمینۆلۆژی هەڵبژێرین. کریمینۆلۆژی ئەو زانستەیە کە لە سروشت و بنچینەو هۆکارەکانی تاوان و کەسایەتی تاوانبارەکان دەکۆڵێتەوە و شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی تاوان و سیستمی دادوەری هەڵدەسەنگێنێت و لە کاریگەری و کەموکورییەکانیان دەپێچێتەوە. ئەم پێناسەیە دەکرێت زیاتر فراوانبکرێت و بواری زیاتر بگرێتە خۆی لەگەڵ بەرەوپێش چوونی ئەو زانستەدا.
وتمان کریمینۆلۆژی زانستێکی کۆن و نوێیە. ئەم زانستە کۆنە، چونکە ئەگەر وەک لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی تاوان و بەرەنگاربوونەوەی تاوانباران و بەرگرتن لە دیاردە دژەکۆمەڵایەتی و ناچیزەکان سەیری بکەین ئەوا دەتوانین بڵێین ئەم زانستە لەسەردەمی سۆمەری و بابلی و چینی و میسرییە کۆنەکانەوە هەبووە.
بابلییەکان پەنجەمۆری خەڵکیان لەسەر کلێشەی قوڕ وەرگرتووە بۆ ناسینەوەی خاوەنی پەیوەستەنامە بازرگانییەکان. هەر لە میسۆپۆتامیاش بوو کە حامورابی یەکەم دەقی یاسایی پێشکەش بە مێژوو کرد بەناوی کۆدی یاساکانەوە. لەو یاسایانەدا حامورابی گەلێک لە تاوانە ناسراوەکانی ئەو سەردەمەی پێناسەکردوەو سزاشی بۆ داناون. چاو لەباتی چاوو دان لەباتی دان و ژیان لەباتی ژیان، ئەو ووتەیەی کە لە ئەدەبیاتی کریمینۆلۆژی خۆرئاوادا وەک بەشێک لە ووتەکانی کتێبی پیرۆز Bible چاوی لێدەکرێت لەڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ حامورابی. لە چین وێنەی پەنجەمۆر لەسەر مۆری گڵین دۆزراوەتەوە و چەندەها بەڵگەی دیکەش دەتوانرێت بهێنرێتەوە لەسەر گەڕان بەدوای تاوان و تاوانباراندا کە شوێنپێ هەڵگرتن کە لە کۆنەوە لە کوردستاندا بەکارهاتووە دەکرێت وەک یەکێک لەو بەڵگانە بژمێردرێت.





هەموو ئاینە ئاسمانی و نائاسمانییەکان خەڵکی ئامۆژگاری دەکەن بۆ دوورکەوتنەوە لە تاوان و خراپەو بەردەوام بوون لەسەر چاکەکردن. ئاینەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئەوەی خراپەبکات لەو دنیا خوا سزای دەدات و ئەوەش چاکە بکات خوای گەورە دەیکاتە بەهەشتی بەرین. بەدرێژایی چەندەها سەدە ئاین بناغەی یاسای کۆمەڵگاکان بووە و دیارە کاتێک دەسەڵاتداران گەیشتونەتە ئەو ڕاستییەی کە چی دی خەڵکی بەهۆی ترس لەو سزا دوورو نەبینراوە لە تاوان ناسڵەمێنەوە یاسای دیکەیان داناوە.
فەیلەسوف و هۆشمەندان هەر لە کۆنەوە بیریان لە هۆکارەکانی تاوان کردوتەوەو هەریەکە بە جۆرێک لێکی داوەتەوە. زانای سوسیۆلۆژی فەڕەنسی ئێمیلی دورکهایم (١٨٥٨-١٩١٧) دەڵێت خەڵکی چی دی پەیڕەوی مۆراڵ و ڕەوشتەبەرزەکانی کۆمەڵگا ناکەن بۆیە پەنا دەبەنە بەر تاوان. ئەو هاتنی ڕژێمی سەرمایەداری و گەشەکردنی کۆمەڵگا و پەرەسەندنی پیشەسازی بە سەرەتای هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگاو لاوازبوونی ڕەوشت و مۆراڵ و بەهاکان دەزانێت و دەڵێت پێویستە خەڵکی لەدەوری ئاین کۆببنەوەو خێزانەکان توندوتۆڵ بن بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لە پاشاگەردانی بەدووور بێت کە ئەو پێیدەڵێت Anomy. لەکاتێکدا کارل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) لەوباوەڕەدایە کە تاوان تەنها بەرهەمی کۆمەڵگای چینایەتییەو کۆمەڵگایەک کە لە مرۆڤی یەکسان و ئازاد پێکهاتبێت هیچ تاوانێکی تێدا ڕوونادات.



کانت و چەندەها فەیلەسوفی دیکە لەو باوەڕەدان کە ئەو کەسانەی تاوان ئەنجامدەدەن پێویستییان بە ڕاستکردنەوەو هێنانەوە سەر ڕێگای ڕاست هەیە نەک سزا و سزا دەبێت تەنها خزمەتی ئەو ئامانجە بکات کە ئەو کەسە ڕاستبکرێتەوە نەک تەنها ئازاربدرێت. لەکاتێکدا زاناو پزیشکی ئیتالی لۆمبرۆسۆ (١٨٣٩-١٩٠٩) لەو باوەڕەدایە کە تاوانبارەکان بە تاوانباری لەدایک دەبن و ئەوان پاشماوەی قۆناغەکانی پێشوی گەشەکردنن کە بە گوێرەی تیۆری (ڕەسەنی جۆرەکان) کە چارلس داروین دایناوە مرۆڤ بەرهەمی گەشەی ملیۆنان ساڵە. لۆمبرۆسۆ دەڵێت دەتوانین بە ئاسانی کەسێکی تاوانبارو کەسێکی ئاسایی لەیەک جودابکەینەوە بە شێوەی لەش و سیما دەرەکییەکانیاندا. ئەو کۆمەڵێک نیشانەی باسکردووە و وتویەتی هەرکەسێک پێنج یان زیاتری تێدابێت بەبێ سێو دوو تاونبارە! لەو نیشانانە لچی ئەستور، گوێی گەورە و ڕەپ، پێستی ئەسمەر و تاریک، لوتی درێژو قوڵونگی، باڵی دریژ ... هتد [1]



شایانی باسە هەر لۆمبرۆسۆ خۆی لە باسەکانی دواتریدا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە تاوانبارەکان بە هۆی جۆراوجۆرەوە تاوان ئەنجامدەدەن و ئەو پۆلێنی کردن بۆ چەند گروپێک وەک:

- ئەو تاونبارانەی کە بە بنەچە تاوانبارن، واتە هەر بەوجۆرە لەدایک بوون و تاوان بۆ ئەوانە زگماکە.
- ئەوانەی کە شێتن.
- ئەوانەی کە هەلی تایبەت دەقۆزنەوە بۆ تاوان.
- ئەوانەی بە هۆی سۆزدارییەوە تاوان ئەنجامدەدەن، وەک بەهۆی ڕق، خۆشەویستی، دڵپیسی یان ئیرەیی بردن.

دواتر لۆمبرۆسۆ هۆکارەکای تاوانیشی گەڕاندەوە بۆ هەژاری، کەش وهەوا و کۆمەڵگای ژیاری.
ئەگەرچی بیروڕاکانی لۆمبرۆسۆ ئێستا تەنها وەک مێژوو باسدەکرێن و لە بازاڕی ئەمڕۆدا ڕەواجیان نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە بەردی بناغەی زانستی فۆرینسیکی Forensic دانا کە زانستێکە ئێستا ڕەواجێکی زۆری هەیە لە دۆزینەوەو ناسینەوەی تاونباراندا بەهۆی پەنجەمۆر، دەنگ و وێنەو DNA و گەلێک هۆکاری جەستەیی و تاقیگەیی دیکەوە.
ئەوانەی هەتا ئێرا باسکران کەسیان نە خۆیان بە زانای تاوانناسی زانیوەو نە کەسیش بەو جۆرە ناوزەدی کردون. ئەوانە بە فەیلەسوف، پزیشک، کۆمەڵناس و دەروونناس ناسراون و زانستی کریمینۆلۆژی زۆر لەوانە نوێترە کە وەک زانستێکی سەربەخۆ لە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی بەرجەستە بوویێت.
لەڕاستیدا کاتێک سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی نەیانتوانی بگەنە دەرەنجامێکی ئەوتۆ دەربارەی هۆکارو هەلومەرجەکانی تاوان و تاوانباران، پێویستیی زانستێکی نوێ هاتە کایەوە. یان ڕوونتر بڵێین کاتێک زانا سۆسیۆلۆژییەکان بۆیاندەرکەوت کە ڕوخانی ڕژێمی سەرمایەداری هەروا بە زوویی شتێکی چاوەڕوانکراو نییە، پەنایان بردە بەر لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی تاوان؛ بە ئومێدی کەمکردنەوەی تاوان و بەرگرتن لە مەترسییەکانی و هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی ژمارەیەکی هەرچی زۆرتری لادەران بۆ سەر ڕێگای ڕاستی کۆمەڵگا.
زانستی کریمینۆلۆژی هاوچەرخ کە بەناوی تایبەتی خۆیەوە ناسرابێت لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا لە ئەمریکاوە سەری هەڵدا. لەساڵی ١٩٤١دا لە کالیفۆرنیا کۆبونەوەیەک کرا بە ناوی کۆبونەوەی یەکەمی کۆمەڵەی نیشتمانی کارمەندانی مەشقپێکردنی کۆلێژی پۆلیسەوە. ئەم کۆبونەوەیە لە بنەڕەتدا بۆ باشترکردن و بە زانستیانەکردنی مەشقی پۆلیس بوو بەڵام لە مێژوی کریمینۆلۆژی ئەمریکیدا بە دایکی کۆمەڵەی کریمینۆلۆژی

[1] بڕوانە وتاری ئایا کرۆمۆسۆمی تاوانبارەکان جیاوازە لە هی خەڵکی تر؟ لە www.knowledgesource.blogspot.com

ئەمریکی  دادەنرێت، کە لەو کۆبونەوەیەدا دوای تاووتوێ کردنی چەندەها ناو بە تێکڕای دەنگ لەسەری ڕێککەوتن.

هەر وەک پێشتر باسکرا لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی تاوان و چۆنێتی چارەسەرکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ مێژوییەکی کۆن، هەر بە هەمان پێوەر بەر لە ساڵی ١٩٤١ و دامەزراندنی کۆمەڵەی کریمینۆلۆژی ئەمریکییش ووشەی کریمینۆلۆژی هەر هەبووەو بەڵگەش بۆ ئەوە کتێبی کریمینۆلۆژی زانای ئیتالی His *Criminologia* Raffaele Garofalo (1885) کە لە ساڵی ١٩١٤ دا وەرگێڕرا بۆ زمانی ئینگلیزی. ئەگەرچی ناتوانین بە ڕەهایی بڵێین کە ئەو زانایە یەکەم کەس بووە کە ئەو ووشەیەی بەکارهێناوە بەڵام لێرەدا دوو ڕاستی پێویستە هەڵوێستەیان لەسەر بکرێت:

یەکەم: ئەوروپییەکان یەکەم کەس بوون کە بە شێوەیەکی زانستیانە لە کۆمەڵگاو قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگاو گرفت و کێشەکانی مرۆڤایەتیان کۆڵیەوە.

دووەم: ئەمریکییەکان یەکەم کەس بوون کە لە بواری کریمینۆلۆژی هاوچەرخدا ئەو زانستەیان لە باوەشی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی دەرهێناو وەک زانستێکی سەربەخۆ ناوزەدیان کرد.

هەر بۆیە یەکێک لە کریمینۆلۆژیستە ئەوروپییەکان دەڵێت: زانستی کریمینۆلۆژی زانستی ئەمریکای زیندوو ئەوروپای مردووە!

بەهەرحاڵ لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم ئەمریکا بوو بە گەورەترین هێزی سەرمایەداری جیهانی و بە پێچەوانەی هێزە گەورەکانی دیکەشەوە کەم کێشەترین هێز بوو چونکە ئاگری شەڕ نەگەیشتبووە نێودالآنەکانیان؛ هەروەک ژاپۆن، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئیتالیاو تا ڕادەیەکیش بەریتانیا، کە لانی کەم پزیسکی تێپەڕی بوو. هەر بۆیە ئەوان لە هەموان باشتر بوون بۆ چڕبوونەوە لەسەر کێشە ناوخۆییەکان کە تاوان یەکەم ئامانج بوو.

لە بەریتانیا دامەزراندنی پەیمانگای کریمینۆلۆژی لە زانکۆی کامبریج لە ساڵی ١٩٥٩ دا بە سەرەتای خوێندنی کریمینۆلۆژی وەک زانستێکی سەربەخۆ دادەنرێت و لەو کاتەوە وەزارەتی ناوخۆی بەریتانی  بودجەی گەورە بۆ باس و توێژینەوە زانستییەکان تەرخان دەکات لەو بوارەداو ئێستا لە زۆربەی زانکۆکاندا نەک هەر وەک زانستێکی سەربەخۆ دەخوێندرێت بەڵکو لە نێو خۆیشیدا چەندەها بەش و لقوپۆپی جیاجیای لێبۆتەوە وەک زانستی فۆرێنسکی Forensic و سایکۆلۆژیای تاوان و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ کەشف کردن یان بەرگرتن لە تاوان یان بەرگرتن لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت بۆ ئەنجامدانی تاوان و لێکدانەوەی ئامارو داتاکان و ... هتد.[٢]

ئێستا لە جیهاندا گەلێک قوتابخانەی کریمینۆلۆژی هەیە وەک قوتابخانەی ڕادیکاڵی یان مارکسی کلاسیکی، چەپە نوێکان و چەپی ڕیاڵیستی، کریمینۆلۆژی باڵی ڕاست، کریمینۆلۆژی پۆزەتیڤیزم،  کریمینۆلۆژی پۆستمۆدێرنیزم، کریمینۆلۆژی بایۆلۆژی، کریمینۆلۆژی دەوروبەر یان ئیکۆلۆژی، فەنکشناڵیزم و کریمینۆلۆژی فێمینیستی[٣] و چەندهای دیکە.

هەریەکە لەو قوتابخانانە لێکدانەوەی خۆیان هەیە بۆ تاوان و هۆکارەکانی تاوان و چۆنیەتی بەرەنگاربونەوەی ئەو دیاردەیە، بەڵام پێویستە بوترێت کە هیچ قوتابخانەیەک بە تەنها ناتوانێت ئەو کێشەیە یەکالآ بکاتەوەو دەتوانین بە ڕاستگۆیی بڵێین تاوان زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بتوانرێت بە تەنهاباڵی لێکبدرێتەوە.  لەڕاستیدا نەک

---

[2] من کاتێک دەستم دایە خوێندنی کریمینۆلۆژی بە مامۆستاکەمم ووت: ئەم زانستەم لێرە بیستووە لە وڵاتی ئێمە ناخوێندرێت. ئەویش لەوەڵامدا ووتی: بەڵێ دەزانم چونکە ئێوە کێشەکانتان هێشتا لە هەژمار نایەن! ئێمەش ١٠ ساڵ دوای ئەمریکا دەستمان دایە خوێندنی کریمینۆلۆژی.

[3] بڕوانە وتاری ئایا ژنان کەمتر لە پیاوان تاوان ئەنجامدەدەن لە www.knowledgesource.blogspot.com بەشی یاساو تاواناسی- کریمینۆلۆژی.

هێشتا هەر ناتوانین هۆکارەکانی تاوان دەستنیشان بکەین بەڵکو ناتوانین بە ڕاست و دروستیش تاوان پێناسە بکەین.

لەلای هەندێک کەس تاوان تەنها ئەوەیە کە بەچاو دەبینرێت وەک ئەو تاوانانەی کە کۆمەڵگا دانی پێدا ناون ، بەڵام ناتوانن لەوە تێبگەن کە پیسکردنی ژینگەو جەنگ و هەموو ئەو تاوانانەی کە بە تاوانە یەخە سپییەکان و تاوانی کۆمپانیاکان ناسراون[4] زۆر لەو تاوانانە ترسناکترن کە ئێمە دەیان ناسین.

مارکسییە ڕادیکاڵەکان یان کلاسیکییەکان دەڵێن سەرمایەداری خۆی سیستمێکی تاوانبارانەو تاوانزایەو بەلەنێوچونی ئەو سیستمە کۆتایی بە هەموو نەهامەتییەکانی مرۆڤایەتی دێت، بە تاوانیشەوە. ئەم گوتارە زۆر دڵخۆشکەرە بەڵام مرۆڤایەتی کەنگێ بەو ڕۆژە دەگات و چۆن دەتوانین بیسەلمێنین کە لە دەوڵەتێکی سۆشیالیستیدا، کە هێشتا کەس نەیبینیوە، هیچ پێویستییەکمان بە زیندان نابێت. باشە خۆ هەموو تاوانێک هەر هۆکاری ئابوری نییە؟ ئەی تاوانە سێکسییەکان و تاوانەکان بەرانبەر مناڵ و کێشەی ئەو تاوانبارانەی کە باری دەرونی و ژیرییان ناتەواوە. ئەم مەسەلەیە دەکرێت زۆرتری لەسەر بنوسرێت یاخود بابەتێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت.

دوای ئەوەی کە ڕژێمی سەرمایەداری بە پێچەوانەی مارکسییە کلاسیکییەکانەوە هەروا زوو گۆڕی بۆ خۆی هەڵنەکەندو باڵی ڕاستیش دەستی گرت بەسەر مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، بە کریمینۆلۆژیشەوە، بیرۆکەی گۆڕانکاری لە جۆری بیرکردنەوەی مارکسییەکانیشدا ڕویدا، ئەگەرچی ئەوانە بەبێ سێودوو لەلایەن مارکسییە ڕادیکاڵەکانەوە بە ڕیڤیژنیست دادەنرێن! ئەوانە لەشێوەی چەپی نوێ و چەپی ڕیاڵیست و کریمینۆلۆژی نوێدا دەرکەوتن کە دەڵێن ئێمەش دەزانین کە ڕژێمی سەرمایەداری چۆنە بەڵام نوکە ئەگەری شۆڕشێکی پرۆلیتاری لە جیهانی سەرمایەداریدا بەدی ناکرێت و چینی کرێکار لە وڵاتە خۆرئاواییە پێشکەوتووەکاندا وەدوی ئەو بانگەشەیە ناکەوێت، خۆ ناشکرێت هەروا با ئاسانی بچینە پەراوێزو مەیدان بۆ باڵی ڕاست چۆڵ بکەین، کەوابێت دەبێت ئێمەش گوتاری خۆمان هەبێت بە شێوەیەک کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی جیهانی ئەمڕۆ قوبوڵی بکات.

بەکورتی دەتوانین بڵێین تاوان گەلێک هۆکاری بایۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی و ژینگەیی هەیەو هەر یەک لەو بوارانەش پێویستیان بە لێکدانەوەو باسی تایبەت هەیە کە تاکە وتارێک ناتوانێت بیانگرێتە خۆ. بەڵام ئەوەی گرنگە بیزانین ئەوەیە کە ئەمڕۆ کریمینۆلۆژی زانستێکی زیندووەو جیاوازو سەربەخۆیە لە یاساو سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی. خوێندکارانی ئەم بەشە دەتوانن ببنە کادیری پسپۆڕ لە داوودەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و هەواڵگری و سەرجەم دەزگا دادوەرییەکان بە دادگاو زیندان و بنکە کۆمەڵایەتیەکانەوە. ئەم زانستە بواری فراوانی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زانستییەکان لەمەڕ هەموو جۆرەکانی تاوان؛ چ ئەوانەی کە ئاشکران و چ ئەوانەش کە شاراوەن، هەروەها تاوانەکانی هەژارو نەداران یان دەسەڵاتداران و دەوڵەتان و تیرۆریزمی جیهانییش.

## سەرچاوەکان:


Conflict criminology (Online)
http://faculty.ncwc.edu/toconnor/301/301lect13.htm
Crime Library; Criminal minds and Methods (Online)
http://www.crimelibrary.com/index.html


[4] بڕوانە وتاری: تاوانە یەخە سپییەکان تاوانی گەورەپیاوان و دەسەڵات داران لە www.knowledgesource.blogspot.com بەشی یاساو تاوانناسی- کریمینۆلۆژی.

Durkheim, E. (1858-1917) (online)
http://www.hewett.norfolk.sch.uk/curric/soc/durkheim/durk.htm
Hale, C., et al, (2005) Criminology. Oxford: Oxford University Press.
Hammurabi, Code of the Laws (Online)
http://www.unesco.org/delegates/iraq/hamurabi.htm
HISTORY OF CRIMINOLOGY: THE PIONEERS
http://faculty.ncwc.edu/TOConnor/301/crimhist.htm#Pre1900
Moore, S. (1997) *Investigating Crime and Deviance.* 2nd edition, London: Collins.
Williams, K., S., (2004) Textbook on Criminology. 5th ed. Oxford: Oxford University Press.

22-06-2006 www.kurdistannet.org www.klawrojna.com 23-06-2006

# ڕەیپ دەستدرێژییە بۆ سەر شەرەفی پیاوو بنەماڵە یان گەورەترین تاوانە بەرانبەر قوربانییەکە؟

ووشەی ڕەیپ لە بنەڕەتدا لە ووشەی *rapere* لاتینییەوە هاتووە بە مانای دەستبەسەراگرتن یان زەوتکردن بەزۆر. ووشەی ڕەیپ بە لاتینی کە مانا نوێکەی بدات *raptus* کە بەئینگلیزی دەبێتە Rape و بە عەرەبی اغتصاب، بەڵام دیارە هێشتا کورد ئەو تاوانەی نەناسیوە یان نەیتوانیوە لە مەسەلەکانی دیکەی شەرەف و سێکس و پەلاماری جودابکاتەوە هەر بۆیە ووشەیەکی پڕاوپڕی بۆ دانەناوە. من بۆ مەبەستی ئەم ووتارە هەر ووشەی ڕەیپ بەکاردەهێنم کە دەکاتە: ناچارکردنی کەسێک، مێ بێت یان نێر، بۆ کاری سێکسی بە بێ ڕەزامەندی خۆی بە چونەناوەوەی ئامێری نێرینەی پیاو، یان هەر بەشێکی دیکەی لەشی یان هەر ئامێرو ئامرازو شتێکی دیکە، بۆ ناو لەشی ئەو کەسە لەڕێگای پێشەوەبێت، دواوە بێت یان دەمی، لەوەندەدا کە پەیوەندی بە دەمییەوە هەیە تەنها ئامێری نێرینەیی پیاو دەگرێتەوە. ئەم پێناسەیەش هێشتا هەر تەواو نییەو لە کولتوورو وڵاتانی جیاجیادا پەرچڤەو لێکدانەوەی جیا جیای بۆ کراوەو لە قۆناغە مێژووییە جیاجیا کاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

بۆ نمونە لە یاسای ئینگلیزیدا یەکەمجار بەمجۆرە پێناسەکراوە: پیاوێک تاوانبارە بە ڕەیپ ئەگەر کاری سێکسی ئەنجامدا لەگەڵ ژنێک بەبێ ڕەزامەندی ئەو ژنە. ئەم پێناسەیە زۆر بووەتە جێگای مشتومڕ. باشە ئەی ئەگەر پیاوێک ڕەیپ کرا خۆ یاسا تاوانبارەکە بە پێی ئەو یاسایە سزا نادات چونکە نایگرێتەوە! لەلایەکی دیکەوە کاری سێکسی بەچ ڕێگایەک ئەنجامداوە؟ ئەی 'بەبێ ڕەزامەندی ئەو ژنە' چی دەگەیەنێت؟ ئایا نەبونی ڕەزامەندی مانای زۆرو کوتەکە؟ یان مانای ئەوەیە کە ئەو ژنە دەبێت هەتا هەناسەی پێدەمێنێت بەرگری بکات و دواتریش پۆلیس جێگای ڕوشاوی و برینەکانی ببینێت؟ یاخود هەر بڵێت ڕازی نیم ئیتر بەسە.

وەڵامی ئەو پرسیارانە لە مێژوی یاسای ئینگلیزیدا گەلێک جار مشتومڕی دروستکردوەو بەگەلێک جۆر لێکدراونەوە تا لە ساڵی ٢٠٠٣دا و لە یاسای تاوانە سێکسییەکاندا Sexual Offences Act 2003 کە بریتییە لە: چونەناوەوەی ئامێری نێرینەی پیاو بۆ ناو ڤەجاینا یان کۆمی کەسی دووەم یان بۆ ناو دەمی یان چونەناوەوەی هەربەشێکی لەشی ئەو پیاوە یان هەر شت یان ئامێرێکی دیکە بۆ ناو ڤەجاینا یان کۆمی ئەو کەسە. دیارە ئەو یاسایە بەش و لقو پۆپی زۆرەو لێرەدا بواری باسکردیان نییە. بەڵام پێویستە بوترێت کە ئەو دەستدرێژییە سێکسییانە ئەگەر بۆ سەر مناڵ بێت کێشەیەکی دیکەیە کە زۆر لەوە ئاڵۆزترە. Dobash & Dobash (1992) دەڵێن کە دەستدریژی سێکسی بۆسەر کەسێک لە هەموو جۆرە پەلامارێکی دیکەی جەستەیی خراپترو بە ناسۆرترە.

بەشێوەیەکی گشتی ئێستا ڕەیپ لە هەموو شوێنێکی جیهان وەک تاوانێکی گەورە ناسراوە، ئەگەرچی لە وڵاتان و کولتوورە جاجیاکاندا بەشێوەی جیاجیا پێناسەکراوە. لە جیهانی ئەمڕۆدا هەموو جۆرە کارێکی سێکسی

لەگەڵ کەسێکی دیکەدا، ژن بێت یان پیاو، بە بێ ڕەزامەندی ئەو کەسە مەحکومەو لەم نێوەدا نەبوونی ڕەزامەندی مەرج نییە زۆرو چوارپەل بەستن و ئازاردانێکی جەستەیی لەگەڵدا بێت بەڵکو هەرکاتێک کەسێک ووتی: نەخێر ئەوە مانای ئەوەیە کە ڕەزامەندی نییە بۆ ئەو کارە؛ ئیتر ئەو ناچارکردنە بەهۆی هێزی بازووەوە بێت یان بەهۆی پلەوپایەی ئەوکەسەوە یان هەر هۆیەکی دیکە. ناچارکردنی کەسێک واتە بەبێ ڕەزامەندی و ئارەزوی خۆی بۆ کاری سێکسی لەو کات و ساتە دیاریکراوەدا تاوانی ڕەیپە، ئیتر پێشتر چییان ووتووە یان چییان کردووە یان دواتر پەیوەندییان چۆن بووە پاساوی ئەوە نادەن بەدەستەوە کە ڕەزامەندی ئەو کەسە وەرنەگیرێت. لێرەدا بەکارهێنانی دەرمان و ماددەی سڕکەرو ئەلکهول بۆ بێهۆشکردنی ئەو کەسە یان نیوە بێهۆشکردنی هەر تاوانەکە دەسەلمێنێت و نەبوونی ڕەزامەندی هوشیارانە دەگەیەنێت. پێویستە بوترێت کە منداڵانی خوار تەمەنی ١٦ ساڵ [5]بەهیچ شێوەیەک ڕەزامەندییان بۆ کاری سێکسی قبوڵ نییە. هەروەها ئەوانەش کە باری دەرونی و عەقڵییان کامڵ نییەو کەمئەندامن لەلایەنی ژیرییەوە ناکرێت ڕەزامەندییان بە پاساو وەربگیرێت.

لێرەدا کێشەیەکی دیکە دێتە پێشەوە ئەویش ڕەیپ لە ناو چوارچێوەی ژنومێردایەتیدایە. ئایا پیاوێک تاوانبارە بە ڕەیپ ئەگەر هات و ژنەکەی ناچار کرد بۆ ئەو کارە و لەو کاتەدا ئەو ئارەزوی ئەو کارەی نەکرد. لەڕاستیدا بەڵێ چونکە ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان دوو کەسدا هەیە چ ژن و مێرد بن یان هاوڕێ یان هەر پەیوەندییەکی دۆستانەی دیکە مەرجی ئارەزوی سێکسی دابین ناکات بە شێوەیەکی بەردەوام و دەبێت لە هەر پەیوەندییەکی سێکسیدا ئەو دوو کەسە هەردووکیان ڕەزامەندی تەواویان هەبێت بۆ ئەو کارە. تا ساڵی ١٩٢٠ لە بەریتانیا ژن بە موڵکی پیاو دادەنراو ئەو پەیوەستەی ژنومێردایەتییەی کە لەنێوانیاندا هەیە بە پەیوەستەی ڕەزامەندی سێکسی دادەنراو دەبوایە ئەو ژنە بەبەردەوامی بۆ پیاوەکەی دابینبکردایە! بەڵام دیارە ئەو مەسەلانە ئێستا چونەتە زبڵدانی مێژووەوە. بەشێوەیەکی چڕتر هەموو ئەو پەیوەندی و باسوخواسانەی کە پێش یان پاش کارێکی سێکسی ڕوو دەدەن هیچ پەیوەندییەکیان نییە بە ڕەزامەندی سێکسییەوە. واتە ئەگەر کەسێک لەگەڵ کەسێکی دیکە بوونە هاوڕێ و ڕازی بوو بچێتە ماڵی ئەو یان لە ماڵەکەی خۆیدا پێشوازی بکات و لەگەڵیدا دابنیشێت و بەشێوەیەکی ئاسایی لەگەڵیدا بجوڵێتەوە مانای ئەوە نییە کە ڕەزامەندی کاری سێکسی داوە بەو کەسەو تەنانەت ئەگەر دەستیش بدەنە ئەو کارە هەر وەک چۆن پیاوەکە دەتوانێت هەر کات بیەوێت دەستبکێشێتەوە بە هەمان شێوە کەسی دووەمیش مافی ئەوەی هەیە کە داوای ڕاوەستان یان کشانەوە بکات لە هەر قۆناغێکی ئەو کارەدابن؛ ئەم مەسەلەیە بۆ ژنومێردیش هەر وایە.

لە کۆمەڵگای کوردەواریدا زۆر باسی شەرەف و دەستدرێژی بۆسەر شەرەف دەکرێت بەڵام ئاشکرایە لەم نێوەدا مەبەستیان شەرەفی پیاو یان تایەفەو خێڵ و بنەماڵەیەو ژن لەو مەیدانەدا هیچ حسابێکی بۆ نەکراوە، ئەگەرچی زۆرجار دەبێتە قوربانی و بۆ سڕینەوەی ئەوەی کە پێی دەڵێن حەیاچون و شەرەف ڕۆیین ژنەکە دەکوژن. ئەوەی مایەی دڵتەنگییە لەم بوارەدا ئەوەیە ئەو کوشتنانە زۆربەی هەرەزۆریان لەسەر سێکسی ئارەزومەندانەیە نەک ڕەیپ و ئەوان ئەو کارە بە دەستدرێژی بۆسەر شەرفیان دەزانن چونکە لە دەرەوەی بازنەی ژنومێردایەتی ئەنجامدراوە. تەنانەت ئەگەر ڕەیپیش بێت خۆ دەبێت ئەنجامدەری ئەو کارە سزا بدرێت نەک قوربانییەکە! لێرەدا مەسەلەی ڕەیپ وونەو کەمتر سزای لەسەرەو زیاتر لەنێوان ژنومێرد و کەسانی لێک نزیک و پیاوانی دەسەڵاتدارو خاوەن پایەدا ڕوودەدات؛ هاواری قوربانییەکە ناگاتە یاسا و خۆ ئەگەر بشگات کێ گوێی لێدەگرێت.

ئەگەر بشزانرێت کەسێک بەزۆرو بەو پێوانانەش کە کۆمەڵگای کوردەواری بۆ زۆری داناوە ئەو کارەی لەگەڵ کەسێکیان کردووە ئەوا زیاتر بیر لەوەدەکرێتەوە کە کارێکی وەک ئەوە لەدژی کەسێکی ئەوان ئەنجامبدەن یان

---

[5] ئەم تەمەنە بەگوێرەی یاسای ئینگلتەرەو وێڵزەو لە وڵاتانی جیاجیادا پێدەچێت کەمێک جیاوازای هەبێت. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تا تەمەنی منداڵەکە بچوکتربێت تاوانەکە قورسترەو خۆ تەنانەت ئەگەر بە ئارەزوی خۆیشی بێت هەر ئەو کەسە بە تاوانی سێکس لەگەڵ منداڵان تاوانباردەکرێت، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە ئەویش تەمەنی منداڵ بێت، واتە لەخوار تەمەنی یاساییەوە بێت.

سوڵح بکەن بەوەی کچێکیان لێسێنن و مارەی بکەن لە کوڕێکی خۆیان؛ بۆ ئەوەی بە ڕەسمی ڕەیپی بکات. یاخود دێن کچەکە مارەدەکەن لەو کوڕەی کە کەتنەکەی کردووە! لە هەموو ئەم بوارانەدا ژن ڕۆڵێکی لاوەکی هەیەو وەک ئامێرێک یان بەشێک لە موڵک و ماڵ و پێویستییەکانی پیاو چاوی لێدەکرێت و خوێنی پێخۆشدەکرێت و سوڵحی پێدەکرێت و دەبەخشرێت و بەشێوەی یاسایی و شەرعی بە ڕەیپ کردن دەدرێت. دیارە مەسەلی ڕەیپ و تاوانە سێکسییەکان لە کوردستان پێویستی بە توێژنەوەی مەیدانی و باس و لێکۆڵینەوەی زۆر هەیەو من ئێستا لەدوورەوە ناتوام ئەو ئەرکە سەختە بگرمە ئەستۆ. ئەوەی کە من لێی ئاگادارم مەسەلەی ڕەیپە لە ئەدەبیاتی خۆرئاوادا، بەتایبەتی بەریتانی و ئەمریکی، و هەوڵدەدەم بیبەستمەوە بەو زانیاریانەوە کە خۆم وەک کوردێک و وەک ئەندامێکی کۆمەڵگای کوردەواری لەسەر کۆمەڵگای خۆمان هەمە. بە ئومێدی ئەوەی کە دەرگای توێژینەوەی تێروتەسەل لەو بوارەدا بکرێتەوەو بشبێتە هۆی کامپین و فشار لەپێناوی پێشنیارکردنی یاساو بڕیاری سەردەمیانە لە پەرلەمانی کوردستاندا لەو بارەیەوە.

ئێستاش لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا ڕەیپ نەک هەر هەیە بەڵکو زۆریشە. هۆکارێکی دیاریکراو نییە بۆ ڕەیپ: پیاوانی جیا جیا بۆ مەبەستی جیا جیاو بەهۆی جیاجیاوە تاوانی ڕەیپ ئەنجامدەدەن. ئێستاش ڕەیپ تەنانەت لە کۆمەڵگا خۆرئاواییە پێشکەوتووەکانیشدا هەر لە ڕیزی تاوانە شاراوەکاندایە؛ واتە بەشی هەرەزۆری ئەم تاوانە ناگاتە دامودەزگا یاساییەکان و کەمتر پۆلیسی لێ ئاگادار دەکرێت و تەنانەت زۆرجاریش دوای ئاگادارکردنی پۆلیس کێشەکە دادەخرێت لەسەر داوای شکاتکەرەکە. هۆکاری ئەوەش زۆرن و لەوانە:

- ئەو کەسە نایەوێت ڕوبەڕوی لێپێچانەوەی یاسایی ببێتەوە.
- پێدەچێت نەیەوێت خەڵک بەوە بزانن کە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر.
- لەوانەیە لە تۆڵەسەندنەوەو پەلاماری زیار بترسێت،
- لەوانەیە نەیەوێت ماڵ و خێزانی لێتێکبچێت، لە کاتێکدا کە پەلاماردەرەکە هاوسەرەکەی یان ئەندامێکی خێزانەکە بێت .
- لەوانەیە هەرنەشزانێت کە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەرو بە گوناهی خۆی بزانێت یان بە کارێکی ئاسایی و نۆرماڵی بزانێت.
- خەمی ئەوەیەتی کە پۆلس باوەڕی پێنەکات.
- لەوانەیە بڵێت دادوەر دەڵێت: خەتای خۆتە، جا تۆ بەو نیوەڕووتی و جلوبەرگەوە بچیتە دەرەوە چۆن ڕەیپ ناکرێیت!
- پێدەچێت وابزانێت کە کەس باوەڕ بەوە ناکات کە بە پێچەوانەی ویستی خۆیەوە بووە، چونکە واباوە خەڵک دەڵێن: هەموو ژنێک یەکەمجار هەر دەڵێت نا.

ئەم مەسەلانە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا چڕتر دەبنەوەو مەسەلەی دیکەشی دێتەپاڵ وەک ئەوەی ترس لە براو باوک ئامۆزاو تیتکەزاکانی کە بیکوژن و بڵێن خەتای خۆتە، یان تەنانەت ئەگەر نەشڵێن خەتای خۆیەتی هەر بە ئابڕوچونی بزانن و بەکوشتنی ئەو ئەو ئابڕووە تکاوە بگێڕنەوە. لە کوردستان کە هەواڵی کوشتنی ئافرەتێک دەبیسترێت یەکسەر خەڵک پێدەکەنن و دەڵێن: بەو خوایە بە خۆڕایی نییە! هەڵبەتە شتێکی کردووە! Muncie & McLaughlin (2001) دەڵێن کە پیاوێک لەو سەر شەقامە پەلاماری پیاوێکی دیکە دەدات هەموو کەس لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەوە پەلامارەو تاوانە، بەڵام ئەگەر کەسێک لە ژنەکەی یان منداڵەکەی بدات وەک کێشەیەکی خێزانی و تایبەت چاوی لێدەکرێت. دیارە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کوشتنیشی بە شەرعی دەزانرێت چونکە 'شتێکی کردووە!'

هۆکاری دەستدرێژی سیکسی بۆسەر ژنان زۆرەو هەمەجۆرن بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو هۆکارانە دەگەڕێنەوە بۆ کولتووری باوکسالاری و ئەو ڕاستییەی کە تەنانەت لە پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهانیشدا هێشتا هەر ڕەگەزەکان لەیەک جودان و باڵادەستی نێرینەو توندوتیژی ئەوان تاڕادەیەکی زۆر بە ئاسایی

دەناسرێت. ئەو باڵادەستی و توندوتیژییە بە ئاشكرا لە نێو خێزان و شوێنی كارو تەنانەت لە پەیوەندی سێكسیشدا دەبینرێت. لەم نێوەدا پیاوان پێدەچێت بۆ سەپاندنی باڵادەستی خۆیان بەسەر ژناندا و زامنكردنی بێدەسەڵاتی و ئەڵقەلەگوێی ئەوان ڕەیپیش بەكاربهێنن.

كۆمەڵێک توێژینەوە كراوە لەسەر هۆكارو شێوازی ڕەیپ لە ئەمریكاو Chappel et al. (1977) دەڵێن كە بەزۆری لە شارەگەورەكاندا ڕەیپ لە ماڵی قوربانییەكەدا ڕودەدات، بەڵام لە شارە بچوكەكاندا بەزۆری لە ناو ئۆتۆمۆبێلدا ڕودەدات؛ ئەو لێرەدا مەبەستی ئەوەیە كە ئەو ئافرەتانەی لە ناوچە دورەدەست و لادێكاندا ڕازی دەبن سواری ئۆتۆمۆبێلی خەڵک ببن، لەو كاتانەدا ئەگەری ڕەیپ كردنیان زۆرترە. ئەوان لەو لێكۆڵینەوەیەدا ئەوەیان بۆ دەركەوتووە كە بەزۆری ڕەیپ لە نێوان كاتژمێر ٨ی شەوو ٢ی سەر لەبەیانیدا ڕودەدات و لە زۆربەی هەرە زۆریشیاندا لە تاریكییەكی تەواودا ئەنجامدەدرێن. ئەوەش لێكدانەوەی كریمینۆلۆژی و سایكۆلۆژی خۆی هەیە چونكە پێدەچێت بێجگە لەوەی كە تاوانبارەكە نەیەوێت بەباشی بناسرێتەوەو كەشف ببێت مەبەستی لە تاریكییەكە ئەوەش بێت كە كەسایەتی قوربانییەكە لەبیر بكات و هەموو هەست و سۆزێكی مرۆڤانەی خۆی بخاتە ئەولاوەو وەک ئامێرێک نەک مرۆڤێک مامەڵەی لەگەڵدا بكات. هەروەها هۆیەكی دیكەش ئەوەیە كە ئەلكهول و دەرمان بە زۆری لە ئێواراندا بەكاردێن كە دیارە زۆرجار ڕێخۆشكەرن بۆ تاوان بە گشتی و تاوانە سێكسییەكان بەتایبەتی. لەلایەكی دیكەشەوە بەكارهێنانی ئەلكهول و دەرمان ئەگەری بوونە قوربانی تاوانیش جارێكی دیكە زیاد دەكەن. بەڵام دیارە ئەم لێكدانەوانە ڕەها نین و بەگوێرەی شوێن و كات دەگۆڕێن.

Amir (1971) لە لێكۆڵینەوەیەكدا ئەوەی بۆدەركەوت كە قوربانیانی ڕەیپ بەزۆری تەمەنیان لەنێوان ١٦-٢٥ ساڵاندایەو بەزۆری كەسانی زوگوردن، چونكە بەتەنیا دەژین و بەتەنیاش هاتوچۆدەكەن. بەزۆری باری ئابوریان لاوازەو كەمدەرامەتن و هەروەها ئەو دەڵێت ژنانی ڕەشپێست زۆرتر ڕەیپدەكرێن، وەک لەكەداركردن و كەمبایەخ سەیركردن و بەكارهێنانیان وەک ئامێری سێكس. دیارە ئەو توێژینەوەی ئەمیر ئەمریكییەو مەسەلەی نەژاد و هەروەها مەسەلەكانی دیكەش لە كات و شوێنی جیاوازدا شێوازی جیاجیا وەردەگرن.

Ploughman& Stensrud ((1986) تاڕادەیەک پشتگیری ئەو بۆچونانە دەكەن و دەڵێن ئەو هەلومەرجەی كە تاوانی تێدا ڕودەدات، بەتایبەتی تاوانی ڕەیپ نە گاڵتەیەو نە هەڕەمەكی، بەڵكو شیرازەیەكی كۆمەڵایەتییان هەیەو پەیوەندییان هەیە بە هەلومەرجی ڕێكخستنی كات و ئەو دەوروبەرەی كە مرۆڤ تێیدا هەڵدەسورێت. بەڵام ئەوان لە توێژینەوەكەیاندا بۆیان دەركەوت كە زۆربەی تاوانەكانی ڕەیپ یان لە ماڵی تاوانبارەكە ڕوودەدەن یان لە ماڵی قوربانییەكە. بەزۆری لەسەر شەقامێک پێشتر یەكتر دەبینن و زیاتر لە گەڕەكی تاونبارەكە یەكتر دەبینن كە دوور نییە لە گەڕەكی قوربانییەكە.

ئەم توێژینەوانە ئەگەرچی ڕەها (مطلق) نین بەڵام گەلێک ئەفسانە بەدرۆ دەخەنەوە لەسەر ڕەیپ و تاوانە سێكسییەكان. خەڵكی دەڵێن: لەگەڵ نەناسیاو قسەمەكە- متمانە هەر بە خزم بكە- ئەو كەسە كە قسەت لەگەڵ كرد كەس نازانێت خەڵكی كوێیە بۆ قسەی لەگەڵ دەكەیت- دەرگاكەت توند دابخە- بەتەنیا هاتوچۆ مەكە- بەشەو مەچۆ بە هیچ لایەكدا... هتد؛ كەچی بەپێچەوانەوە زۆربەی تاوان و بەتایبەتی تاوانە سێكسییەكان لە كەسانی نزیكەوە ڕودەدەن. ئەم مەسەلەیە لە تاوانە سێكسییەكان بەرانبەر مناڵ زۆرتر جەخت دەبنەوەو زۆربەی هەرەزۆری ئەو تاوانانە لەلایەن خزم و كەسانی نزیكی مناڵەكەوە ئەنجام دەدرێن.

Amir (1971); Cahppell et al. (1977) هەندێک جیاكەرەوەی كەسایەتییان بۆ دەركەوت لەسەر تاوانبارانی ڕەیپ و دەڵێن كە بەزۆری گەنجن و تەمەنیان لەنێوان ١٦-٣٠ ساڵدایەو بەزۆری لە چینە هەژارەكانن و ڕەشپێستەكان ڕێژەیەكی بەرزیان پێكدەهێنن. ئەم لیستانە هەمدیس ڕەها نین و پەیوەندییان بە كات و شوێنی تایبەتەوە هەیە؛ خۆ پێدەچیت لە كوردستان و هەموو وڵاتانی خۆرهەڵات تەمەنی ئەو تاوانبارانە زۆر لەوە بەرزتربێت و بەزۆریش لە چینە باڵاكان بن. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە كە ئەوان بۆیاندەركەوت كە لەو كەسانەدا كە توێژینەوەیان لەسەر كردوون نیوەیان ژنیان هەبووە و ٦٠% منداڵێک یان

زیاتریان هەبووە. لەهەر چوار کەس یەکێکیان پێشتر ڕەیپی کردوەو لەهەرسێکەس یەکێکیان پێشتر تاوانی توندوتیژی ئەنجامداوە.

Henn et al. (1976) دەڵێن کە پێناچێت هەموو ئەوانەی کە ڕەیپ دەکەن لەبارەی دەروونییەوە شێواو بن، یان لەبارەی ژیرییەوە نەخۆش بن، بەڵام Hollin (1989) دەڵێت کە هەردەبێت جیاوازییەکیان هەبێت لەگەڵ خەڵکی ئاسایی ئەگینا دەبێت بڵێین کە هەموو پیاوێک تاوانی ڕەیپ ئەنجامدەدات ئەگەر بۆی هەڵبکەوێت.

ئەوەی کە بیروڕا باوەکانی ناو کۆمەڵگا بەدرۆ دەخاتەوە دەربارەی ڕەیپ کە گوایە ڕەیپ لەلایەن ئەو پیاوانەوە ئەنجام دەدرێت کە زۆر تامەزرۆی سێکسن، یان وەک بە کوردییەکەی خۆمان دەڵێن زۆر موحتاجن، یان ئارەزوویەکی سێکسی لەڕادەبەدەریان هەیەو ئەگەر وا نەکەن تێکدەچن، ئەوەیە کە زۆربەی تاوانەکانی ڕەیپ پێشتر بەکاوەخۆ پلانیان بۆدانراوە. ئەو ڕاستییەش کە زۆربەیان ژنیان هەیەو منداڵیان هەیە هەمدیس ئەو بیروڕا باوە بەدرۆ دەخاتەوە کە ئەوان گوایە لەبەر دەستنەکەوتنی سێکس ڕەیپ دەکەن. Hollin (1989) دەڵێت کە ڕەیپ زیاتر توندوتیژییە لەوەی سێکس بێت. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئەو پیاوانە بۆ توندوتیژیی بەشێوەی سێکس ئەنجامدەدەن و بە شێوەی دیکەی توندوتیژی ئەنجامی نادەن؟ پێدەچێت ئەو جۆرە پیاوانە تام و چێژێکی تایبەت لەو تێکەڵاوکردنی سێکس و توندوتیژییە وەربگرن. بۆ زیاتر سەلماندنی قسەکانی Hollin (1989) دەڵێت لە زۆربەی کارەکانی ڕەیپدا بێجگە لەو زامدار بوونی جەستەییەی کە لە ئەنجامی کارەکەوە ڕوودەدات زامداربوونی جەستەیی دیکەش لەسەر قوربانییەکان دەبینرێت. لە هەندێک باردا زامداربوونێکی تەواو خراپ لە نێو گیانی ئەو کەسەدا ڕوودەدات و لە ژمارەیەکی کەم و دەگمەنیشدا کوشتن یان ئەشکەنجەدانێکی زۆری لەگەڵدا دەبێت کە بە سادیستی ناسراوە.

Groth (1979) جۆرەکانی ئەو کەسانەی کە ڕەیپ دەکەن دەکات بە سێ بەشەوە:

١. ڕەیپ کردن بەهۆی توڕەییەوە: ئەم جۆرە ڕەیپە بەزۆری بەدوای دڵپیسی و ئاژاوەی ناوماڵ یان ڕەتکردنەوەو قبوڵنەکردندا دێت. بە زۆری بەرانبەر ژن و هاوسەرو هاوڕێی ژیان ئەنجامدەدرێن. لەو داتایانەدا کە ئەو کۆی کردونەوە ٤٠% لەو جۆرە ڕەیپە بوو.
٢. ڕەیپی هێز: ئەم جۆرە ڕەیپە بە مەبەستی سەلماندنی پیاوێتی (نێرینەیی) ئەو کەسەو باڵادەستی بەسەر مێینە یان کەسانی دیکەی هاو ڕەگەزی خۆی و بەدەستهێنانی سێکس و تێرکردنی ئەو ئارەزوانەیە. لەم جۆرە ڕەیپەدا کەمترین هێز بەکاردێت، واتە تەنها بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سێکسییەکەی نەک بەمەبەستی ئازاردانی قوربانییەکە. ئەمجۆرەیان ٥٥% داتاکەی بوو.
٣. ڕەیپی سادیستی: لەم جۆرە ڕەیپەدا سێکس و توندوتیژی تەواوکەری یەکترن و بەزۆری قوربانییەکە دەبەسترێتەوەو لەلایەنی دەروونییەوە سوکایەتی پێدەکرێت و لەلایەنی جەستەییشەوە زۆر ئازارو ئەشکەنجە دەدرێت کە هەندێک جار کوشتنیشی بەدوادادێت. ئەمجۆرە ڕەیپە تەنها ٥%ی داتاکەی گرتۆتەوە.

پۆلێنکردن و لێکدانەوەی زۆر کراوە بۆ جۆرەکانی ڕەیپ و چۆنێتی کەسایەتی تاوانبارەکان بە مەبەستی تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی ئەو تاوانەو مەبەست و پاڵنەرەکانی تاوانبارەکە. چونکە ئاشکرایە کە ڕەیپ تەنها کاری سێکس نیەو بەس بەڵکو، بەتایبەتی لە ڕەیپی سادیستیدا، زۆربەی جار ئاوهاتنەوەی پیاوەکە لە ئەنجامی ئازاردانی ئافرەتەکەو توندوتیژییەوە ڕوودەدات نەک بەهۆی کاری سێکسیی ئاساییەوە.[ Hollin (1989) ]

Cohen et al. (1971) تاونبارانی ڕەیپ بەمجۆرە پۆلێن دەکەن:

١. ئەو تاوانبارانەی کە توندوتیژییەکانیان دەگوێزنەوە: ئەمجۆرە تاوانبارە ڕەیپ بۆ دەربڕینی توڕەیی و توندوتیژی نێو ناخیان بەکاردەهێنن، کە ئامانجیان ئازاردانی جەستەیی قوربانییەکەیە کە بەزۆری یان ژنی یان کچە هاوڕێکەیەتی.
٢. تاوانبارانی ڕەیپی جێگرەوە: ئەمجۆرە تاوانبارە ڕەیپ تەنها بۆ مەبەستی بەدەستهێنان و تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانیان بەکاردەهێنن. ئەو توندوتیژییەی کە بەکاری دەهێنن تەنها بۆ ناچارکردنی

ئەو کەسەیە بۆ کاری سێکسی نائارەزومەندانە، ئەگینا مەبەستیان ئازاردانی دیکە نییە. ئەوانە دەیانەوێت لەڕێگای ڕەیپەوە ئەوە بەدەست بهێنن کە بەشێوەی ئاسایی دەستیان پێیناگات.

٣. ئەو تاوانبارانەی کە سێکس و توندوتیژی تێکەڵ دەکەن: ئەمانە سادیستین و هەتا قوربانییەکە زیاتر ئازاربدرێت ئەوان ئارەزوی سێکسییان باشتر دەوروژێت.

٤. ئەوانەی کە کاتێک بۆیان هەڵبکەوێت ڕەیپ دەکەن: ئەمانە کاتێک هەلێکیان بۆ هەڵبکەوێت بەو تاوانە هەڵدەستن وەک لەکاتی دزی بۆ سەر ماڵێک یان بینینی کەسێک لە شوێنێکی دوورەدەست. جارێکی دیکەش پێویستە ئەوە وەبیر بهێنرێتەوە کە ئەو لیستە تەواوو ڕەها نییەو پێدەچێت چەندەها هەلومەرجی جیاوازی بچێتە سەر لە کولتوورو وڵاتە جیاجیاکاندا.

هەندێک لێکۆڵینەوەی دیکە کراوە لەسەر کەسایەتی ئەو کەسانەی کە بە تاوانی ڕەیپ هەڵدەستن و لەسەر شێوازو جۆرەکانی وروژانی ئارەزووە سێکسییەکانیان. ئاشکرایە هەموو پیاوێک جۆرە کاردانەوەو وروژانێکی سێکسی تێدا بەدیدەکرێت کاتێک سەیری وێنە یان فیلمێکی پۆرنۆگرافی (سێکسی) دەکات. بەڵام Hollin (1998) ئەوەی بۆ روونبووەتەوە کە ئەو پیاوانەی ئارەزوی ڕەیپ ناکەن وروژانی سێکسییان نییە یان کەمە بەرانبەر ئەو وێنەو فیلمانەی کە تاوانی ڕەیپیان تێدا ئەنجام دەدرێت یان کەسەکە تێیدا ئازار دەدرێت، بەڵام بە بینینی ئەو دیمەنانەی کە سێکسی ئارەزومەندانەی تێدا ئەنجام دەدرێت ئارەزوی سێکسییان دەبزوێت. بەپێچەوانەوە، ئەوانەی کە ئارەزوی ڕەیپ دەکەن بەو جۆرە دیمەنانە کە سێکسی ئارەزومەندانەی تێدایە کاردانەوەیەکی کەمیان هەیە بەڵام بە بینینی وێنەو دیمەنی کەسێک کە ڕەیپ دەکرێت ئارەزوی سێکسییان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەوروژێت و پێدەچێت تەنها بەوجۆرە ئارەزوی سێکس بکەن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا زۆر دوورە بتوانین هێڵێکی ڕێک بکێشین لە نێوان ئەو کەسانەدا کە تاوانباری ڕەیپن و ئەو کەسانەدا کە ئاساین. ئەمە دەمانباتەوە بۆ پرسیارە کلاسیکییەکانی کریمینۆلۆژی کە ئایا کرۆمۆسۆمی تاوانبارەکان جیاوازە لە هی خەڵکی تر؟ [6] هەر Hollin (1998) خۆی دەڵێت کە هەندێک پیاو لەترسی لێپێچانەوەی یاسایی و کەشف بوون ئەو کارە ناکەن، ئەگینا ئەگەر بزانن کێشەی لەو جۆرەیان بۆ دروست نابێت ئامادەن بۆ ئەو تاوانە.

Prins (1986) دەڵێت لە ئینگلتەرەو وێلز ساڵانە ١٠٠٠٠ تاوانی سێکسی تۆمار دەکرێت[7]، بەڵام ئەو لەو باوەڕەدایە کە ڕێژەی ئەو تاوانە زۆر لەوە بەرزتربێت، بەڵام دیارە پۆلیسیان لێئاگادار ناکرێتەوە لە بەر ئەو هۆیانەی کە لە سەرەوە باسکران. جا دەبێت لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا چەند تاوانی سێکسی ڕوبدات و چەندی بگاتە دادگاو ئەوانەش کە دەگەن چەندیان سەرکەوتن بەدەستبهێنن ؟ من ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە.

ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە باسبکرێت ئەوەیە کە تەنها سزادانی تاوانبارانی ڕەیپ ناتوانێت برینی قوربانییەکان سارێژ بکات. ئەو قوربانیانە زیاتر لە هەر قوربانییەکی دیکە پێویستیان بە پشتگیری و کۆمەک هەیە. هەندێک جار پێویستیان بە سەرپەرشتی تایبەت هەیە لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ، یان لەوەش زیاتر پێویستیان بە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون هەیە بۆ ئەوەی بتوانن دێوەزمەی ئەو تاوانە لە هزریاندا

---

[6] من لەو بارەیەوە وتارێکی دیکەم نوسیوە کە لە گۆڤاری خاک ژمارە ٨٥ ساڵی هەشتەم ٢٠٠٤ دا بڵاوکراوەتەوەو لەسەرماڵپەڕی خۆیشم www.knowledgesource.blogspot.com داونلۆد دەکرێت بە کرتەی بەشی (بابەتی یاساو تاوانناسی (کریمینۆلۆجی)

[7] بە گوێرەی ئامارە نوێکان ئێستا ئەو ژمارەیە لە ١٤٠٠٠ بەرەوژورترە بەڵام پێدەچێت هۆکارەکەی ئەوە نەبێت کە ئەو جۆرە تاوانانە ڕو لەبەرزییە بەڵکو خەڵکی زیاتر وریا دەبنەوەو زیاتر پۆلیس ئاگادار دەکەن لە کێشەکانیان. پێویستیشە بوترێت کە تاوانە سێکسییەکان هەر ڕەیپ نییەو هەموو جۆرە تاوانێک دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە سێکسەوە هەبێت لەگەڵ مناڵ یان گەورە بە خراپبەکارهێنای پلەو پایەشەوە بە سێکس کردن لەگەڵ کەسانی دەستوپێوەندو کارمەندی خوارخۆی، کە جودایە لە ڕەیپ.

بسرِنەوە. کەسانی جیاواز کاردانەوەو پەرچەکرداری جیاجیان هەیە بۆ تاوان. بۆ نمونە، هەندێک کەس ئەگەر شەوێک دزێک بێتە ناوماڵەکەیان و شتێک بدزێت یان هەر پەنجەرەیەک بشکێنێت ئیتر ناتوانن بە ئارامی لەو ماڵەدا بخەون و دەیانەوێت لەوشوێنە بگوێزنەوە. لە بەریتانیا زۆر جار لە سەردانی قوربانیانی تاواندا ئەو پێشنیارانە ڕوبەڕوی کۆمەڵەی کۆمەکی قوربانیانی تاوان (Victim Support) دەکرێتەوە کە خۆم وەک خۆبەخش کاری تێدا دەکەم. ئەی ئەگەر کەسێک تاوانی ڕەیپی بەرانبەر کرابێت؟ ئەو کاتە مەسەلەکە زۆر زۆر سەختترە. لە کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکاندا تاڕادەیەک پەیوەندی کۆمەڵایەتی پتەو ماوە لەنێو خەڵکدا. ئەگەر کەسێک ماڵەکەی ببڕێت یان ئۆتۆمۆبێلەکەی بدزرێت یان سەری مناڵەکانی بشکێت تاڕادەیەک بەشێوەیەکی ئاسایی خزم و کەسوکارو دراوسێ دەچنە سەردانی و دڵنەوایی دەکەن؛ پێدەچێت ئەمە هەر بەشێوەیەکی سروشتی کۆمەکێکی مەعنەوی بێت بەو قوربانیانە. بەڵام ئەی ئەگەر کەسێک دەستدرێژی سێکسی کرایە سەرو لەوەش خراپتر ڕەیپ کرا! لێرەدا پێدەچێت کۆمەڵگا نەفرەتی لێبکات: ئا لێرەدا دەتوانین بڵێین کۆمەڵەیەکی وەک کۆمەڵەی کۆمەکی قوربانیانی تاوان بۆ ئەو جۆرە قوربانیانە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا پێویستییەکی ژیانییە.

نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە هەرجۆرە خزمەتێکی لەو جۆرە دەبێت بەشێوەیەکی نهێنی بێت و تەنها پۆلیس و کۆمەڵەی قوربانیانی تاوان لێی ئاگادار دەبن و نابێت هیچ کەسێک لەوانەی سەردانی قوربانییەکان دەکەن، کە بەزۆری خۆبەخشن، نهێنی هیچ قوربانییەک بدرکێنێت. دەبێت ناسنامەی تایبەتیان پێبێت و لەکاتی سەرداندا نیشانی قوربانییەکەی بدەن و هەموو ئەم مەسەلانەش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی قوربانیەکە دەبێت، کە مافی ئەوەشی هەیە بڵێت کەس سەردانم نەکات و پێویستم بە هیچ نییە. ئێستا، لە ساڵی ٢٠٠٦ ەوە لە بەریتانیا دەبێت هەموو قوربانییەکی تاوان لە ماوەی ٤٨ کاژێردا بە تەلەفون لەلایەن خۆبەخشێکی کۆمەڵەی کۆمەکەوە پەیوەندی پێوەبکرێت و ئەگەر ئارەزوی ئەوەی کرد کە ڕووبەڕوو لەگەڵی دابنیشێت ئەو کەسە سەردانی دەکات. دەتوانێت لەبارەی مەعنەوییەوە هاوسۆزی لەگەڵدا نیشانبدات و ڕێنومایی پێویستی بکات و ئەگەر پێویستی کرد و قوربانییەکە پێی باش بوو ڕوبەڕوی دەزگای دیکەی بکاتەوە بۆ کۆمەکی زیاتر.

## سەرچاوەکان:


Home Office Crime Statistics. Available from:
http://crimestatistics.org.uk/output/page76.asp

Muncie, J., & McLaughlin, E. (2001) The Problem of Crime. 2nd ed. London: Sage Publications.

Hollin, C., R. (1989) Psychology and Crime: an introduction to criminological psychology. London: Routledge.

Hale, C., et al. (2005) Criminology. Oxford: Oxford University Press.

Ainsworth, P., B. (2000) Psychology and Crime: Myths and reality. Harlow: Pearson Education Ltd.



وانەکانی خوێندنی "سایکۆلۆژی تاوان" لە پەیمانگای لانکەشێری خۆرهەڵات بۆ خویندنی باڵا سەر بە زانکۆی لانکاستەر.

لە www.kurdistannet.org لە ڕۆژانی ٥ و ٦ و ٧ ی حوزەیرانی ٢٠٠٦ دا بە سێبەش بڵاوکراوەتەوە. لە www.Klawrojna.com و www.kurdistanan.com یشدا هەر لەو مانگەدا بڵاوکراوەتەوە بە سێ بەش.

# ئایا کرۆمۆسۆمی تاوانبارەکان جیاوازە لە هی خەڵکی تر؟

ن.عەتا مەلا کەریم

گەڕان بەدوای هۆکاری بایۆلۆجیدا بۆ تاوان بابەتێکی نوێ نییە. لە زۆر کۆنەوە خەڵکی پرسیویانە: ئایا بۆ هەندێک کەس لەوەدەچێت هەر بە شومی و شەڕەنگێزی لەدایک بووبن؟ زاناو پزیشکی ئیتالی لۆمبرۆسۆ لە سەدەی نۆزدەهەمدا هەوڵیدا هێڵێکی جیاکەرەوە بکێشێت لەنێوان تاوانباران و خەڵکی ئاسایدا بە وەسف کردنی جیاکەرەوە ڕوخسارییەکانی  تاوانبارەکان؛ بۆ ئەم مەبەستە لیستێکی ئامادەکرد کە کۆمەڵێک ڕوخسارو دەموچاوی تیا بوو کە گوایە تاوانبارەکان لەمانە بەدەرنین !

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بیرو بۆچونەکانی لۆمبرۆسۆ وەک بەشێک لە مێژووی کریمینۆلۆجی  دەخوێندرێت بەڵام ئەوەی کە هەتا ئێستاش ڕەواجی هەیەو بگرە لەم ساڵانەی دواییشدا لە هەموو کاتێک زیاتر بووە جێگەی مشتومڕی زانایان و توێژەرەوان ئەوەیە کە: ئایا جینێک یان کرۆمۆسۆمێکی دیاریکراو لێپرسراوە لەوەی کە هەندێک کەس دەبن بە تاوانبارو هەندێکی تریش ئاسایین؟

دیارە گەلێک هۆکاری گشتی و تایبەتی هەیە بۆ تاوان و هەروا بە سانایی ناتوانین هێڵێکی ڕاست بکێشین لە نێوان تاوانباران و خەڵکانی ئاساییدا. هۆکارە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەی و ژینگەییەکان لە دەمێک ساڵەوە بە گشتی یان بە تایبەت بە هۆکاری سەرەکی تاوان دانراون. بەڵام زانایان و توێژەرەوان کۆڵیان نەداوەو کۆڵیش نادەن لە گەڕان بەدوای هۆکارەکانی تاوانداو لەم مەیدانەشدا کەڵک لە نوێترین هۆکاری زانستی وەردەگرن.

لەنێوان ئەو هۆکارانەدا کە دەبنە هۆی تاوان، هۆکارە جینیتیکییەکان (بۆماوەییەکان) لە هەموویان زیاتر جێگەی مشت و مڕی توێژەرەوانە. هەندێک کەس دەڵێن: ئەگەر تاوانبارەکان بە تاوانباری لەدایکبوونایە و هەڵگری جینێکی تایبەت بوونایە، خەڵکانی تر نەدەبوو تاوانیان ئەنجامبدایە! ئەی ئەگەر واش نیە بۆ هەندێک کەس توندو تیژو شەڕەنگێزن و هەر لە منداڵییەوە خولیای تاوان و سەرپێچیین کەچی خەڵکانی تر هەن لە هەمان ژینگەداو لە ژێر هەمان سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتیدان و کەچی هێمن و لەسەرخۆن؟

لە ئەوروپا تا سەدەی هەژدەهەم و پێش داهاتنی سیستەمی زیندان، تاوانبارەکانیان بە خەڵکانێکی نائاسایی و خراپ ناوزەد دەکرد و تەنانەت لە شوێنە گشتییەکاندا لەبەرچاوی خەڵکانێکی زۆر دەیانکوشتن، بە حساب دەیانکردنە پەند و عیبرەت بۆ خەڵکی تر.  ئەوان لەو باوەڕەدابوون کە تاوانبارەکان گیانێکی ئەهریمەنیانەیان تێدایەو پێویستە هەتا زووە کۆمەڵگایان لێ پاک بکەینەوە. ئەوان تاوانیان وەک پەتایەک سەیر دەکرد کە تووشی کەسانێک دەبێت و بە کوشتنی ئەو کەسانە گوایە بەریان لێدەگرت .

لەگەڵ داهاتنی سیستەمی زیندان و سزا لەباتی کوشتن، زانایان لەوە نەپونگانەوە کە بەدوای هۆکارەکانی تاواندا وێڵبن. زانایانی بایۆلۆجی هەندێک کرۆمۆسۆمی نائاساییان دۆزییەوە لە خانەکانی لەشی مرۆڤداو بووە جێگەی سەرنجیان .

ئاشکرایە کە کرۆمۆسۆمی مێینە (XX) هو کرۆمۆسۆمی نێرینەش (XY) ، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو ئەوە بوو  کە ئەوان هەندێک نێرینەیان دیتەوە کە هەڵگری کرۆمۆسۆمێکی زیادەی نێرینە بوون، واتە لەباتی (XY) ئەوان خاوەنی (XYY) بوون.

نێرینە هەر لە بنەڕەتەوە بە پەلاماردەرو توندوتیژتر ناسراون لەچاو مێینەدا، نەک هەر لەناو مرۆڤدا بەڵکو لەناو هەموو گیانەوەرەکانی تریشدا. ئەی ئەگەر هەندێک نێرینە کرۆمۆسۆمە نێرەکانین دوو ئەوەندە بن؟! ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دوو ئەوەندەی خەڵکانی ئاسایی توندو تیژدەبن یان ئەو ئامادەییەیان تێدا دەبێت .

زانایان دوای ئەو دۆزینەوە گەورەیە دەستیان کرد بە پشکنینی تاوانبارەکان لە زیندانەکانداو لەو نەخۆشخانانەدا کە تایبەتن بەو کەسانەی کە ژێرییان لەدەستداوە. لەڕاستیدا توێژینەوەکان ئەنجامی سەرسوڕهێنەریان دا بەدەستەوەو ژمارەیەکی زۆر تاوانبار و نەخۆش دەستنیشانکران کە هەڵگری کرۆمۆسۆمی دەبڵی نێرینە بوون . (XYY).

لێرەدا خەڵکانێکی زۆر ووتیان تەواو، تاوانبارەکان دۆزرانەوە! هەموو کەس بپشکنن و ئەوانەی ئەو کرۆمۆسۆمە دەبڵەیان هەیە لەزیندانیان توند بکەن و دەرگاکە دابخەن و کلیلەکەش توڕبدەن! تەنانەت هەندێک کەس لەوەش واوەتر چوون و پێشنیاری پشکنینی کۆرپەلەکانیان دەکرد بۆ لەناوبردنی تاوانبارەکانی پاشەڕۆژ! پارێزەرەکان ئەم دۆزینەوەیان بە هەلزانی هەتا بە سوک و سانایی بڵێن: ئەم نەفەرەی من هیچ گوناهێکی نییە، ئەوەتە زانست دەڵێت کرۆمۆسۆمە نێرینەکانی دەبڵەو کەواتە هەڵگری جینێکی تایبەتی تاوانە، هەرکەسێکی تریش بێت هەر دەبێت وابکات[Ainsworth 2000] !

بەم جۆرە ئەو نائاسایی بوونە بووە بەڵگەیەکی بەرگری لەخۆکردن و ووتیان کەوابێت ئەوانە خۆیان لەسروشتیاندا تاوانبار نین بەڵکو نائاسایی بوونی کرۆمۆسۆمەکانیان پاڵیان پێوەدەنێت بەرەو تاوان .

دیارە مەسەلەکە هەر وا بە ئاسانی نەبڕایەوە، خەڵکانێکی زۆر بەرەنگاری ئەم بۆچونانە وەستانەوەو گاڵتەیان بە مەسەلەی جینی تاوان دەهات. لایەنگرانی کرۆمۆسۆمی تاوان دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لەسەر منالانی دوانە .

دوو جۆر منالی دوانە هەیە، دوانەی لەیەک نەچوو کە لە دوو هێلکەی جیاواز دروست دەبن و دوانەی لەیەکچوو کە لە یەک هێلکەوە دروست دەبن لەکاتێکدا ئەو هێلکەیە دووکەرت دەبێت. ئەم منالانەی دوایی کە بە دوانەی لەیەکچوو ناسراون هەمان کرۆمۆسۆم و هەمان سیفاتی بۆماوەییان هەیەو لە هەموو بارەیەکەوە تەواو وەک یەکن. ئەگەر مەسەلەی کرۆمۆسۆمی تاوان بنچینەیەکی زانستی هەبێت ئەوا دەبێت لەوانەدا بەتەواوی وەک یەک دەربکەوێت .

لەساڵی ١٩٣١ دا Lange تاقیکردنەوەی کرد لەسەر کۆمەڵە دوانەیەک و لەئەنجامدا بۆی دەرکەوت کە لە دوانە لەیەکچووەکاندا ڕێژەی تاوانباری ٧٧% بوو بەڵام لە دوانە لەیەکنەچووەکاندا تەنها % ١٢بوو. ئەم دەرەئەنجامە تاڕادەیەک کاریگەربوو؛ ئەگەری بوونی جینێکی تایبەت بەتاوانی بەهێزتر کرد. لە ساڵی ١٩٩٧ دا Christiansenتاقیکردنەوەیەکی هاوشێوەی ئەوەی Lange ی ئەنجامداو ئەمجارە ئەنجامەکان بۆ دوانەی لەیەکچوو %٦٠ بوو بەڵام بۆ دوانەی لەیەکنەچوو %٣٠ بوو .

ئەگەرچی ئەنجامەکانی ئەو دوو تاقیکردنەوەیە جیاوازبوون، بەڵام لە هەردوو تاقیکردنەوەکەدا ئەوەی کە بە نەگۆڕی مایەوە ئەو جیاوازییە گەورەیە بوو لەنێوان ڕێژەی دوانەی لەیەکچوو دوانەی لەیەکنەچوودا .

تاقیکردنەوەی سەر دوانەکان بە سەلماندنێکی گەورەی هەبوونی جینێکی تاوان ناوزەدکرا، بەڵام لێکۆڵینەوەی زانستی لەم خاڵەشدا ڕانەوەستاو بیر لەوەکرایەوە کە دوانەکان هەر لە هەمان ژینگەو هەمان کۆمەڵگەدا پەروەردەکراون، چۆن دەتوانین بیسەلمێنین کە ئایا هۆکارە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان بڕیاردەرن یان جینەتیکییەکان؟ ئەم پرسیارە ناکرێت هەروا بەئاسانی وەڵام بدرێتەوە .

بوارێکی تری تاقیکردنەوە ئەو منالانەبوون کە هەڵدەگیرێنەوە لەلایەنی خەڵکانی ترەوە، بەڵام ئەم بوارەش هەمدیس تووشی ئاستەنگی بوو. زۆربەی ئەو منالانەش کە لە لایەن خەڵکانی ترەوە بەخێودەکرێن هەر لە هەلومەرجێکی وادا دەژین کە تا ڕادەیەکی زۆر نزیکە لە هەلومەرجی ماڵی ئەسڵی خۆیانەوە .

(Williams 2001) دەڵێت ئەو توندوتیژی و گیانی پەلاماردانەی کە لە نێرینەدا هەیە کۆمەڵگە داوێتییە پاڵیان. خەڵکی بەشێوەیەکی جیاواز هەڵسوکەوت لەگەڵ کوڕ و کچەکانیاندا دەکەن و ئەو جیاوازییە سێکسیانەی کە لە نێوانیاندایە بە دوو ئاراستەی لەیەک جیاواز پێشڕەویان پێدەکرێت. جیاوازییەکان خۆیان لە

خۆیاندا ئەوەندە گەورەو گران نین بەڵام چەندەها سەدە لە پەروەردەو ڕاهێنان و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی کردونی بە دوو جیهانی لەیەک جودا .

توێژەوانی بواری کریمینۆلۆجی لەو باوەڕەدان کە فاکتەرە بایۆلۆجییەکان کاریگەریی خۆیان هەیە لەسەر مرۆڤ و ئەو کاریگەرییەش ناکرێت پشتگوێ بخرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان هەر لەو باوەڕەدان کە ئەو کاریگەریانە بەتەنها نابنە هۆکاری بڕیاردەرو یەکلاکەرەوە. ئەگەر کەسێک هەڵگری جینێک یان کرۆمۆسۆمێکی تایبەت بێت ئەوا ئەو کەسە زیاتر لە خەڵکانی تر ئەگەری تێوەگلانی هەیە لە کاری توندوتیژی و تاواندا .

پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان توندوتیژی و تاواندا، توندوتیژی هەمیشە مانای تاوان نییە، چونکە توندوتیژی دەکرێت ئاراستەبکرێت بەرەو کاری پۆزەتیفانە. بەپێی ئەم بۆچونە دەکرێت بوترێت کە ئەو کەسانەی کرۆمۆسۆمی XYY یان هەیە پێدەچێت ئارەزووی توندوتیژی و سەرکێشی بکەن، بەڵام خۆ چەندەها بواری لەبار هەیە بۆ بەکارهێنانی ووزەی ئەو کەسانە وەک کاروبارە سەربازییەکان و بەرگری و وەرزش .

بایۆلۆجیستە نوێکان دەڵێن جینەکان کاریگەرییەکی گەورەیان هەیە لەسەر هەڵسوڕانی مێشک و بێگومان هەمان کاریگەریشیان هەیە لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەوشت. بەڵام Williams 2001 دەڵێت نابێت ئەو کاریگەریانە بە خراپی بەکاربێن و بکرێن بە هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان تاوانباران و خەڵکانی ئاساییدا. ئەو زیاتر لەسەر پێشنیارەکەی پێدادەگرێت کە دەڵێت: زانست دەبێت ڕێگای پێبدرێت کە بە دوای ڕاستییەکاندا بگەڕێت بەڵام بڕیاری کۆتایی بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ دەرەنجامەکاندا پێویستە بۆ سیاسییەکان و فەیلەسوفە ئەخلاقییەکان جێبهێڵدرێت .

لەکۆتاییدا پێویستە بوترێت کە ئەو ژمارە بەرچاوەی پیاوان کە هەڵگری کرۆمۆسۆمی XYY بوون لە ناو زیندانییەکاندا مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەوانە خەڵکانێکی زۆر ترسناکن، بەڵکو کەسانێکیان تیایە کە لەسەر تاوانی بچوک و کەمبایەخ زیندانیکراون. هیچ توێژینەوەیک نییە کە پشتگیری ئەوە بکات کە هەڵگرانی کرۆمۆسۆمی XYY تاوانی ترسناک و گەورە لە هەڵگرانی کرۆمۆسۆمی XY زیاتر ئەنجامدەدەن .

تاوان کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵگایەو هیچ کۆمەڵگایەکیش نییە کە لە تاوان خاوێن بێت. دیارە هەتا ئێستا وەڵامێکی تایبەت و یەکلاکەرەوە نییە بۆ ئەو کێشەیە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە چەندەها هۆی جینەتیکی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و پەروەردەیی ڕۆڵیان هەیە لە دروست بونی تاوانباراندا. کێشەکە لەوەدایە کە لە هەندێک تاوانباردا زۆربەی ئەو هەلومەرجانە پێکەوە یەکدەگرن و دەبێتە تاوانبارێکی ترسناک.



# سەرچاوەکان

## BIBLOGRAPHY


1.Ainsworth, P., B., (2000) *Psychology and Crime: Myths and Reality.* 1st ed. Harlow: Longman.

2.Gross, R., (2001) *Psychology: the science of mind and behaviour*. 4th edition, London: Hodder& Stoughton.
3.Hollin, C., R., (1989) *Psychology and crime: an Introduction to Criminological Psychology.* 1st edition, London: Routledge.
4.Scott, S., L., (2003) Crime Library: *Courtroom Television Network LLC. Mary Bell.* [Online]
5.Williams k., S., (2001) *Textbook on Criminology.* 4th edition, Oxford: Oxford University Press.
6.Wilson, J.,(2002) *Criminal Genes* [online]

له گۆڤاری خاک ژماره ٨٥ ساڵی هەشتەم ٢٠٠٤ دا بڵاوکروەتەوە.

# ئایا زیندان باشترین چارەسەره بۆ بەرگرتن له تاوان؟

هەروەک چۆن هەمیشه له کۆمەڵگادا ڕێوشوێن و ڕێسای گشتی هەبووه، هەمیشه ڕێژەیەکی دیاریکراوی خەڵکیش هەبووه که سەرپێچی ئەو ڕێساو ڕوسمانه بکات و لەلایەن فەرمانڕەواو کاربەدەستانەوه سزا دراون. سزا، هەروەک مێژوو پێمان دەڵێت، به ئەشکەنجه، ئەتک کردن و لەسێدارەدان دەستیپێکردووه؛ که لەمێژووی ئەوروپادابه ' چاخی خوێناوی' ناسراوه. گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگاو تێگەیشتنی زیاتری خەڵک بۆ جیهانی دەوروبەریان سەردەمێکی نوێی هێنایه کایەوه، ئەو سەردەمەش به سەردەمی ' هێواشبونەوه' ناسراوه؛ لێرەدا دەرکیان بەوه کرد که سزادان مەرج نییه هەمیشه کوشتنی خەڵک بێت. زیندانیکردن یەکەمین هەنگاو بوو بۆ سزادانی تاوانبارەکان لەبریتی کوشتنیان. زیندانەکان له ئینگلتەره به گەلێک قۆناغدا تێپەڕیون له بەندیخانه بچوک و تایبەتەکانەوه بۆ خانەکانی چاککردنەوه و تا گەیشتووەته زیندانه ناوەندییەکان. هەروەها گواستنەوەی گیراوەکان له ئینگلتەرەوه بەرەو ئەمریکاو ئوستراليا ڕێگایەکی دیکه بووه بۆ ڕزگاربوون له تاوانبارەکان.

قۆناغی پێش هێواشبوونەوه به قۆناغێکی توندوتیژو نامرۆڤانه ناسراوه له هەڵسوکەوتیاندا لەگەڵ سەرپێچیکەراندا. ئەو سەردەمه سەرپێچیکەرانیان بەبەرچاوی خەڵکەوه به پەلپەلکردن و ئەشکەنجەی بێوێنه دەکوشت. مێشکی خەڵک به ئەفسانەو شتی پڕوپوچ ئاخنرابووەوەو جێگای هیچ بیرکردەوەیەکی لۆژیکانه نەدەبوەوه. ئەو سەردەمه تەنانەت هۆکاری کارەساته سروشتییەکانی وەک لافاوو بومەلەرزەو وشکەساڵیشیان دەگێڕایەوه بۆ ئەوەی که خەڵک خۆیان خراپن! دەیانووت تاوانبارەکان گیانی خراپ و ئەهریمەنانەیان تێدایەو تەنها ڕێیگاش بۆ دەرکردنی ئەو گیانه خراپانه کوشتنیانه. ئەوان لەوباوەڕەدا بوون که سزادانی جەستەیی تاوانبارەکان پێش کوشتنیان گیانیان پاکدەکاتەوەو و ئەمەشیان به پێویستییەکی حەتمی دادەنا.

قۆناغی هێواشبوونەوه به بیرکردنەوەیەکی لۆژیکیانه بۆ سروشت و کۆمەڵگا دەستیپێکرد و ئەمەش کاریگەری خۆی هەبووه لەسەر شێوەی مامەڵەیان لەگەڵ سەرپێچیکەران و تاوانباران. شێوازی ژیان گۆڕاو زانست و شارستانی و مەدەنییەت جێگای به ئەفسانەو شتی پڕوپوچ لێژکرد. لێرەدا هەستیان بەوەکرد که تاوانبارەکان مرۆڤن و تووشی لادان و سەرپێچی بوون و پێویستییان به ڕاستکردنەوەو دووبارەڕاهێنانەوه هەیه نەک کوشتن و ئەشکەنجەدان.

ئەم گۆڕانکارییانه هاوشانبوون لەگەڵ چەندەها بیرۆکەو دیدگای فەلسەفی لیبراڵی و پێشکەوتوو دەربارەی سروشت و کۆمەڵگا که لەم نێوەدا کاریگەری فەلسەفەی مارکسیزمیش نابێت فەرامۆش بکرێت.

[Emsley,1996:284] دەڵێت: "مێژوونووسه لیبراڵ و Whig ەکان به ئاراستەی پێشکەوتن و هێواشبوونەوه پێشڕەویاندەکرد و ئەم کارەشیان به بیروباوەڕی مارکسییەکان زیاتر بەهێزبوو که

لەوباوەڕەدابوون دروستبوونی زیندانەکان پەیوەندییەکی نەپساوەی هەیە بە پێویستییەکانی کۆمەڵگای بورژوازی و سەرمایەدارییەوە."

لەسەدەی هەژدەهەمدا گیراوەکان لە خانەی چاککردنەوەدا بەند دەکران و ئەو خانانەش لەلایەن دەسەڵاتدارە ناوچەییەکانەوە دەبران بەڕێوە کە لەوێدا زیندانییەکان دەبوایە لەبریتی ئەوەی کە ناکوژرێن و زیندانی دەکرێن برێک پارەبدەن. ئەم خانانە بە گەندەڵی و بەرتیلخۆری ناسرابوون و بۆ هەژاران تەنها یەکجار زیندان نەبوون بەڵکو هەزارجار:

"زیندانییوون بۆ ئەوانەی کە کەمدەرامەت و هەژاربوون وەک فەرمانی مردنێکی تەواو وابوو. هەلومەرجی پیسوپۆخڵ و مەترسی چەندەها نەخۆشی و دێوەزمەی لەبرسا مردن هەمیشە بەسەرسەریانەوە بوو." [McLaughlin & Muncie, 2001:160

لەکاتێکدا کە زیندانەکان پڕدەبوون و نەشدەکرا ئەو خەڵکە هەمووی بکوژن بەهۆی سروشتی لێکجیاوازی تاوانەکانیان و جیاوازی تەمەنیان و چەندەها هۆکاری دیکەش، بەوەش دڵیان ئاوی نەدەخواردەوە کە دوای دارکاری و قامچیکارییەکی باش ئازادیان بکەن؛ بیرۆکەی ڕەوانەکردنیان بەرەو دەرەوەی بەریتانیا سەری‌هەڵدا. یەکەمجار گیراوەکانیان دەنارد بۆ ئەمریکاو دوای دۆزرانەوەی ئوسترالیاش بەرەو ئەوێ. مەسەلەی گواستنەوەی گیراوەکان بەرەو دەرەوە دوای فەرمانی گواستنەوەی ساڵی ١٧١٨ بوو بە ڕەسمی و ماوەی پەنجا ساڵی ڕەبەقی خایاند. کاتێک بۆیاندەرکەوت کە ئوستراليا بووە بە وڵاتێکی خۆش و بەپێچەوانەی بەریتانیاوە هەمیشە خۆرەتاوەو خەڵکی پارەدەدەن کە بنێردرێن بۆئەوێ، مەسەلەی کۆچپێکردنی تاوانبارەکان ڕاگیرا.

بەدرێژایی مێژووی سزادان زیندان وەک گرنگترین و لەهەمانکاتیشدا پڕگرێوکێشەترین هۆکاری سزادان ماوەتەوەو تا ئێستاش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە سیستەمی سزاداندا. ئەگەرچی ئامانجی پشت زیندانیکردن و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانییەکاندا بەدرێژایی مێژوو گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەردا هاتوەو دێت بەڵام ئەوە نەبووەتە هۆی داهێنانی جێگرەوەیەک بۆ زیندان:

"لەکاتێکدا زیندان بەرزترین ناوبانگی هەیە لە ئاستەنگکردنی تاوانباراندا، ڕۆڵێکی بەرچاویشی هەیە لە دڵنیاکردنەوەی خەڵکیدا لەوەی کە شتێک کراوە بۆ ڕاگرتنی یاساو ڕێسا و بەرگرتن لە هەڕەشە کۆمەڵایەتییەکان کە ئەوان زۆر بە جیددی وەریانگرتووە." [Cavadino & Dignan 1997: 113]

لەهەمانکاتدا زیندان گرانترین هۆکاری سزادانەو ڕۆڵیشی لە سزادان، چاککردنەوە، ڕاهێنانەوە، بەرگرتن لە دووبارە تێوەگلانەوەیان لە تاوانەوە زۆر جێگای مشتومڕە. بۆ مەسەلەی سزادان دەتوانین بڵێین سەرکەوتووە بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە سزادان بەتەنها پێدەچێت ببێتە هۆی تاوان و سەرپێچیکردنی زیاتر.

[Cullingford, 1999:10] دەڵێت:

"بەڵگەیەکی کەم بەدەستەوەیە کە یەخسیرکردنی خەڵکی لە زینداندا بۆ ماوەی دوورودرێژ، یان هەڕەشەی ئەو کارە تاوانی کەمکردبێتەوە. کەسانێک پێدەچێت بڵێن کە باشترین ڕێگا بۆ بەرگرتن لە چالاکی جۆرە تاوانبارێک پەکخستنیانە یان ڕونتر بڵێین یەخسیرکردنیانە، بەڵام ئەو مەسەلەیە زۆر کەم پەیوەندی هەیە بە مەسەلەی بەرگرتن لە تاوانەوە. هەڕەشەی ماوەی زیندانیکردنی دوورودرێژ هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر تاوان. لەڕاستیدا ئەوەی کاریگەری هەیە شەرم و عەیبە و ئابڕوچونە نەک ترس."

لەگەڵئەوەشدا دەتوانین بڵێین کە ئەرکی سەرشانی حکومەتە کە ببینرێت پشتگیری یاسا دەکات و شیرازەی کۆمەڵگا ڕادەگرێت و سەرو سامانی خەڵک دەپارێزێت ، ئەم ئەرکەش بەبێ سیستمێکی سزادان نایەتەدی و ئەو سیستمەش بەشێوەیەکی تایبەت زیندانە. لەساڵی ١٩٩٣دا مایکڵ هاوارد لە پارتی پارێزگارانی بەریتانی ووتی:

"با مەسەلەیەک هەیە بەتەواوی ڕوونی بکەینەوە: زیندان کاریگەری باشی هەیە. زیندان دڵنیامان دەکاتەوە کە ئێمە لە پیاوکوژان و شەوکوت و ئیغتیسابکەران پارێزراوین- والەوانەش دەکات کە بەنیازی ئەنجامدانی تاوانێکن دووجار بیربکەنەوە... ئەمەش دیارە ئەوە دەگەیەنێت کە ژمارەی ئەوانەی کە دەچن بۆ زیندان

سەردەکەویت، من لاریم لەوە نییە و هەرگیز سەرکەوتویی سیستەمەکەمان بە دابەزینی ژمارەی زیندانییەکان پێوانە ناکەم." [Wilson& Ashton, 1998:16]

بەڵام توێژینەوەکان لە وڵاتە یەکگتووەکانی ئەمریکاوە، کە ژمارەیەکی هەرجی زیاتری زیندانییان هەیە، پشتگیری ئەو بیروڕایە ناکەن؛ لە ئەمریکا تاوان هەر لە چونە سەرەو ئەو وڵاتە نەبووە بە شوێنێکی ئەمین و سەقامگیر بۆ ژیان. [Wilson& Ashton, 1998:18-19]

هەندێک لەو باوەڕەدان کە زیندانەکان بدرێن بە کۆمپانیا تایبەتەکان باشترە. ئەم بیروڕایە پێداچێت بۆ کەمکردنەوەی تێچونە داڵییەکان بەسود بێت بەڵام سیستمێکی لەو چەشنە پێدەچێت کێشەی دیکەی بەدواوە بێت وەک کێشەی گەندەڵی و بەرتیلخۆری و مامەڵەی نامرۆڤانە لەگەڵ زیندانییەکاندا. ئامانجی کۆمپانیا تایبەتەکان قازانجی زیاترەو ئەوەش ناتوانێت سیستمێکی باشتری زیندان لە بەرژەوەندی جەماوەرو حکومەت دەستەبەر بکات.

کێشەی قەرەباڵخبوونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی زیندانەکان کێشەیەکی دیکەیەو کاریگەری خراپی هەیە لەسەر زیندانییەکان و کارمەندانی زیندان. زیندانییەکان ناتوانن وەکو پێویست کەڵک لە خزمەتەکانی وەک پەروەردە، ڕاهێنان و دووبارە ڕاهێنانەوە وەربگرن و بۆ کارمەندانیش کۆنترۆڵکردنیان سەختە و ئەگەری فەرتەنەو ئاشوب زۆرترە.

یەکێک لە سەرەکی ترین ئامانجەکانی زیندانی هاوچەرخ دووبارە ڕاهێنانەوەو بەرگرتنە لە سەرلەنوێ تێوەگلانەوەوە لە تاوان. بەڵام خۆ زیندان ئەو شوێنەیە کە هەموو جۆرە سەرپێچیکەرو تاوانبارێکی تێدا کۆدەبێتەوە؛ ئەمەش پێدەچێت ئەنجامێکی ڕێک پێچەوانەی ئەوە بدات بەدەستەوە.

[Wilson & Ashton, 1998: 29] کۆمەڵێک هۆکاریان دیاریکردووە بۆ ئەو مەبەستە:

- زیندانەکان ئەکادیمیایی تاوانن؛ واتە ئەوانەی کە بەهۆی سەرپێچییەکی بچوکەوە دەچنە ئەوێ پێدەچێت فێری چەندەها تاوانی گەورەتر بن.
- زیندان وا لە وانە دەکات کە دەچنە ئەوێ بیروڕایان دەربارەی خۆیان بگۆڕێت و بڵێن ئێمە تازە تاوانبارین و بە تاوانبار ناومان دەرکردووە ئیتر هەرچی بکەین کەڵکی نییە.
- ئەوانەی کە لە زیندان ئازاد دەبن کاریان دەست ناکەوێت و خەڵک بە نامۆ سەیریان دەکەن.
- زیندانییەکان باری خێزانییان دەشێوێت و زۆرجار ئەگەر نانپەیداکەری ماڵێک لە زیندان بێت باقی ئەندامانی خێزانەکە پێدەچێت دەستبدەنە تاوان بۆ دابینکردنی ژیانیان.

بەگوێرەی تازەترین ڕێوشوێن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سەرپێچیکەران و تاوانباران، کە بەرهەمی ئەرک و ماندوبوونی چەندەها پسپۆرو ئەکادیمی کریمینۆلۆجی و مافناسە لە بەریتانیا، هەوڵدانە بۆ بەرگرتن لە ڕەوانە کردنی ژمارەیەکی هەرچی زیاتری خەڵک، بەتایبەتی گەنجان، بەرەو زیندان و دانانی ڕێوشوینی جێگرەوەیە؛ یەکێک لە گرنگترین ئەو ڕێوشوێنانە زیندانیکردن لە ناو کۆمەڵگادایە.

زیندانیکردن لەناو کۆمەڵگادا واتە سەرپێچیکەر لە باتی ئەوەی لەنێو چواردیواری زیندان و لە پشت شیشی پۆڵاینەوە یەخسیربکرێت، لە ناو کۆمەڵگادا سەربەستییەکانی سنوردارەدەکرێن و ناچاردەکرێت پابەندی چەند ڕێوشوێنێکی دیاریکراو بێت کە یاسا بۆی دیاریدەکات. هەندێک جار سەرپێچیکەر ناچاردەکرێت کە لە سنوری ناوچەیەکی دیاریکراو زیاتر دوور نەکەوێتەوە یان سەردانی هەندێک شوێن نەکات کە پۆلیس بۆی دیاریدەکات. یان ئەو کەسە پابەندی ئامادەبوون و ئیمزاکردن دەکرێت کە پێویستە لەسەری لەکاتی دیریکراودا ئامادە بێت بە پێچەوانەوە ڕوبەڕوی سزای توندتر دەبێتەوە.

بەزۆری سەرپێچیکەران ناچاردەکرێن کە بە خۆڕایی بۆ دەوڵەت کار بکەن لەژێر سەرپەرشتی کادری لێهاتوو مەشق پێکراودا. ئەو جۆرە کارە پێویستە لەگەڵ لێهاتوویی و توانای کارکردن و تەمەن و ڕەگەز و هەروەها ئارەزووی ئەو کەسەشدا بگونجێت و نابێت بە هیچ کلۆجێک وەک بێگارو کاری زۆرە ملێ وابێت.

شایانی باسه ئەم جۆرە سزایانە بۆ هەموو کەس دەستنادەن و گەلێک جۆر تاوانبار ناگرێتەوە کە تاوانەکانیان گەورەن و سزای چەسپاوی یاساییان هەیە یان پێشتر سەرپێچی یاسایان کردووە یاخود بە دەستەبەرە (کەفالەت) بەربوون و مەرجەکانیان پەیرەو نەکردووە. ئەو کەسانەش کە دادگا لەو باوەڕەدایە جارێکی دیکە سەرپێچی دەکەنەوە یان مەترسییان هەیە بۆ سەر کۆمەڵگا ئەم سیستمە نایانگرێتەوە.
[Criminal Justice Act 2003]

لەبنەڕەتدا ئەم سیستمە نوێیە بەمەبەستی کەمکردنەوەی قەرەباڵغی زیندانەکان و بەرگرتن لە ناردنی لاوان و ئەوکەسانە داڕێژراوە کە یەکەمجاریانە سەرپێچی دەکەن لە چونە نێو زیندان. هەروەها ئەم سیستمە نوێیە کاریگەری باشیشی هەیە لەسەر دوور نەکەوتنەوەی ئەوکەسانە لەژیانی ئاسایی نێو کۆمەڵگاو ڕاهێنانیان لەسەر کارو پیشەی ئەوتۆ کە بەدرێژایی تەمەنیان کەڵکی لێوەردەگرن و لە تاوان دووریان دەخاتەوە.

بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای مۆدێرن بۆ چاودێریکردنی سەرپێچیکەران و ئامێری ئاگادارکردنەوە کە لەلەشی هەندێک لەو کەسانە دەبەسترێت هۆکاری دڵنیابوونن لە سەرکەوتویی ڕێبازەکە.

ئەم ڕێگایە هەروەها کاریگەری باشیشی دەبێت بۆ ئەوانەی کە لە زینداندا هەڵسوکەوتیان باشە و ئەوانەش کە ماوەی زیندانیبوونەکەیان ڕوو لە تەواو بوونە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی پلەبەپلە بگەڕێنەوە نێو ژیانی ئاسایی کۆمەڵگا.

هەندێک لە پسپۆڕان پێشنیاری ئەوەدەکەن کە بۆ هەندێک سەرپێچی کە تەنها پەیوەندی بە کێشەی تایبەتی نێوان تاکە کەسەکانەوە هەیە ڕێبازێکی دیکە پەیرەو بکرێت کە بە چاککردنەوەی دادوەری Restorative Justice ناسراوەو لەشێوەی سوڵحی عەشایەری کوردەواری لای خۆماندایە. لەم بارەدا خێزان و هاوڕێ و دۆستانی هەردوولا دادەنیشن و زۆرجار یان هەروا ڕێکدەکەون و لێیدەبورن یان بڕیار لەسەر کار یان خزمەتێک دەدەن کە سەرپێچیکەر پێشکەشی لایەنی بەرانبەری بکات؛ وەک ڕێکخستن و پاککردنەوەی باخچەی ماڵەوە یان دیکۆرو بۆیەکردنی بەشێک لە ماڵەکەی!. [Davies, et al., 2005: 77-78]

لە کۆتایدا پێویستە بوترێت کە ناکرێت ئێستا بە تەواوی دەستبەرداری زیندان ببین، بەڵام خۆ دەکرێت کارێکی ئەوتۆ بکەین کە سەرپێچیکەران بەئاراستەی ڕاستدا بڕۆن و بەرەو نێو کۆمەڵگا بگەڕێنەوە وەک ئەندامی بەسود؛ ئەگینا زیندان دەبێت بەو شێوازە گرانەی سزادان کە خەڵکە خراپەکان خراپترو خراپتر دەکات.
[Home Office UK, 1990a:6 cited in Matthews, 1999:137]

بۆپەیوەندی لەگەڵ نوسەر:
parsendow@hotmail.com
www.knowledgesource.tk

Bibliography

Cavadino, M., & Dignan J., 1997. *The Penal System*. 2nd ed. London: SAGE Publications.
*Criminal Justice Act 2003* c. 44 part 12 (142) (Online)
Cullingford, C., 1999. *The causes of exclusion: Home, School, and the Development of Young Criminals*. London: Kogan Page.
Davies, et al., 2005. Criminal Justice; An introduction to the Criminal Justice System in England and Wales. Harlow: Pearson Education Ltd.
Edwards, A., and Hurley, R., 2002. *Prisons Over two centuries- A brief history of prisons*. (Online)
Emsley, C., 1996. *Crime and society in England 1750-1900.* 2nd ed. London: Longman Group.
Forsythe, B., 2004. *Loneliness and Cellular Confinement in English Prisons 1878-1921*. British Journal of Criminology, 44 (5) 759-770.
Lea, J., 2004. *The Development of the Modern Prison*. (Online)

Matthews, R., 1999. *Doing Time: An Introduction to the sociology of Imprisonment*. Hampshire: Palgrave.
McLaughlin, E. & Muncie, J., 2001. *Controlling Crime.* London: SAGE Publications Ltd.
Wilson, D., & Ashton, J., 1998. *What Everyone in Britain Should Know about Crime & Punishment*. London: Blackstone Press Limited.



له گۆڤاری خاک ژماره بڵاوکراوەتەوە.

# ڕەگەزو تاوان
# ئایا ژنان کەمتر لە پیاوان تاوان ئەنجامدەدەن؟

نووسینی: عەتا مەلا کەریم*

حوزەیرانی ٢٠٠٤

## پێشەکی

لەم ساڵانەی دوایدا زانایانی بواری کریمینۆلۆجی ( Criminology)[8] زۆر بە بایەخەوە دەڕواننە هۆکارەکانی تاوان و لەم بوارەدا چەندەها لێکۆڵینەوەو باسی زانستی ئەنجامدراوە. یەکێک لەو بوارانەی کە جێگەی سەرنجی توێژەران و زانایانە جیاوازی ڕێژەی ئەنجامدانی تاوانی نێوان ڕەگەزی نێر و مێیە. ئایا پیاوان هەر بە سروشت توندوتیژن و ئامادەن بۆ ئەنجامدانی تاوان و ژنان هێمن و لەسەرخۆو میهرەبانن یان هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ئەو جیاوازییانە دەستنیشان دەکەن؟ ئایا کرۆمۆسۆمی نێرینە لێپرسراوە بەرانبەر توندوتیژی پیاوان یان کۆمەڵگا؟ ئایا جیاوازی نێوان هۆرمۆنی نێرو مێ بووە بەهۆی جیاوازی ڕادەی تاوان؟ ئەمانەو چەندەها پرسیاری تر. ئەم ووتارە هەوڵدەدات وەڵامی گونجاو بۆ هەندێک لەو پرسیارانە بدۆزێتەوە.

---

[8] Criminology: ئەو زانستەیە کە لە تاوان دەکۆڵێتەوە، دەتوانین بە تاواناسیش ناوی ببەین. کریمینۆلۆجی ئێستا بەشێکی سەرەکی زانستە مرۆڤایەتییەکانەو لە زۆربەی زانکۆکاندا وەک بەشێکی سەربەخۆ دەخوێندرێت.

ئۆکاڵی (١٩٨٢) دەڵێت: ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی کە هەتا ئێستا دەربارەی تاوان و تاوانناسی ئەنجامدراون لەلایەن پیاوانەوە قۆرخ کراون. ژنان یان وونن یان لە پەراوێزی ئەو باسانەدا گۆشەگیرکراون. ئامارەکانی تاوان وا ڕادەگەیەنن کە تاوان چالاکییەکە لەلایەن لاوان، بەتایبەتیش لاوانی نێرینەوە ئەنجامدەدرێت. پیاوان زیاتر تاوانی گەورە ئەنجامدەدەن بەڵام ژنان لە تاوانی بچوک و کەمبایەخدا دەردەکەون، ئەگەرچی لەو بوارەشدا هێشتا هەر کەمتر دەردەکەون لەچاو پیاودا.

ئامارەکانی زیندان لە ئینگلتەرە و وێڵز ڕاستی ئەم مەسەلەیە دەسەلمێنن: ژنان تەنها ٦% ی زیندانییەکان پێکدەهێن، لەساڵی ٢٠٠٣ دا ٦٩٦٣٨ زیندانی پاو هەبووە لەکاتێکدا تەنها ٤٤١٧ ژن لەزینداندا بوون .

ئاناکامپیڵ لەساڵی ١٩٨١ دا توێژینوەیەکی مەیدانی ئەنجامداو لە کۆتایشدا وای ڕاگەیاند کە تاڕادەیەک ڕێژەی تاوانی ژنان و پیاوان وەک یەکە. بەڵام بۆکس(Box, 1981) لە هەمان ساڵدا پەردەی لەسەر ئەوە لادا کە تەنها بە کۆکردنەوەی تاوانە بچوک و کەمبایەخەکان لەگەڵ تاوانە گەورەکاندا لەیەک ڕیزدا دەکرێت بڵێین یەکسانن، ئەگینا ئەوەی کە لە ئامارە ڕەسمییەکاندا هاتووە ڕاست و دروستن .

هەندێک لە توێژەرەوان وا پێشبینی دەکەن کە هۆی کەمتر دەرکەوتنی ژنان لە زیندان و لە ئامارەکانی تایبەت بە تاواندا ئەوەیە کە دادگاکان و پۆلیس مامەڵەی نەرمتر لەگەڵ ژنان دەکەن. مانهایم (١٩٤٠) دەڵێت: "ژنانی تاوانبار ئەگەر بشگیرێن دادگاکان نەرمتر لە پیاوان مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن". تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا و لە وولاتانی خۆرئاوادا هێشتا هەر خەڵکانێکی زۆر هەن کە لەو باوەڕەدان پۆلیس و دەزگاکانی دادوەری بەشێوەیەکی جیاواز هەڵسوکەوت لە گەڵ ژنان دەکەن. ئەم نەرمی نواندنە بەرانبەر بە ژنان لە ئینگلتەرە بە پیاوەتی " سوار چاکان (Chivalry) "ناسراوە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە دادگاکان فاکتەری وەک سکپڕی وماڵبەڕێوەبردن و بەخێوکردنی مناڵ کە تایبەتن بە ژنان دەگرنە بەرچاو [Moore, 1996:165] .

ڕاپۆرتی [Women in Custody2003-online] وانیشان دەدات کە ژنان کەمتر لە پیاوان دەگیرێن یان کاری کۆمەڵایەتیان بەسەردا دەسەپێت بۆ سەرپێچییە بچوکەکان[9] وە هەروەها کەمتریش غەرامە دەکرێن و لەزیندان توند دەکرێن. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا Carlen(1985) ئەوەی بۆدەرکەوت کە گەرچی دادگاکان کەمتر غەرامەی ژنان دەکەن چونکە زۆربەیان لەلایەنی ماددییەوە هەر وابەستەی پیاون و خاوەنی سەرچاوەی دەرامەتی خۆیان نین، بەڵام لە لایەکی ترەوە ژمارەیەکی هەرچی زیاتریان لێ ڕەوانەی زیندان دەکەن.

فێمینیستەکان لەو باوەڕەدان کە ژنان دوچاری هەڵسوکەوتێکی دووفاقە دەبنەوە لەلایەن دادگاکانەوە، وەک (Cavadino &Dignan ١٩٩٧:٢٨٠) دەڵێن:"ئەو ژنانەی کە تاوانێک ئەنجامدەدەن وەک دووجار تاوانبار سەیر دەکرێن، چونکە ئەوان تەنها سەرپێچییان نەکردووە لە یاسا بەڵکو سەرپێچیشیان کردووە لەو داب و نەریتە قووڵە کۆمەڵایەتیانەش کە داسەپێنراون بەسەر ژنداو واڕادەگەیەنن کە ژنان دەبێت بە جۆرێکی تایبەت هەڵسوکەوت بکەن"، لەم نێوەشدا ژنان دووچاری مافزەوتکردنێکی دیکە دەبنەوە.

لەلایەکی تریشەوە دەکرێت بڵێین کە ئەو ژمارە کەمەی ژنان کە ڕەوانەی زیندان دەکرێن جارێکی تر ڕووبەڕووی نەهامەتی دەبنەوە چونکە لەبنەڕەتدا زیندانەکان بۆ پیاو دروستکراون نەک ژن. پێویستییە پاکژی و تەندروستییەکانی ژنان لەو شوێنانەدا کەمتر دابین دەبن، کە ئاشکرایە ژنان بەهۆی سروشتی دایکایەتی و مناڵبون و خولی مانگانەوە (العادە الشهریە) زۆر لەپیاوان زیاتر پێویستیان بە چاودێری تەندروستی هەیە. لەبەرئەوەی کە ژمارەی زیندانییە ژنەکان کەمن، ژمارەیەکی کەمیش زیندانی تایبەت بە ژنان هەیە لە وولاتدا، لەبەرئەوە زۆر سەختە بۆ کەسوکاریان کە مەودایەکی دوور ببرن و زوو زوو سەردانیان بکەن، بۆ مناڵەکانیان بگرە سەختریشە [Cavadino & Dignan 1997:285] .

---

[9] پێویستە بوترێت کە ئەم باسە لە بنەڕەتدا بە زمانی ئینگلیزی و دەربارەی کۆمەڵگای بەریتانی نوسراوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە زۆربەی هەلومەرجەکانی تایبەت بە ژنان گشتین بەپێویستم زانی خوێنەری کوردیشی پێ ئاشنا بکەم. (نوسەر)

ژن و تاوان: جیهانێکی وون

له هەموو تێکستە تیۆرییەکانی کریمینۆلۆجیدا ژنان بەرەو پەراوێز ڕاپێچکراون، له نوسەرە مارکسییەکانی وەک چامبڵیس و هۆڵەوە بیگرە هەتا فەنکشناڵیستەکانی[10] وەک دورکهایم و مێرتن و سەبکەڵچەریستەکانی[11] وەک قوتابخانەی شیکاگۆو کۆهین و داونس وە لەیبڵیستەکانی[12] وەک بێکەر.

هیچیان کێشەی تاوانی ژنانیان ڕوون نەکردۆتەوە و تەنها باسێک کە گفتوگۆیان لەسەر کردووە دیاردەی لەشفرۆشییە .

نکولی لەوە ناکرێت کە زۆربەی سەرپێچیکەران نێرینەن، له بەریتانیا ئامارە ڕەسمییەکان وا نیشاندەدەن کە ٨٠% ی تاوانباران له ڕەگەزی نێرن، بەڵام ئەوەی سەیرو سەرنجراکێشە ئەوەیە کە ٢٠% کەی تریان پشتگوێخراون و کەس باسیان ناکات [Moore et al., 2002:254 ] .

فرانسیس هایدنسۆهن (١٩٨٩) دەڵێت زانستی کریمینۆلۆجی هاوچەرخ " قۆرخی پیاوانە" واتە پیاوان یان ووردتر بڵێین ڕەگەزی نێر بەتەواوی کۆنترۆڵیان کردووە بەسەریدا. هایدنسۆهن هۆکاری ئەوە دەگێڕێتەوە بۆ چوار هۆ:

1. زۆربەی سەرپێچیکەران و تاوانباران پیاون، لەبەرئەوە کریمینۆلۆجیستەکان لەو باوەڕەدابوون کە له زۆرایەتی بکۆڵنەوە باشترە وەک له کەمایەتی.

2. زۆربەی زانایانی کۆمەڵناسی و کریمینۆلۆجی پیاون، هەر لەبەرئەوەیە کە تیۆری و بیردۆزەو نوسینەکانیان ئاوێنەی بیروڕای نێرینەن و بەرژەوەندییەکانی نێرینە ڕەچاو دەکەن.

3. بۆ توێژەوەرە پیاوەکانیش وا ئاسانە کە باسەکانیان لەسەر پیاوان ئەنجامبدەن تا ژنان، بەتایبەتی ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەی مەیدانی ئەنجامدەدەن و زۆرجار ناچارن کە لەگەڵیان بمێننەوەو لەتەک ئەواندا لەو ژیانە گۆشەگیرەیاندا چەندەها ڕۆژو شەو بگوزەرێنن .

4. تیۆرییەکانی تاوان لەبنەڕەتدا بەرانبەر ڕەگەز کوێرن واتە تەنها یەک ڕەگەز دەبینن کە ڕەگەزی نێرینەیە. ئەو تیۆریستانە بەهیچ جۆرێک ڕەگەزی مێینەیان له هزردا نەبووە کە تیۆرییەکانیان دارشتووە، لەبەرئەوە کارێکی ئاسان نییە ئەو تیۆریانە بەسەر مێینەدا بچەسپێنن لەکاتێکدا خۆیان بۆ پیاوان نوسراون .

بەلەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو هۆکارانەی کە باسکران دەکرێت بڵێین کە تیۆرییەکانی تاوانی پیاوان بوون بە تیۆری تاوان بۆهەموان، ژن و پیاو .

بۆچی ژنان تاوان ئەنجامدەدەن؟

زانای کریمینۆلۆجی لۆمبرۆسۆ (١٩٠٩-١٨٣٥ ) وای ڕاگەیاندووە کە ئەو ژنانەی تاوان ئەنجامدەدەن له بارەی بایۆلۆجییەوە نائاسایین! ئەو ژنانە سنوری سێکسی خۆیان دەبەزێنن و زیاتر وەک پیاویان لێدێت تا ژن. ئەگەرچی بیروبۆچونەکانی لۆمبرۆسۆ لەلایەنی مێژوویەوە کۆنن و کەمتر حیسابیان بۆدەکرێت، بەڵام خۆ هەتا ئێستاش گەران بەدوای هۆکاری بایۆلۆجیدا بۆ تاوان بەگشتی و بۆ تاوانی مێینە بەتایبەتی ڕەواجی خۆی هەیە .

---

[10] Functionalism : قوتابخانەیەکە له کریمینۆلۆجیدا کە لەو باوەڕەدان هەموو دامودەزگا کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی و ئاینیی و پەروەردەیی و هتد... پێکەوە وەک ئەندامەکانی لەشی یەک مرۆڤ کاردەکەن و هەرکامێکیان پەکیان بکەوێت کاردەکاتە سەر هەموویان.

[11] Subculturists : ئەم قوتابخانەیە لەو باوەڕەدان کە چین و توێژە کۆمەڵایەتییە هەژارەکان ناتوانن له گەڵ کەلتوری باوی کۆمەڵگادا لێکبێن هەر لەبەرئەوەیە کە ناچاردەبن کولتوری لاوەکی بۆخۆیان لێکبهێنن.

[12] Labelism : ئەم قوتابخانەیە لەو باوەڕەدان کە خەڵکی بەپێی ئەو مۆرکە هەڵسوکەوت دەکەن کە کۆمەڵگا پێوەیان دەنێت.

Cowie, Cowie &Slater (1968) دەڵێن کچان زیاتر لە کوڕان دەتوانن خۆڕاگربن لەبەردەم فشارە دەوروبەرییەکان و ژیانی ناشاد و پڕ کێشەی ناو خێزاندا. بە پێی ئەم بۆچونە کوڕان ئاسانتر بەرەو دەریای تاوان هەڵدەخلیسکێن، لەکاتێکدا کچان لەماڵەوە هەلومەرجەکە قوبوڵ دەکەن. ئەوان لەم بیروبۆچونەیاندا زیاتر پێدادەگرن و دەڵێن گوایە تاوان پەیوەندی هەیە بە تەرازوی هۆرمۆنەکانەوە لە لەشداو هەروەها بە جیاوازی کرۆمۆسۆمەکانەوە لە نێوان نێرو مێدا .

یەکێکی تر لە بۆچونە بایۆلۆجییەکان بۆ تاوانی ژنان تەنگەشەی پێش خولی مانگانەیە کە بە (Premenstrual tension PMT)ناسراوە، ئەم تەنگەشەیە لەلایەن تاواندراوەپاڵە مێینەکانەوە وەک بەرگرییەک دەرکەوت لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردودا. بە پێی ئەو بیروڕایە گوایە ژنان لەکاتی خولی مانگانەدا بە شێوەیەکی ژیرانە هەڵسوکەوت ناکەن و ئەمەش پاڵیان پێوە دەنێت بەرەو ئەنجامدانی تاوانی وەک دزی لە دوکان و بازاڕەکان و کوشتنی کۆرپەلە.[ Lawson & Heaton, [202:1999

زۆر لە توێژەرەوان لەو باوەڕەدان کە پیاوان لە ژنان زیاتر تاوانی دزی ئەنجامدەدەن بەڵام چونکە ژنان لەم مەیدانەدا کارامە نین زیاتر دەکەونە بەر هەڵمەتی پۆلیس و کارەکانیان بە ساویلکەیی و ئاشکرایی ئەنجامدەدەن. بەڵگەش بۆ ئەوە تاوانە گەردنسپییەکانە[13] لەم تاوانانەدا ژنان زۆر بەکەمی بەرچاودەکەون، ئەگەرچی زۆر لە لێکۆڵەرەوان هۆکاری ئەو دەرنەکەوتنە دەگێرنەوە بۆ ئەوەی کە هەتا ئێستاش ژمارەیەکی کەم ژن لە پۆستە هەرە بەرزەکاندا دەبینین.

پۆلاک (١٩٥٣) لەوباوەڕەدا بوو کە ژنان لەپیاوان زیاتر گیانی تاوانبارییان تیایەو گوایە ئامارە ڕەسمییەکان خاتریان دەگرن و تاوانەکانیان ئاشکرا ناکەن. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە هۆی ئەم خواستی تاوان ئەنجامدانە لەلای ژنان دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی سایکۆلۆجی مێینە، پۆلاک دەڵێت: "ژنان دەتوانن سروشتی تاوانبارییان بشارنەوە هەروەک چۆن دەتوانن ساختە بکەن لەدەربڕینی تێربونی ئارەزووە سێکسییەکانیاندا (Fake orgasm) ". [Heidensohn, 1989:88]

لێکدانەوە بایۆلۆجی و سایکۆلۆجییەکان بۆ تاوانی مێینە گەلێک ڕەخنەیان لێگیراوە چونکە ئەوان ڕەگەز لەگەڵ جیاوازییە سێکسییە بایۆلۆجییەکاندا تێکەڵ دەکەن. ڕەگەز و سێکس دەبێت وەک دوو چەمکی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، وەک هایدنسۆهن ( ١٩٨٩ :٨٨) دەڵێت :

سێکس پەیوەندی هەیە بە جیاوازییە بایۆلۆجییەکانی نێرو مێوە، بەڵام ڕەگەز پەیوەندی هەیە بە تایبەتمەندییە نێرینەی و مێینەیەکانەوە کە لەگەڵ پاوو ژندا دەگونجێن بەڵام نەک بەشێوەیەکی ڕەها. بەم جۆرە سێکس بنچینەیەکی بایۆلۆجی هەیە بەڵام ڕەگەز بنچینەیەکی کۆمەڵایەتی.

یەکێکی تر لە ئاستەنگییەکانی ئەم لێکدانەوانە مەسەلەی جێی متمانە بوونە، چونکە ئەگەر بەپێی لێکدانەوەکانی ئەوان بوایە دەبوایە ژنان زیاتر لەپیاوان لە تاوانەوە بگلانایە، بەڵام ڕاستی ئەنجامێکی ڕێک پێچەوانەی ئەوەی داوە بەدەستەوە .

یەکێکی تر لە لێکدانەوەکانی تاوانی ژنان تیۆری ڕۆڵی سێکسە، بە گوێرەی ئەم تیۆرییە مێینە کەمتر چاوەڕوانی تاوانیان لێدەکرێت بەهۆی سنورە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانەوە. ڕۆڵی کچان لە خێزاندا بەشێوەیەکی سەرەکی سەرپەرشتی و ئاگاداربوونە، ئەمەش زۆر دوورە لە توندوتیژی وتاوانەوە. کەوابێت هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کچان هاندەر نییە بەرەو تاوان. ویلیەمس (٢٠٠١ :٥٠٠) دەڵێت :

"بەهۆی جیاوازییە سێکسییەکانیانەوە، کچان و کوڕان تواناو ئارەزوی لێک جیاوازیان هەیەو ئەمەش لە ڕێگای چەندەها پرۆسەی ڕاهێنان و فێرکردنەوە ئاراستە کراوە و لە ئەنجامدا بووەتە هۆی دروستبوونی هەڵسوکەوتی لێک جودا".

---

[13] تاوانی گەردنسپی (White collar crime) بەو تاوانانە دەڵێن کە گەورەپیاوان و خاوەن کۆمپانیاکان و دەسەڵاتداران پێی هەڵدەستن و زۆر بەکەمیش تووشی لێپێچانەوە دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر لە تاوانی خەڵکانی تر گەورەترن.

مێینه هەر له منالییەوە دەکەونە چوارچێوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییەوە و لەوانەشە ئەو کۆنترۆڵە درێژە بکێشێت بۆ سەرتاپای ژیانیان. هاگن (١٩٨٩ ) دەڵێت چونکە ژنان بەزۆری لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێریدان له کۆمەڵگادا، کەمتر هەلی ئەنجامدانی تاوانیان هەیە، کەچی نێرینەکان هەمیشە وایان لێچاوەڕواندەکرێت که بەشداری لەو چالاکیانەدا بکەن که مەترسی تێدایە. ئەنجامدانی هەرتاوانێک پێویستی بە هەلێک هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، ڕۆڵی ژنان له کۆمەڵگادا هێندە دیاریکراوە و تەنگەبەرە که وەکو پیاوان دەرفەتی ئەنجامدانی تاوانیان نییە. لەگەڵ ئەوانەشدا ئەم ڕۆڵە سێکسیانە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی ترو له کولتورێکەوە بۆ کولتورێکی تر پێدەچێت بگۆڕێن، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین که تاوانی مێینە زۆر لەوە ئاڵۆزترە که بە چەند پێشبینییەک ڕوونبکرێتەوە، وەک ویلیەمس دەڵێت :

" دەکرێت بوترێت که پرۆسەی پەروەردەو بەخێوکردن بۆ چەندەها نەوە ئەو جیاوازییە سێکسییانەی که له ڕاستیدا بچوک و کەمبایەخن له نێوان نێرو مێدا هێندە بەهێزو توندوتۆڵ کردووە تا ئەو ڕادەیەی که زۆر سەختە بتوانین ئەوە دیاری بکەین که کامیان، ئەگەر یەکێکیان بێت، له کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و جینەتیکییەکان که کاریگەری سەرەکی هەیە لەسەر ئەو جیاوازییانە] Williams, 2001:491 [ ".

ئادلەر (١٩٧٥) وا ڕادەگەیەنێت که ئازادی ژنان و سەرهەڵدانی فێمینیزم بووە هۆی زیاد بوونی ڕادەی تاوانی ژنان. ئەو دەڵێت ڕزگاربوونی ژنان و مافی ژنان بووە هۆی ئەوەی که ژنان زیاتر له چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداربن ، ئەو بەشدارییە بووە هۆی ئەوەی که ڕادەی تاوانی ژنان له هی پیاوان خێراتر سەربکەوێت له ماوەیەکی دیاریکراودا، بە پێی بۆچونی ئادلەر. تەنانەت ئادلەر دەڵێت :

"ئازادی ژنان نەک هەر ژنانی کرد بە کارمەندی بانک، بەڵکو کردنیشی بانکبڕ."

[Heidensohn, 1989: 95]

ئادلەر بەهۆی ئەم بیرو بۆچونانەیەوە کەوتە بەر شەپۆلی توندی ڕەخنە، چونکە ئەنجامەکان وادەرناخەن که تاوانە شاراوەکانی ژنان له هی پیاوان زیاتر بن. لەلایەکی تریشەوە زۆر ئەستەمە بەشێوەیەکی میسۆدۆلۆجیکی ئەوە تاقیبکەیتەوە- چۆن و بە چ پێوەرێک ڕادەی ڕزگاربوونی ژنان دەپێویت؟ [Steffensmeier: 1978 ]

فێمینیستەکان چۆن تاوانەکانی ژنان لێکدەدەنەوە؟

لەگەڵ سەرهەڵدانی فێمینیزمدا له سالانی حەفتاکاندا پرسیار دەربارەی تاوانەکانی مێینەش دەرکەوت. فێمینیستەکان بە لێکدانەوەکانی کریمینۆلۆجیستە باوەکان ڕازینەبوون، ئەگەرچی خۆیشیان ڕاستەوخۆ نەیانتوانی کریمینۆلۆجی تایبەت بەخۆیان پێکبهێنن. هەروەک چۆن فێمینیستەکان لەنێوان خۆیاندا بەسەر چەندەها گروپ و قوتابخانەدا دابەش بوون، کریمینۆلۆجیستە فێمینیستەکانیش بەهەمان شێوە چەندەها هەڵوێستی تیۆری و سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەیەک جودایان گرتەبەر .

فێمینیستە لیبراڵەکان بانگەشە بۆ ئەو لێکۆڵینەوانە دەکەن که هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ دەگرنە خۆ. ئەوان دەڵێن ژنان له باس و توێژینەوەکاندا لەبیرکراون، ئێمە پێویستیمان بە تیۆرییەکی نوێ هەیە که هەموان: نێرو مێ بگرێتە خۆ. برایسن دەڵێت:

"بەرژەوەندییە ڕەگەزییەکان بۆ هەتاهەتایەو بەشێوەیەکی چەسپاو دژی یەک نین، ئەمەش بوار بۆ ئەو بۆچونە جێدەهێڵێت که چەمکی " ژن" و "پیاو" یش هەمدیسەوە چەسپاوو بێگیان نین. بەم جۆرە کەسایەتی دژ بە بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەڵسوکەوتی توندوتیژ که ئێستا لکاون بە ڕەگەزی نێرینەوە بەشێک نین له پێکهاتەی بایۆلۆجی ئەوان، دەکرێت زۆر لەو خورەوشتانە بگۆڕرێن هەروەها ژنانیش دەتوانن زۆر لایەنی پۆزەتیفی نێرینە پیادەبکەن وەک ئازایی و خۆڕاگریی ".

[Bryson, 1999:215-216]

فێمینیستە ڕادیکاڵەکان دەڵێن ئاستەمە بتوانیت له تاوانی مێینە تێبگەیت هەتا ئەوکاتەی له ڕوانگەیەکی مێینانەوە دەیبینیت. ئەوان زیاتر پێدادەگرن لەسەر بیروڕا ڕادیکاڵییەکانیان و دەڵێن: نێرینەیی واتا تاوانباری و

مێینەیش واتا گونجان و لەسەرخۆیی. هایدنسۆهن جەخت لەسەر ئەو خاڵەدەکاتەوە و دەڵێت: "نێرینەییش لانی کەم ئەوەندەی مێینەیی پێویستی بە لێکدانەوە هەیە، لەڕاستیداو لە بارەی لۆجیکییەوە تەنانەت کێشەیەکی گەورەتریشە. لەبەرئەوەی نێرینەیی لەگەڵ تاوان و سەرپێچیدا هاوشانە لەکاتێکدا مێینەیی لەگەڵ میهرەبانی و لێبوردوویی ".

[Heidensohn, 1989: 97]

فێمینیستە سۆشیالیستەکان دەڵێن کێشەی نێرینەیی و مێینەیی تا ئەو ڕادەیەی کە پەیوەندی بە تاوانەوە هەیە تەنها لەو کۆمەڵگایانەدا بوونی هەیە کە دابەش بوون بەسەر چین و توێژی جیاجیادا و سێکسیزم بەرقەرارە [ . More et al., 2002:257 ]

سۆشیالیستەکان بیروڕاکانیان لە بیروڕای فێمینیستە لیبراڵەکانەوە نزیکە چونکە هەردوولایان لەو باوەڕەدان کە کۆمەڵگایەک بتوانێت مافی یەکسان بۆ هەردوو ڕەگەزەکە دابین بکات، جێگایەکی شیاوە بۆ هەموومان. لەهەمانکاتدا هەردوولایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەرژەوەندییەکانی ژن و پیاو لە بنچینەدا دژ بەیەک نین. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین کە تاوانی وەک دەستدرێژییە سێکسییەکان لەژێر سایەی هەر سیستەمێکی ئابوریدا بیت هەر ئەگەری هەیە .

فێمینیستە پۆستمۆدێرنەکان دەڵێن ئەو گوتارەی کە دەڵێت " زۆربەی تاوان تاوانی نێرینەیە" کێشەی نێرینە خۆیانە. ژنان دەبێت لەوە بکۆڵنەوە کە بۆچی ژنان بە هەموو شێوەیەک ئازاردەدرێن و هەمیشە مافەکانیان زەوتدەکرێت .

ئاشکرایە کە ژنان لە زۆر بۆنەدا قوربانی تاوانن، ئەگەرچی گۆڕانکارییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لە ڕۆڵی سێکسەکاندا ] Dendcombe, 2001 [ وای لە ژنان کرد کە زیاتر لەچالاکی دەرەوەی ماڵدا بەشداری بکەن و هەڵسوکەوتی خۆخستنە مەترسییەوە پەیڕەوبکەن. ئەمەش تاڕادەیەک لەوانەیە بێتەپشتگیرییەک بۆ ئەو بۆچونەی کە سەرکەوتنی ڕادەی تاوانی مێینە لەم ساڵانەی دواییدا دەگێڕێتەوە بۆ ئەو چالاکیانە. مورو هاوڕێکانی دەڵێن:

" ڕادەی تاوانی مێینە زۆر لە هی نێرینە خێراتر سەر دەکەوێت، نەک تەنها لە بارەی چەندایەتییەوە بەڵکو لەبارەی چۆنایەتی ئەو تاوانانەشەوە کە ئەنجامدەدرێن". ] [٢٠٠١: ٢٥٧ دیارە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێستا ڕێژەی تاوانی مێینە زیاترە، بەڵکو مەبەستیان تەنها سەرکەوتنێکی خێرای ڕادەی تاوانی ژنانە لە ئامارەکاندا لە چاو ڕابوردودا.

دەرئەنجام

توێژینەوەو ئامارەکان وادەردەخەن کە هەتا ئێستا لە بواری تاوان و سەرپێچیدا ڕێژەی ئەو ژنانەی کە دێنە بەرچاو زۆر کەمترە لە هی پیاوان. هیچ تیۆرییەکی تایبەت یان توێژینەوەیەک نییە کە بەتەواوی بتوانێت کێشەی تاوان و هۆی ئەو جیاوازیانە دەستنیشان بکات، چونکە مەسەلەی تاوان خۆی لەخۆیدا زۆر لەوە ئاڵۆزترە. ژنان ئەگەرچی زیاتر وەک قوربانی تاوان دەبینرێن بەڵام لە هەمانکاتیشدا ژنان وەک تاوانبارو تاواندراوەپیاڵیش دەبینرێن لە تاوانی گەورەو بچوکدا. ڕێژەی تاوانی ژنان لەگەڵ هی پیاودا بەرانبەر ناکرێن و زۆر لاسەنگە، لەگەڵئەوەشدا کە لەم ساڵانەی دوایدا ڕادەی تاوانی ژنان بەخێرایی بەرەو سەرچوو لەچاو ڕابوردودا .

کۆمەڵگا بەردێکی بێ جوڵەو چەسپاو نییە بەڵکو بە پێچەوانەوە هەمیشە لە باری گۆڕان و گەشەکردندایەو هاوکێشەکانیش قابیلی گۆڕانن. بەڵام ئەوەی گرنگە و جێگای بایەخە ئەوەیە کە مرۆڤەکان ژن بن یان پیاو تووشی لادان و هەڵە دەبن و پێویستە هەوڵبدرێت بۆ گێڕانەوەیان بۆ سەر ڕێگای ڕاستی کۆمەڵگاو و هەمیشە مامەڵەیەکی مرۆڤانەیان لەگەڵدا بکرێت. دیارە ئەو ئەرکەش پێویستی بە هاوکاری و هاوئاهەنگی ژن و پیاو هەیە بەرەو کۆمەڵگایەکی دوور لە هەڵاواردنی سێکسی و نایەکسانی مرۆڤەکان.

* خوێندکاری بەشی کریمینۆلۆجی
لە پەیمانگای لانکەشێری خۆرهەڵات
بۆ خوێندنی باڵا
شانشینی یەکگرتوو

لە گۆڤاری تەواردا بڵاوکروەتەوە
parsendow@hotmail.com

## سەرچاوەکان

Bibliography

Bryson, V. (1999) *Feminist debates: issues of theory and political practice*. 1st edition, London: Macmillan Press Ltd.
Cavadino, M., & Dignan, J. (1997) The *penal System*. 2nd edition, London: Sage Publications Ltd.
Doherty, M., (1998) *Sourcebook- Criminology*. 1st edition, London: Old Bailey Press.
Cross, I., and Olowe, T. (2003) *Prison Population Brief: England and Wales. November 2003*. [Online]
Available from:
http://www.homeoffice.gov.uk/rds/pdfs2/prisnov03.pdf
Accessed: 24 May 2004

Downes, D., & Rock, P. (1998) *Understanding Deviance: a guide to the sociology of crime and rule breaking*. 3rd edition, Oxford: Oxford University Press.
Heidensohn, F. (1989) *Crime and Society*. 1st edition, London: Macmillan Press Ltd.
Lawson, L., &Heaton, T. (1999) *Crime and Deviance*. 1st edition, Hampshire: Palgrave.
Moore, S. (1996) *Investigating Crime and Deviance*. 2Nd edition, London: Collins Educational.
Moore, S., et al. (2002) *Sociology for A2*. 1st edition, London: Collins.
Williams, K., S., (2001) *Textbook on Criminology*. 4th Edition, Oxford University Press: Oxford
Women in custody, Statistics on Women and the Criminal Justice System 2003: A Home Office publication under Section 95 of the Criminal Justice Act 1991 (11.3.04)
Available from:
http://www.homeoffice.gov.uk/rds/pdfs2/s95women03.pdf
Accessed: 24 May 2004

## بەریتانیا تا ئەمڕۆ دەستوری نییە!

مەسەلەی دەستور ئەمڕۆ بووە بە مەسەلەی ڕۆژ و لەهەموو میدیاکان و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت و کۆڕو کۆمەڵ و مەجلیسێکدا باسی دەکرێت. من نامەوێت جارێکی دیکە ئەو قسەو باسانە دوبارە بکەمەوە کە لەسەر دەستوری هەمیشەیی عێراق لێرەو لەوێ کراون و دەکرێن. بەڵکو دەمەوێت


The House of Lords

سەرنجتان بۆ ڕاستییەک ڕابکێشم کە بەریتانیا تا ئێستا دەستوری
نییەو کارو باریشی، وەک دەبینن هەر بەوپەڕی باشییەوە دەڕوات!

پێشەکی پێویستە ئەوە بزانین کە بەریتانیا لە ئینگلتەرەو وێڵز و سکۆتلەند پێکهاتوەو ئەگەر ئیرلەندای باکوری لەگەڵ بژمێرین ئەوە دەبێت بە شانشینی یەکگرتوو (United Kingdom). بۆ مەبەستی یاسای ناوخۆو سیستمی دادوەری ئینگلتەراو وێڵز یەک یاسایان هەیە، بەڵام سکۆتلەند و ئیرلەندای باکور یاسای ناوخۆی خۆیان هەیە کە لە زۆر مەسەلەدا لێکجیاوازن، ئەگەرچی لە دەسەڵاتە باڵاکاندا هەموویان یەکدەگرنەوە. ئەوەی لەم باسەدا زیاتر تیشکی دەخرێتە سەر یاسای ئینگلتەرەو وێڵزە کە بە سیستمی یاسای ئینگلیزی ( English legal System ) ناسراوە.

کە دەڵێین بەریتانیا دەستوری نییە ئەی ئەو وڵاتە گەورەیە چۆن دەڕوات بەڕێوە؟ خۆ پاشاگەردانی نییە! سیستمی یاسای ئینگلیزی لە چەند جۆگەلەیەکەوە سەرچاوە دەگرێت. یەکەمین سەرچاوەیان یاسای پەرلەمانییە. یاسا پەرلەمانییەکان ئەو یاسایانەن کە لەلایەن حکومەت یان پەرلەمانتارە تاکەکانەوە پێشنیار دەکرێن و دەخرێنە بەردەم هەردوو ئەنجومەنی پەرلەمان کە ئەنجومەنی گشتی و ئەنجومەنی لۆردەکانن و دوای تاووتوێکردنیان پەسەندکردنیان پێویستە ڕەزامەندی شاهانەشیان بۆ وەربگیرێت لەلایەن خاوەن شکۆ شاژنەوە. ئەو پێشنیاری یاسایانە یەکەمجار لە ئەنجومەنی گشتیدا لێدوانیان لەسەردەکرێت و زۆربەی قسەوباس و شەڕەدەنوکەکانیان لەلایەن میدیاکانەوە ڕاستەوخۆ بڵاودەکرێنەوە. دوای ئەوەی ئەو ئەنجومەنە گۆڕانکاری پێویستی تێدا دەکەن و بەتەواوی گەڵاڵەی دەکەن دەیدەن بە ئەنجومەنی لۆردەکان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و پەسەند یان ڕەتکردنەوەی. ئەنجومەنی لۆردەکان، کە مێژوی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یازدەهەم، لە سیستمی یاسای ئینگلیزیدا زۆر جێگای مشتومڕو لێدوانە، چونکە ئەوان بە پێچەوانەی ئەنجومەنی گشتییەوە خەڵک لە هەڵبژاردن و دەنگدانی ئازاددا هەڵیان نابژێرێت بەڵکو ئەوان بەشێوەیەکی تایبەت و نهێنی دادەنرێن و زۆرجار مەرجی زۆر قورس و تایبەت هەیە بۆ دانانیان، بەتایبەتی بۆ لۆردە یاساییەکان . بەڵام لەگەڵ هەموو مەرجەکانیشدا هێشتا هەر کەس ناتوانێت خۆی بپاڵێوێت بۆ ئەو ئەنجومەنە؛ بەڵکو ئەو کەسەی کە بە پێوەری ئەوان شایانی ئەو پۆستەیە خۆیان دەچن بەدوایداو دیارە دەڵێن: مژدە تۆ بوویت بە لۆرد!

ئەنجومەنی لۆردەکان دەبێت بە دوو بەشەوە: بەشی سیاسی کە هەندێکیان هەر بە بنەماڵە بۆیان ماوەتەوە کە لۆرد بن و هەندێکی دیکەشیان پارتە سیاسییەکان دەیانپاڵێون بۆ ئەو پۆستەو هەر پارتە ڕێژەیەکی تایبەتی بۆ دادەنرێت و هەروەها کەنیسەکانیش قەشە پایەبەرزەکانی خۆیان دەپاڵێون بۆ ئەو ئەنجومەنە. ئەم بەشەی ئەنجومەنی لۆردەکان تا ڕادەیەک هەموو جۆرە کەسێک دەگرێتە خۆی وەک ژنان و کەمینە نەتەوەییەکان و ئەوانیش دەتوانن ببنە ئەندام تێیدا. بەشی دووەم، بەشی یاساییە کە پێیشیان دەڵێن لۆردە یاساییەکان. ئەم لۆردە یاساییانە بەرزترین دەسەڵاتی یاسایی پێکدەهێنن لە تەواوی شانشینی یەکگرتودا کە وێڵزو سکۆتلەندو ئیرلەندای باکوریش دەگرێتەوەو بەرزترین دادگای تێهەڵچونەوەش هەر ئەوانن و هەر بڕیارێک ئەوان پەسەندیانکرد ئیتر دەبێت بە یاساو خۆ هەر بڕیارێکی دادگاش ئەوان هەڵیانوەشاندەوە ئیتر بەهیچ جۆرێک کاری پێناکرێت. ئەم لۆردانە بەزۆری یان نزیکەی هەموویان پیاون؛ یەکەمین لۆردی ژن لە ساڵی ٢٠٠٤دا دوای مشتومڕێکی زۆر دانرا! هەمویان لە چینی ناوەندن، هەروەها کەسیان لە کەمینە نەتەوەیی و نەژادییەکانیش نین؛ واتە ڕەشپێست و ئاسیایی و خەڵکانی دیکەی خاوەن ڕەچەڵەکی جیاواز هەتا ئێستا نەیانتوانیوە توخنی ئەو بەشە بکەون، با گەلێک مەرجی دیکەشیان تێدا بێت. ئەم لۆردانە پێویستە دەرچوی زانکۆکانی ئۆکسفۆرد یان کامبریج بن و بۆ ماوەیەکی باش لە دادگاکاندا وەک پارێزەری پلەبەرزی ناو دادگا Barrister کاریانکردبێت. پێدەچێت وا بەڕاشکاوی نەوترابێت کە ژنان و کەمینە نەتەوەیی و نەژادییەکان و ڕۆڵەی هەژاران ناتوانن ببن بە لۆردی یاسایی، بەڵام هەتا ئێستا ئەو مەسەلەیە بەوجۆرەیە.

دوای پەسەندکردنی ئەو پێشنیاری یاسایانە لەلایەن هەردوو ئەنجومەنەکەوە پێشنیارەکان دەخرێنە بەردەم شاژن بۆ ئەوەی ڕەزامەندی شاهانەیانیان بۆ وەربگیرێت. لەڕاستیدا ئەو ڕەزامەندییە تەنها شتێکی ڕۆتینیە و بەشێکە

لە ڕوسمی ئەو وڵاتە ئەگینا لە مێژوی سیستەمی یاسایی ئەو وڵاتەدا تەنها یەک جار شاژنێک بڕیاری پەرلەمانی ڕەتکردۆتەوە ئەویش شاژن ئانێ بوو لەساڵی ١٧٠٧دا. بەگوێرەی بڕیارێکی پەرلەمان کە لەساڵی ١٩٦١دا پەسەند کراوە پاشا یان شاژن تەنها سەردێری بڕیارەکانی دەخرێتە بەردەم و ئەویش بەبێ گومان ئەو پێشنیارانە قبوڵ دەکات کە ماوەیەکی دورودرێژە لەلایەن هەردوو ئەنجومەنی پەرلەمانەوە مشتومڕیان لەسەر دەکرێت.

دوای ڕەزامەندی شاهانەش ماوەیەکی بۆ دادەنرێت کە دەستبکرێت بە جێبەجێکردنی و زۆرجاریش تەنها لەچەند ناوچەیەکی وڵاتدا دەست دەکەن بە جێبەجێکردنی ئەزمونگەری و ئەگەر بزانن لە بەرژەوەندی گشتی نییەو کێشە و ئاژاوەی لێدەکەوێتەوە و خەڵکانێکی زۆر نارەزایی دەردەبڕن و پرۆسەی جێبەجێکردنەکە بە ئارامی ناڕوات، نایەن بە زەبری پۆلیس جێبەجێی بکەن؛ بەڵکو ئەگەری ئەوە زۆرە کە جارێکی دیکە بیدەنەوە بە پەرلەمان بۆ پێداچونەوەی یان هیچ نەبێت جێبەجێکردنەکەی دوابخەن بۆ کاتێکی دیکە.

سەرچاوەی دووەمی یاسای ئینگلیزی یاسای گشتییە. یاسای گشتی ئەو یاسایانەیە کە بەدرێژایی سەدان ساڵ دروستبوون لە ئەنجامی بڕیاری دادوەرە باڵاکانەوە لە کێشە و گرفتەکانی هاوڵاتیاندا. ئەو دادوەرانە کاتێک گەیشتونەتە دەرەنجامێکی گونجاو بۆ کێشەیەک بڕیارەکەیان بووە بە یاساو لە هەموو ئەو کێشانەدا کە پەیوەندییان بەو مەسەلەیەوە هەیە یان ڕێک لەو دەچن کاریان پێدەکرێت، وەک O’ Riorden دەڵێت:

"زۆربەی ئەو کێشانەی کە دێنە بەردەم دادگا لەو کێشانە دەچن کە پێشتر بڕیاریان لەسەر دراوە. پێدەچێت هەر ئەوەندە شێوەی تاوان هەبێت و هەر بەو شێوانەش ئەنجامبدرێن. ئەگەر وردەکارییەکانی دوو کێشە ئەوەندەی پێویست لەیەک بچن ئەوا لایەنی تاوانبارکەرو لایەنی بەرگری و دادوەرەکان لێدوان و بڕیارە یاساییەکانی ئەو کێشەیەی پێشو بەکاردەهێنن."

بەگوێرەی ئەم جۆرە یاسایە دادگا بەرزەکان بڕیاری دادگا نزمەکان هەڵدەوەشێننەوەو ناچاریان دەکەن کە پەیڕەوی ئەو بڕیارانە بکەن کە دادگا بەرزەکە لە کێشەیەکی وەک ئەوەدا داویانە. لە شانشینی یەککگرتوو ئەنجومەنی لۆردەکان بەرزترین دادگایەو تا ساڵی ١٩٦٦ تەنانەت دەبوا پەیڕەوو ملکەچی بڕیارەکانی پێشتری خۆیشیان بونایە. بەڵام لەو ساڵەدا Lord Chancellor کە لایەنی ڕەسمییەوە بەرزترین دەسەڵاتی یاسایی هەیە، لە بڕیارێکدا ئەو ڕێوشوێنەی هەڵوەشاندەوەو بڕیاریدا کە ئەنجومەنی لۆردەکان چیتر ملکەچی بڕیارە کۆنەکانی خۆی نابێت ئەگەر وا پێویست نەکات. [ Eliot, C., & Quinn, F 2002: 8 ]

ئەم بڕیارەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆمەڵگا هەمیشە لە باری گۆڕاندایە و یاساش پێویستە وەڵامدەرەوەی ئەو گۆڕانکاریانە بێت. وەک O’ Riorden دەڵێت:

" سیستەمی یاسایی ئاوێنەی ئەو کۆمەڵگایەیە کە ڕێکیدەخات. بەهەمان پێودانگ یاسا پێویستە بەردەوام دروستبکرێت و بگۆڕرێت ئەگەر بمانەوێت هەقخوازانەو ڕاست و دروست بن."

شایانی باسە کە بەروارێکی دیاریکراو نییە بۆ ئەو بڕیارانەی دادگا کە دەکرێت لە کێشەی هاوشێوەدا ئاماژەیان بۆبکرێت مەگەر ئەو بڕیارە لەلایەن دادگایەکی بەرزترەوە یان لەلایەن ئەنجومەنی لۆردەکان خۆیانەوە وەک بەرزترین دەسەڵاتی یاسایی هەڵوەشێندرابێتەوە. یاسای گشتی گەلێک لایەنی باشی هەیە وەک ئەوەی کە لە ژیان و بەسەرهاتی واقیعی خەڵکەوە هەڵهێنجراون و سەرچاوەیەکی باشی یاسان و کەمتریشیان کات دەوێت وەک لە بڕیارەکانی پەرلەمان. بەڵام لایەنی نێگەتیفیشیان هەیە وەک ئەوەی کە کێشەکان زۆر و جۆراوجۆرن و ململانێ لەنێوان مەسەلە کۆن و نوێکاندا سەرهەڵدەدات و پێدەچێت بڕیاری لاوازیش پشتی پێببەسترێت.

دوای پەیڕەوکردنی یاسای گشتی بۆ ماوەیەکی دورودرێژ پاشا گەلێک سکاڵای هاوڵاتیانی پێگەیشت دەربارەی ئەو شێوازانەی کە دادوەرەکان بڕیارە کۆنەکان بەسەر کێشە نوێکاندا دەچەسپێن. ئەوان ووتیان پەیڕەوکردنی یاسای گشتی دادوەری بەرجەستە ناکات و داوا لە پاشا دەکەین چارەسەرێک بدۆزێتەوە. پاشاش بڕیاریدا کە یاسایەکی نوێ پێکبهێنێت بە ناوی یاسای یەکسانی یان بە یەکچاو سەیرکردن Law of Equity. بەگوێرەی ئەو یاسایە دەبێت ئەو کەسەی کە کێشەکەی دەباتە بەردەمی چەند مەرجێکی تێدابێت وەک: بەیەکچاو

سەیرکردن قبوڵناکات کە هەڵەیەک بەبێ چارەسەرکردن گوزەربکات. هەروەها ئەوەی کە دێتە بەردەم یاسای بەیەکچاو سەیرکردن پێویستە بە دەستی خاوێنەوە بێت. ( واتە خۆی تاوانبار نەبێت و وەک کورد دەڵێت پاشڵی پیس نەبێت). [Duhaime's Law Dictionary (online) ]

لە کاتێکیشدا کە کێشمەکێش لەنێوان یاسای یەکسانی و یاسای گشتیدا ڕوبدات ئەوا یاسای یەکسانی دەیباتەوە. وەک Elliot & Quinn باسیدەکەن:

" لە ساڵی ١٦١٥دا کێشمەکێش لەنێوان یاسای یەکسانی و یاسای گشتیدا سەری هەڵدا لە کێشەی Earl of Oxford دا و مەسەلەکەیان بردە بەردەم پاشا بۆ بڕیار. پاشاش بڕیاریدا کە هەرکاتێک کێشمەکێش لەنیوان ئەو دوو یاسایەدا دروستبوو یاسای یەکسانی سەردەکەوێت" ئیتر لەو کاتەوە ئەو بڕیارە کارپێدەکرێت.

سەرچاوەیەکی دیکەی یاسای ئینگلیزی یاسای ئەوروپییە. لە ساڵی ١٩٧٣ وە کە شانشینی یەکگرتوو چووە ڕیزی کۆمەڵەی ئەوروپییەوە کاریگەری ئەو یاسایانە لەسەریان وەدەرکەوت. ڕون و ئاشکرایە کە ئەنجومەنی لۆردەکان بەرزترین دادگایە لە شانشینی یەکگرتودا و بڕیارەکانیان بڕیاری هەموو دادگاکانی دیکەی ئەو وڵاتە هەڵدەوەشێنێتەوە بەڵام لە لایەنی ڕەسمییەوە؛

" دادگای دادی ئەوروپی بەرزترین دادگایە لە سیستمی دادی شانشینی یەکگرتودا لەو کێشانەدا کە پەیوەندیان بە یاسای ئەوروپییەوە هەیە." [ O' Riorden, 2002:162 ]

ئەگەرچی گەلێک کێشەی دادگای شانشینی یەکگرتوو دەچێتە دادگای دادی ئەوروپی و گەلێک جاریش سەرکەوتن بەدەست دەهێنن بەڵام لە لایەنی پراکتیکییەوە ئەنجومەنی لۆردەکان هەر وەک بەرزترین دادگا ماوەتەوە. زۆر جاریش دادوەرەکانی ئەنجومەنی لۆردەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە نابێت هیچ دادگایەکی شانشینی یەکگرتوو بڕیارێک دەربکات کە پێچەوانەی بڕیارەکانی دادگای ئەوروپا بێت.

گەلێک پێشنیار خراوەتە بەردەم پەرلەمان بۆ دەستکاری کردن و چاککردنی سیستمی یاسای ئینگلیزی لەوانە:

- لابردنی ئۆفیسی Lord Chancellor کە سەرکردەی یاسادارشتنە و ئەو دادوەرەکان دادەنێت بۆ هەموو دادگاکانی بەریتانیاو وتەبێژی ئەنجومەنی لۆردەکانیشە.
- پێکهێنانی دادگایەکی باڵای شانشینی یەکگرتوو جیاواز لە ئەنجومەنی لۆردەکان.
- دورخستنەوەی لۆردە یاساییەکان لە پرۆسەی دارشتنی یاسا.
- دامەزراندنی لیژنەیەکی سەربەخۆ بۆ دانانی دادوەر بۆ دادگاکان.

ئەم پێشنیارانە دران بە لیژنەیەکی تایبەت بۆ تاوتوێکردنیان و لەسەر کێشەی لابردنی ئۆفیسی Lord Chancellor و دامەزراندنی دادگای باڵای شانشینی یەکگرتوو هەڵوێستەیان کردو کێشەکەیان گێڕایەوە بۆ ئەنجومەنی لۆردەکان بۆ پشکنینی زیاتر لە مانگی تەموزی ٢٠٠٤ داو دوای ئەوەش خرایە بەرنامەکانی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ وە بۆ ئەوەی جارێکی دیکەش ئەنجومەنی گشتی پێیدا بچێتەوە. [ What The Lord does- online] بەڵام دیارە تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی نییە.

شایانی باسە کە لە باری نەبوونی دەستوردا یاسای ئینگلیزی گەلێک کەلێن بەجێدەهێڵێت بۆ لێدوان و مشتومڕ و هەر ئەوەشە وایکردووە کە یاسا و بڕیارەکان بە چەندەها شێوەی لێکجیاواز لێکبدرێنەوەو دادوەرو پارێزەرە جیاوازەکان بە شێوەی جودا جودا شیکاریان بکەن. ئەم مەسەلەیە بواری تێهەڵچونەوەی زیاتری ڕەخساندوەو ئەمەش بۆ پارێزەرەکان کاری زیاتر وەبەردەهێنێت و پارەی زۆرتر هەڵدەرێژێت و بۆ تاکە کەسەکانیش ئەگەری بردنەوەی کێشەکان بەرفراوانتر دەکات.

## سەرچاوەکان:

1- DUHAIME'S LAW DICTIONARY [online]
Available from: http://www.duhaime.org/dictionary/dict-c.htm#C

2. Elliot, C., & Quinn, F., *English Legal System*. 4th Edition, Longman: Harlow, 2002.
3. Her Majesty's Stationary Office [Online]
Available from: http://www.hmso.gov.uk/
4. Martin, J., *English Legal System*. 1st edition, Hodder&Stoughton: London, 1997.
5.O' Riordan, J., *AS Law for OCR*. 1st edition, Heinemann: Oxford, 2002.
6. What The Lords Does (online)
http://www.parliament.uk/about_lords/what_the_lords_do.cfm

له گۆڤاری خاک ژماره ۱۰۰ ی ساڵی ۲۰۰۵ دا بڵاوکراوەتەوە.

# تاوانه یەخە سپییەکان

## تاوانی دەسەڵاتداران و دەوڵەمەندان

کاتێک باسی تاوان دەکرێت یەکسەر خەڵکیی دزی و پیاو کوشتنیان دێتە بەرچاوو لە هزریشیاندا وێنەی کەسێک دەکێشرێت پیسو چەپەڵ و دزێوو ترسناک کە لەناکاو پەلاماری کەسێک دەدات و دەیکوژێت یان رووتی دەکاتەوە و پارەی پێناهێڵێت. نکولی لەوە ناکرێت کە ئەوانە تاوانن و لە جۆری هەرە خراپی تاوانیشن. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئایا ئەو وێنەیە هەموو تاوانەکان دەگرێتەوەو هەموو تاوانبارەکانیش بەو شێوەیە دزێوو نەفرەتلێکراو دەکەونە بەر چاوی خەڵک؟

لەڕاستیدا تاوانەکان بە گوێرەی زانستی کریمینۆلۆجی دەکرێن بە دوو بەشەوە:

۱. تاوانە یەخە شینەکان: کە مەبەستیان تاوانی چینی کرێکارو هەژارانە و ئەو نێوەش لەوەوە هاتووە؛ چونکە بەشێوەیەکی گشتی پۆشاکی کارکردن رەنگی شینە. ئەم جۆرە تاوانانە بەشێوەیەکی گشتی هەموو تاوانە باوەکانی نێو کۆمەڵگای نەریتی دەگرێتەوە.

۲. تاوانە یەخە سپییەکان کە تاوانی کارمەندان و دەوڵەمەندان و گەورە پیاوان دەگرێتەوە و پێدەچێت ئەو ناوەش لە رەنگی سپی یەخەی کراسەکانیانەوە هاتبێت.

لەڕاستیدا گرنگی زۆر بە بەشی یەکەم دراوەو هەمیشە لەسەر زاری خەڵکەو میدیاکانیش زۆر بەپەلەن بۆ قۆزتنەوەی تاوانی هەژاران و کردنیان بە سەر دێڕی رۆژنامەکانیان. بەڵام بۆ جۆری دووەم چووەتە خانی تاوانە پەنهانەکانەوەو زۆر بەکەمی باسدەکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی و توێژینەوەی مەیدانی هەیە .

لە کوردستان زۆر جار لە بەرنامەی بەرنامەو کەشکۆڵ و بەرنامە کۆمیدییەکانی دیکەو و گۆڤاری سیخورمەدا باسی بەلوعە دزەکانمان دەبینی و دەبیست و بەرانبەر دەکران لەگەڵ تاوانی زۆر گەورەی گەورە پیاواندا کە نەکەسی لەسەر دەگیرێت و تەنانەت نەکەسیش بە تاوان دەیانناسێت. ئەم بەرانبەرکردنە لەڕاستیدا دەرککردنە بەو ڕاستییەی کە ئەوەی کۆمەڵگا بە تاوان ناسیویەتی و زەندەقی لێی چووە تەنها بەشی ئاشکرای تاوانە و بەشە پەنهانەکەی ناگرێتەوە .

ڕۆژانە هەریەک لەئێمە گوێبیستی هەواڵەکان دەبێت ئەم جۆرە هەواڵانە دەبیستێت بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکات کە تاوانێک ئەنجامدراوە؛

- بەهۆی دارمانی کانێکەوە ۳۵ کرێکار گیانیان لەدەستدا.
- منداڵێک لە حەوشەی نەخۆشخانەیەکدا لەنێو مەنۆڵێکدا خنکا.
- بەهۆی وەرگەڕانی شەمەنەفەرێکەوە ۱۰۰ کەس بوونە قوربانیی.
- کارمەندێکی پایەبەرزی بانکێک سەدان ملیۆن دۆلاری لوشدا.
- کوڕەکەی کۆفی عەنان بەشێکی باشی پارەی نەوتی عێراقی وە زەکات ناوبرد.
- جۆرج گەڵەوی ئەندام پەرلەمانی بەریتانیا لەبریتی پێداهەڵنانی سەدامدا شاباشی نەوتی ڕەشی وەرگرتووە.

- کرێکارانی پێشوی کارگەیەکی ئەزبێست هەموویان تووشی نەخۆشی هەوکردنی سییەکان و شێرپەنجەی سی دەبن.
- کەشتییەکی نەوت بەری گەورە لە نزیک کەنارەکانی ئیسپانیا شەبەقێکی گەورەی تێکەوت و ملیۆنان بەرمیل نەوت ڕژانە نێو دەریا.
- کۆمپانیایەکی گۆشتی مریشکی حەڵاڵ لە مانچستەر پیوی بەرازی تێکەڵ بە قیمەکەی کردووە.
- کۆمپانیایەکی مریشک فرۆش لە بەریتانیا کە لەهەموان هەرزانتر بوو ئاشکرابوو کە مریشکی تۆپیوی هەموو کێڵگەکانی کڕیوەتەوە بە نیۆی بەکارهێنانی بۆ دروستکردنی پەین، بەڵام بە مریشکی تەڕو تازە بەسەر مارکێتەکاندا دابەشی کردووە. ئەمانە تەنها مشتێکن لەخەرواری تاوانە یەخە سپییەکان.

ئایا ئەمانە تاوانن یان هەندێکیان کارەساتی لەناکاوو هەندێکی دیکەشیان کاروباری کارگێڕیی ڕۆتینین؟ ئایا ئەو زیانەی کە ئێمە لە ئەنجامی ئەم جۆرە تاوانانەوە لێماندەکەوێت گەلێک لە تاوانەکانی دیکە گرانتر و قورسترو زۆر جاریش ترسناکتر نین؟ ئایا زۆربەی ئەو تاوانانە نەدەکرا بەریلێبگیرێت و کەسێک یان کەسانێک لێیان بەرپرسیار نین؟

مردن یان زامداربوونی کرێکاران لەشوێنی کاردا دیاردەیەکی زۆر بڵاوە. لە بەریتانیا تەنها لەساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٤دا ٢٣٥ کارەساتی کوژەر تۆمارکراوە لەکاتێکدا کە لەساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٣دا ئەو ژمارەیە ٢٢٧ کەس بووە .

[HSE 2003/2004 (online)]ئەم داتایە ئەو کارەساتانە ناگرێتەوە کە دەبنە هۆی ئازارگەیشتن و زامداربوون وەک خلیسکان و کەوتن و پیاکەوتنی شت کە ٣٠.٦٦٦ کارەساتی لەو جۆرە لە ساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٤دا تۆمارکراوە[Ibid] .

وێلز ( ١٩٩٣) دەڵێت: "ئەو ڕوداوانەی دەبنەهۆی مردن، زامداربوون یان نەخۆشیی لەئەنجامی کەمتەرخەمیی یان گوێنەدان بە ڕێساو یاساکانی کارکردنەوە بە کارەسات و ڕووداوو تەنانەت کارەساتی جەرگبڕی سروشتیش ناوزەد دەکرێن[Croall, 1998:270] ".

تاوانە یەخە سپییەکان زۆر بەکەمی دەگەنە دادگاو کاتێکیش دەگەن زۆر کەمیان تووشی لێپێچانەوەی توند دەبن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەلێک هۆ کە لە سەروی هەموویانەوە سروشتی سیستەمی ئابورییە:

"لە کاتێکدا بەڵگەی زۆر کەم بەدەستەوەیە کە کۆمپانیا گەورەکان بە نەرمی مامەڵەیان لەگەڵدا کرابێت بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە کەمتر ئەگەری لێپێچانەوەیان هەیە. کۆمپانیا گەورەکان و لەڕاستیدا کەسایەتییە دەولەمەندەکانیش دەتوانن هەموو ئەو هێزو توانایەی کە لەبەردەستیاندایە بەکاریبهێنن بۆ بەرگرتن لە چونە بەردەم دادگاو بەکاریشی دەهێنن. خۆ ئەگەر برانە دادگاش لەوێ بەهەمان شێوە بۆ بەرگریکردن لەخۆیان بەکاریدەهێنن [Croall, 1992:52] ".

لەیاسای بەریتانیدا بۆ ئەوەی کەسێک بە تاوانی کوشتن تاوانباربکرێت پێویستە دوو مەرجی تێدابێت: یەکەم کوژرانی مرۆڤێک لە ژێر سایەی ئاشتیی تاجی شاژندا کە پێی دەڵێن Actus Reus و دووەمیش هەبوونی نیاز یان مەبەستێکی تاوانبارانە یا بیرۆکەیەکی گوناهبارانەیە لەو کارەدا کە پێیدەڵێن Mens Rea . کۆمپانیاکان لەکاتی مردنی کەسێکدا دەشێت بڵێن ئێمە هیچ نیازێکی تاوانبارانەمان نەبووە و کەوابێت تاوانبارنین بەڵام دابین نەکردنی هۆکارەکانی سەلامەتی و تەندروستی بۆ کرێکاران بەسە بۆ نیازی مێشکیان بۆ کوشتنێکی بێمەبەست .Manslaughter ویلیەمس دەڵێت:

"تەنها ئەو ڕاستییەی کە مەکینەو ئامێرەکان لە کارگەیەکدا ترسناکن و سەلامەت نین بەسە بۆ ئەوەی ئەو تاوانە بسەلمێت تەنانەت ئەگەر ئەوانەش کە لەو کارگەیە لێپرسراون هیچ نیازو مەبەستێکی ئازاردانی کەسیشیان نەبووبێت. تەنانەت ئەگەر هەر نەشیانزانیبێت کە ترسناکن. ئەوان پێویستە لەسەریان کەبزانن مەکینەو ئامێرەکان چۆنن و ئەرکی سەرشانیانە لەسەلامەتییان دڵنیابن.[Williams, 2001:66]".

تاوان بەشێوەیەکی کلاسیکی و نەریتی بە تاوانی توندوتیژی و دەستدرێژی ناسراوە کە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر کۆمەڵانی خەڵک وەک: ئیغتیساب Rape ، پیاوکوشتن، ڕووتکردنەوە، دزی و ڕاووڕوت، توندوتیژی نێو

خێزان و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا. ئەم تاوانانە بەخێرایی سەرنجی میدیاکان ڕادەکێشن و بە ئاسانی هەلومەرجی ناسراو بە ترس و تۆقین لە تاوان دروستدەکەن. بەڵام هەروەک بۆکس (١٩٨٣ ) دەڵێت : "ئەگەری مردنی کرێکاران بەهۆی هەلومەرجی کارەوە حەوتبەرانبەری ئەگەری کوژرانیانە بەهۆی پاوکوژانەوە ".

لەگەڵ ئەوەی کە لەوڵاتێکی وەک ئینگلتەرەدا یاساو ڕێسای زۆر دانراوە بۆ پاراستنی سەلامەتی کرێکاران و هاوڵاتیان و ئەگەر بسەلمێت کۆمپانیایەک مەرجەکانی سەلامەتی و تەندروستی کاری دابین نەکردوە فەرمانی ٢٠.٠٠٠ پاوەند سەرانەو ٦ مانگ زیندانیکردنی بەسەردا دەدرێت کەچی :

"تەنها ٣٣%ی مردن لەکاتی کارداو ١١% ی زامداربوون و ئازارگەیشتنی کرێکاران و ١%ی ئەو نەخۆشیانەی کە لەئەنجامی هەلومەرجی کارەوە ڕوودەدەن لێپێچانەوەیان لەگەڵدا ئەنجامدەدرێت [Whyte ". 2004:139]

لێکدانەوەی مارکسییەکان بۆ دیاردەی تاوانە یەخەسپییەکان ئەوەیە کە ڕژێمی سەرمایەداری خۆی ڕژێمێکی تاوانبارانەو تاوانزایە. سروشتی ڕژێمەکە، هەروەک ئەوان دەڵێن، لەسەر بناغەی چەوساندنەوەی کرێکاران و هەژاران دامەزراوەو تاکە ڕێگاش بۆ دەرچون لەم "زەلکاوی تاوانە" ژێرەوژوورکردنی ئەو ڕژێمەیە. ئەوان لەو باوەڕەدان کە ئەو یاساو ڕێسایانەی کە وادیارە بۆ پاراستنی کۆمەڵانی خەڵک دانراون لەڕاستیدا سەرمایەداران بۆ مەبەستی قازانج و بەرژەوەندی خۆیان دایانناون. بەڵام مارکسییەکانیش ڕەخنەیان لێگیراوە چونکە لەو دەوڵەتانەدا کە بەنێو سۆشیالیستی بوون ڕێژەی تاوان هەروەک دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان بووە [Moore, . 1996:82]

تاوانە یەخە سپییەکان دەکرێت بەسترێنەوە بە بیردۆزەی کێشمەکێشی مێرتنەوە . Merton) (ئەو لەو بیردۆزەیەدا دەڵێت کێشمەکێشی نێوان ئارەزوەکانی تاکەکەس و سنورداربونی تواناکانی دەبنە هۆی تاوان. ئاشکرایە کە ڕژێمی سەرمایەداری لەسەر بناغەی چاوچنۆکی و قازانجی زیاتر دامەزراوە. ئەوان لەپێناوی قازانجی زیاتردا بەرهەم زیاد دەکەن و ڕێوشوێنەکانی تەندروستی و سەلامەتی پشتگوێدەخەن:

"ئەو کێشمەکێشەی کە تاوانبارانی تاوانە یەخە سپییەکانی والێکردوە ئەو تاوانانە ئەنجام بدەن لەسەر بناغەی ئەو هەلومەرجە ئابوریانەیە دارێژراوە کە گەڕان بەدوای قازانجی زیاتردا لەهەموو شتێک گرنگترە [Lawson ". & Heaton, 1999: 134]

کۆمپانیاکان پاساو بۆ تاوانەکانیان دەهێننەوەو کەسایەتییەکان هەریەکەیان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیاکەی کاریکردووە نەک بەتایبەت بۆ خودی خۆی. بەڕێوەبەرە ناوەنجییەکان پێدەچێت بڵێن " ئێمە فەرمانی سەرو خۆمان جێبەجێدەکەین" و بەمجۆرە زنجیرەی لێپرسراوێتی وون دەبێت. هەورەها ڕەنگە بڵێن بازرگانی بازرگانییەو جەنگین لەپێناوی قازانجدا پاساو هەڵگرە[Croall, 1998:283] .

لایەنی تاریک و شاراوەی ئەم تاوانانە لەوێدا خۆی حەشارداوە کە ژمارەیەکی زۆر کرێکار بەشێوەیەکی نایاسایی و وەک دەڵێن "ڕەش" کاردەکەن. ئەو کرێکارانە کاتێک زامداردەبن و تووشی نارەحەتی و ئازاردەبن ئەو مەسەلەیە ناگەیننە شوێنی مەبەست و تەنانەت لەگەڵ دوکتۆرو نەخۆشخانەی فریاگوزاریدا درۆ دەکەن. ئەوان ئەگەر ئەو مەسەلە ڕابگەیەنن بێجگە لەوەی کە هیچ پاداشتێک وەرناگرن لەکارەکانیشیان دەردەکرێن و پێدەچێت لێپێچانەوەی دیکەشی بەدوادا بێت. تەنها لەکاتی مردنی ئەو کرێکارانەدا نەبێت کە مەسەلەکە ناشارێتەوەو هەردەبێت هۆکاری مردنەکە ڕوونبکرێتەوە.

لەکۆتاییدا دەکرێت بوترێت کە لە میانەی دادوەریی تاواندا گەلێک کەلێنی گەورە هەیە کە پێویستیان بە پڕکردنەوە هەیە چ لەسەر ئاستی دەوڵەتان و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئەم بوارەی یاسای تاوانکاری پێویستیی بە توێژینەوەی چڕوپڕو لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیەو پێویستە یاساو ڕێسای نوێ دابڕێژرێت لەپێناوی پاراستنی سەلامەتی و تەندروستی تاکەس و کۆمەڵگەدا. ئەوەش دیارە تەنها خەوو خەیاڵ دەبێت گەربڵێین نابێت هیچ مەترسییەک هەبێت و تاوان قەڵاچۆ دەکەین:

"ئامانجی ئێمە دامەزراندنی کۆمەڵگایەک نییە کە بە هیچ کلۆجێک مەترسی تێدا نەبێت بەڵکو کۆمەڵگایەکە کە مەترسییەکان بەشێوەیەکی گونجاو هەڵسەنگێنراون، تێیانگەیشتون و ڕێوشوێنی گونجاویان بۆدانراوە...

[A Strategy for Workplace Health and Safety−HSE (online)]

بەریتانیا
parsendow@hotmail.com

سەرچاوەکان:

Bibliography

A strategy for workplace health and safety in Great Britain to 2010 and beyond Health and Safety Executive. (Online)
Centre for corporate Accountability (2004): Promoting worker and public safety. (Online)
Croall,H., (1992) *White Collar Crime*. Buckingham: Open University Press.
Croall, H., (1998) *Crime and society in Britain*. Harlow: Longman.
Health and Safety Executive (HSE): Health and Safety Statistics Highlights 2003/04. (Online)
Lawson, T., & Heaton, T., (1999) *Crime and Deviance*. Hampshire: Palgrave.
Moore, S., (1996) *Investigating Crime and Deviance*. 2nd Edition. London: Collins Educational.
Williams, K., S., (2001) *Textbook on Criminology*. 4th Edition, Oxford University Press: Oxford.
Whyte, D., (2004) '*Regulation and Corporate crime*'. In Munice, J., & Wilson, D., (eds) Student Handbook of Criminal Justice and Criminology. London: Cavendish Publishing Limited.
Work Equipment and Machinery: Legislation. HSE (Online)





له گۆڤاری خاک ژماره ٩٦ ی ساڵی ٢٠٠٥دا بڵاوکراوەتەوه